هاوکاری

التضامن

ژمارە : ١٧ | ساڵی دووەم | ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە دەزگای گشتی چاپەمەنیو بڵاوکردنەوە دەری ئەکات | نرخی ٢٠ فلسە | ٨ی ئایار ١٩٧١

سەرەک بەکر سەرپە رشتی بیرەوەری لەدایک بونی پەیامبە ری مەزن ئەکات

ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابوردو سەرەکی ئەرمانـدە کـاك احمد حسن البـکر سەرپەرشتی ئەو کۆبونـەوە ئاینیەی کـرد بۆ بیرەوەری لەدایک بونی پەیامبەری مـەزن (محمد) درودی خوای لەسەر بێ لە مەزاری ئیمام ئەعظـەم ڕیك خرابو ٠

لەجیاتی سەرەك کۆمـار دکتۆر احمد عبدالستار جواری وەزیری دەوڵەت ئامادەبـو وە ووتارێکی خوێندەوە تیـای پیرۆزبای سەرکردەی گەل کاك احمد حسن البکری بەم بۆنـە پیرۆزەوە بە هەموان گەیاند ٠

دوای هیوای خواسـت دەسەلاتی خێرسەرکەوێـتو ڕێگای دلسوزئن ئاسان بێت بۆ گەیشتن بە مەبەستی خزمـەت کردنی گەلو ڕزگار کـردنی خاکی زەوت کراو ٠٠

بەدوای ووتارەکەی دکتـور جوارەیدا چەند وتاریکی تـر بەم بۆنە پیرۆزەوە خوێندرایەوە لەمانە ووتاری ریکخـراوی پارتـی بەعسی عـەرەبی شوشیالیست زۆر وتاری تر٠

ئا٠د٠ع



بەرپا بوونی شۆرشی کورد لەکوردستانی داگیرکراوی تورکیادا

زادەی

خۆپیشاندانی ئاشتـی خوازە ئەمریکیەکـان ڕژێمی سەرمایەداری ئەهێنێتە لەرزیـن



سەرەکی فەرماندە کاك احمد حسن البکر پێری لە کۆشکی کۆماری دا چاوی کـەوت بـەچەند دەزگایەکی نـوێی کۆمەڵەکانی وولات ٠ لەمانـە کۆمەڵی ئابوری حمادی وەزیری نەوتو سەرەکی کۆمەڵەکە ،لەمۆبنەیەدا چاو پێکەوتنەکـەی سەرەك کۆمارو سـەرەك و ئەندامـانی کۆمـەڵەکـە دەرئەکەوێت ٠

لە ئا ٠د٠ع وە

بەرپا بونی شۆرشی کورد

ئەنقرە ـ ٢٨ نیسان ـ ئەپ،وەزیری دادپەروەری تورکیـا (ئیسماعیل ئاژار) دەریخست کە تورکیا دوچاری شـۆرشی ملیونەها کورد بووە لە ویلایەتەروژهەلاتەکان ، کـە بەچەکی چیکوسلاوفاکی چەکدارن ٠

(ئاژار) ئـەم قسەیەی لەبەردەم پەرلەمانی تورکیـاوە کرد وەك بەرگری کردنێـك لەبریاری حکومەت بەسەپاندنی ئەحکامی عورفی لە سەرانسەری تورکیا باش ئەوەی کە تەنها لە ١٤ ویلایـەت کەدووانی هی گرتەوە ، سەپێنرابوو ٠

هەروەها (ئـاژار) ووتی : بزوتنەوەیێکی کوردی هەیە لـە تورکیـا ، ئەمەش دەزگایەکی گشتی کوردی سەربەخۆیە ، وەگرایە حکومەت هوصادەرەی هەبێ چـەکی چیکوسلوفاکی کردووە ، کە هی شۆرشگێرەکانە ٠

سەرەڕای ئەمانـش (ئاژار) ئاشکرای کرد کـە نێروەکانی ئەمن پارتێـگی کوردی یان دۆزیوەتەوە کە ئالاو پولی تایبەتی دروست کردووە بۆ دەولەتێکی کوردی ٠

ئەمەو (ئاژار) هێرشـێکی بردە سەر ئەوانەی کـە ناوی لێئەنان « کۆمـەڵی چەپڕەوی هەڵچو » و گوایە حکومـەت ناچار بووە قەلاچووتی ئـەم عەشائیرانە بگات کە هەڵکری بیروباوەری «ماوتسی تونگ»نو ئەیانویست حکومەت بروخێنن ، وەگوایە ئەمـانە لەدەرەوەی وولاتو بەتایبەتی لەناو فیداکارە عەرەبەکان لـە ڤەلەستین تەدریبیان کردووە لەسەرچەنگی پارتیزانانە ٠

ئەوەی شایەنی باسە کە لـە ڕۆژی دوێ شەممەی ڕبوورددو سەرەك بارزانی ، سـەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ، لە دوانێکا بۆ ڕۆژنامە نوسێکی ڕۆژنامەی (التآخی) ئاشکرای کرد کە جێگری سەرسورمانە ، لێپرسراوە تورکەکان بڵێـن هەندی سەرکردەی کورد لـە دەرەوەی تورکیا ئەم بزوتنەوەیە ئاراستە ئەکەنوە دەری خست کە ئەمە قسەیەکی نابەجێیەو دووبارە لە راستی ٠

⊙

پـەرلەمـانی هۆڵـەنـدە

لاهای (٢٩ ـ ئاژانـس) پارتی کرێکارانی هۆڵەنـدی بەربەرەکانی کەر لەئەنجـامی ئەم هەلبژاردنەی دووایید! بوو بەگەورەترین هێـز لـەپەرلەماندا توانی (٥) نوێنەری تری بگەیێنێتە پەرلەمان ٠

ئەم گەیشتنەشی لەسـەرحیسابی پارتی کاسولیـك و پارتی پرۆتستانت بووە ، وەبەمە ژمارەی نوێنەرەانی پارتی کرێکاران بوو بە (٣٩) نوێنـەر ئەوەی شایەنی یاسە پەرلـمانی هۆڵەندە لە (١٥٠) نوێنـەر پێکهاتووە ٠

نوێنـەری پـارتی کومونیستی ئەمریکا پشتگیری گەلی عەرەبو قیتنام ئەکات

« گـوزێ ڕێشتوروش »نوێنەری پارتی کۆمۆنیستی ئەمریکا ، لەچەژنی کرێکارانـدا ئاشکرای کرد هەموو هێـزە پێش‌کەوتن خوازەکانی ئەمریکا پشتگیری خەباتی زەحـەوەی عەرەب دژی دەست درێـژی ئیمپریالزمو سەهیونیـزم ئەکەن ٠

ناوبراو لەو کۆبونـەیدا جەماوەریە گەورەیەی لەشاری نیوێـورك بەبۆنـەی ڕۆژی کرێکارانی جیهانەوە بەسترا ووتی : پارتیەکەمان لەگـەڵ هەموو هیزە پێشکـەوتن خوازەکانی تری ئەمریکا خەبات ئەکەن لەپێناوی ئاشـتی و دژی دوژمنایەتی ئەمریکا لـە ڤیتنام ٠

« ڕیشتۆڕۆش » ئەو هیزە پێشکەوتن خوازانەی بانـگ کرد بۆ یەك خستنـەوەی ڕیزەکانیان و چون بەگـژ دەسەلاتی مونوپولیەکـانی ئەمریکادا ٠

تاس ٠ و٠ئا٠ع

کاك عماش سـەرۆکا یەتی کۆبونەوەیەکی گرنگ ئەکات بـۆ بڕیاردان لەسـەر بەرنامـەی بەرهەمی سالانی ٧١ـ١٩٧٢

ئەمرۆ کـاك صالح مهدی عماش جێگری سەرەك کۆمارو ئەندامـی ئەنجومـەنی سەرکردایـەتی شـۆڕش سەرۆکایەتی کۆبونەوەیەکـی ئەنجومەنی نەخشە ئەکـات بۆ ئێکوڵینەوەی ئەو یاداشتانەی سەبارەت بەرنامەی بەرهەمی سالانی ٧١ ـ ١٩٧٢ پێش‌کەش کراون ٠

ئا٠د٠ع

بیرەوەری لـەدایك بونی پەیامبەری خوای مەزن

دۆینی لەلایەن هەمـووموسڵمانەکانەوە یادی لەدایك بونی پەیامبەری خوای مـەزن (محمد) درودی خوای لێبـێ گرایەوە ٠ بەم بۆنە پـیرۆزەشەوە سجلی تەشریفاتی کۆشکی کۆماری کرایەوە ٠٠

گریشکو سەر لە بەغدا ئەدات

« مارشال گریشکو» وەزیری بەرگری یەکیتی سوڤیەت بەو داواکاریە ڕەسمیە قایل بـوە، کە ئاڕاستەی کراوە بۆ سەردان لە کۆماری عیراق ٠ خواستەکەبە ناوی فریق حماد شـەهاب وەزیری بەرگریەوە پێش‌کەش کراوە ٠

گریشکۆ لەو نامەیەدا بـۆفریق شەهابی ناردوە ووتویە : داواکاریەکەتان نیشانـەی پێشکەوتنی پەیوەندیەکـانی دۆستایـەتی نێوان هەردووولاتمانە ٠

مارشالی یەکێتی سوڤیەت زیاتر ووتویە : هەوڵ ئەدەم لە کۆتای ئەم ساڵدا بگـەمەوولاتە خۆشەویستە کەتان ٠

ئا٠د٠ع

خـۆ پیشـاندانی ئاشـتی خـوازە ئـەمریکاییەکـان ڕژێمی سەرمایەداری ئەهێنێتە لەرزیـن



لە ڕۆژی شەممەی ڕابردوەوە شارەکانی واشنتۆنو سـانفرنسیسکو شەپۆلی بەهـێزی خۆپیشاندان دای گرتونەتەوە٠ بە ڕادەیەك لێپرسراوەکـانی ئەمریکا ترسیان لەوە پەیـدا کردوە ، ئەم بارە بگوڕێ بـەشۆڕشـێکی چەکـداری خوێناوی ٠٠

بە تەنیا لە شاری واشنتۆن٠٠٠ر٢٠٠ بەشداری ئـەوخۆپیشان دانانەیان کردوە کە بۆ نارەزایی دەربرینـە دژی شەڕی ناڕەوای ئەمریکا لـەهندی چینی ٠٠

ئەوەشی دەسەلآت داریەتی ئەمریکای ترساندوە ، لـەوەی ئەم تورەیی دەربرینە لەناو گەلی ئەمریـکادا بگوڕێت بـەشۆڕشێکی خوێناوی ، ئەوەیەژمارەیەکی زۆری عـەسکریە دەرکراوەکان دەوریکی بـاڵاڵەو خۆپیشان دانانە دا ئەبینن٠

جا لەبەر ئەوە هیزەکـانی پولیسی ئەمریکا ئەمجـارە ،بەشیوەیەکی ترسناك تر ڕوو بەڕوی خۆپیشان دەرەکـان ئەبێت ٠ لە ڕۆژی چوارەمـی خۆپیشان دانەکاناو لەبەردەم وەزارەتی عدلی ئەمریکا زیاتـر لە هەزار کەس گیراون ، کـەلە گەڵ گیراوەکانی پێشـودا ئەگاتە هەشت هەزار گیراو ٠

تونـدترین شەڕی نێـوان پولیسو خۆپیشان دەرەکان لەبەردەم یارەگای کوتگریسـی ئەمریـکادا بو ٠٠ کـاتی خۆپیشان دەرەکان دەرگـاوپەنجەرەکانی بارەگاکەیـان دایە بەر بەردو دارو شـوشەشکاو ٠٠ وە هاواریان ئەکـرد بەکێشانەوەی هەموو هیزەکانی ئەمریکا لە ناو چەی هنـدی چینی ٠

سبەینێ وەفـدێکی بـەرزی فەرەنسا ئەگاتە بەغدا ٠

سبەینی سەعات نـۆی بەیانی وەفدیکی فەرەنسا بەسەرۆکایەتی (جورج گۆرس) ئەندامی پەرلمانی فەرەنساو وەزیری پێشوی ڕاگەیاندن لـە حکومەتەکەی ژنرال دیگـوڵدا ئەگاتە بەغدا ٠

سەردانی ئەم وەفدە لەعیراق شەش ڕۆژ ئەخایەنێو لـەو ماوەیەدا سەبارەت بەهاوکاری نێوان عیراقو فەرەنسـا لەڕوی پیشەسازی و بازرگانیو ئابوریو گەشتەوە گفتوگـو ئەکرێت ٠ بێجگە لـەوەی مەسەلەی توانای یارمـەتی دانی فەرەنسا لەنوێ کردنەوەی شاری بابلی مێژووی بەرچاو ئەخرێت ٠

دیسان وەفدەکە چاوی بـەجێگری سەرەك کۆمـارو وەزیرانی دەرەوەو ئابـوری و ڕاگەیاندنو نەوت ئەکەوێت ٠

ئا٠د٠ع

کورتە هەواڵ

● ئاژانسی دەنگو باسی چینی نوێ بڵاوی کردەوە کـە ـ شی نیگ خی ـ جێگـری وەزارەتی دەرەوەی چـین هەفتەی ڕابوردوو گفتوگـوی لەگەڵ وەفدی بزوتنـەوەی ڕزگاری فەلەستین‌دا کردوە ٠ بەبێ ئەوەی ئاژانسەکە دریژەی ئەو گفتوگویانە دیاری بکات ٠

● ئەلکسی کوسگین سەرەك وەزیرانی سوڤیەت لەگـەڵ مۆریس شومان وەزیـری دەرەوەی فەرەنسا گفتوگـوی کردوە٠ بێجگە لەو گفتوگویانەی لەوەبەر سەبارەت پەیوەندیەکانی فەرەنساو سوڤیەت لەنیـوان وەزیری دەرەوەی سوڤیـەتو فەرەنسادا کرابو ، ئـەوەی شایانی باسە شـۆمان لە دوو شەممـەی ڕابوردوەوە لـەمۆسکۆیە ٠

● جەنگاوەرە پێشینەکـانی ئەمریکا ئاشکرایان کردوە کە هیزەکانی ئەمریکا تاوانـی مرۆڤایەتی زۆریان بەرامبـەر گەلی ڤیتنام کردوە وە لەبەردەم بارەگای کونگریسی ئەمریکادا یەکیك لەو جەنگاوەرانە باسی ئەوەی کردوە چۆن دەستەیەك لە هیزکانی ئەمریکا گوندیکی ڤیتنامیان بە پیاوو ژنو منداڵەوە سوتاندوە ٠

Institut kurde de paris

ژمارە : ۱۷
۸ی ئایار ۱۹۷۱

یادی سەد ساڵەی کومونی پاریس

لە ۱۸ی مارتی ساڵی ۱۸۷۱ ی ز پرۆلیتاریاو کارگەرانی پاریس ، فەرەنسا دامو دەزگای رژێمی فەرمان رەوای بورژوازیە خاینەکانیان تێك داو یەکەم دەسەلاتی شۆڕشگێرانەی پرۆلیتاریایان لە مێژووی ئادەمیزاددا دامەزراند ئەویش کومونی پاریس بوو .

ئەم شۆڕشە مەزنەش یەکەم تەقەلای پرۆلیتاریا بوو بۆ روخاندنو لابردنی بورژوازیەکانو دامەزراندنی دیکتاتوری پرۆلیتاریاو گرنگیەکی مێژووی جیهانی هەیە .

وە لەو سەردەمەدا فەرەنسا تێشکا لەبەر دەم بروسیاداو میری بورژوازی خاینی فەرەنسا دەستی لەچەند هەرێمو ناوچەیەك هەڵگرتو ئەو زیانانەی بەهۆی جەنگەوە کەوتبوون بژاردیەوەو لەبەرابەر ئەمەدا بەئاگرو ئاسن میللەتی دەم کوت ئەکرد . لە سای سێیەمی ئەم بارە شڵۆقەداو گیروگرفتی ناوخۆو ناگۆکی چینایەتی لەزیاد بوون دابو پرۆلیتاریاو کارگەرانی پاریس هەڵسان بەڕاپەرینێکی چەکدارانەو رژێمی فەرمانڕەوای بورژوازیە کانیان روخاندو کومونی پاریسیان دامەزراند . کومون هەستا بەچەند چالاکیەك وەکو تێکدانی شیرازەی سوپای کۆنو دامەزراندنی هێزی چەکداری میللیو هەڵوەشاندنی رژێمە بیرۆکراتیە کۆنەکان کەچەکی دەستی میری کون بولە چەوساندنەوەی گەلدا .


مارکس نیشانی داوە کە : کومونی پاریس « بەرەبەیانی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی مەزنە بۆ رزگار کردنی ئادەمیزاد لە چنگ کۆمەڵی چینداردا هەتاهەتایە » .

بەڵام لەبەر ئەوەی پرۆلیتاریای فەرەنسا لەو کاتەدا زۆر بە هێزو پێ گەیشتو نەبووو لەلایەن حزبێکی مارکسیزمیەوە سەرکردایەتی نەئەکراو رابەرانی کومون پاریس دوای سەرکەوتنیان لە شۆڕشی ۱۸ی مارتدا بەردەوام نەبوون لە قەڵاچوو کردنی دوژمنو بنەبڕکردنی دەستەو دایەرەی تیری خاینو دەست بەخۆین سوورو کۆنەپەرستو پەلەی رەش بەناوچەوانی مێژووەوە . تیری خۆین رێژو دوژمنی ئادەمیزاد بەخۆیو دەستەو دایرەکەیەوە لە قەرسای کۆببونەوەو بەتەواوی کومونە دوژمنانی لە ناو بردو هاریکاری لەگەڵ جوتیاراندا نەئەکردو دەستی نەگرت بەسەر بانقی بورژوازیەکانی فەرەنسادا لە ئەنجامی ئەم هەڵانەو هیرشە درندەکانی دوژمنی ناوخۆو بێگانەوە ئەم شۆڕشە پیرۆزە لە بێشکەدا خنکێنراو سەری نایەوە . بەچکە شێرانی کومونەبەگیانێکی خەبات و خۆبەختکردنانە بەرگریان ئەکرد ... ئەو داستانە پر پاڵەوانەتیەی کومونەییەکان گێتی هێنایە لە رزینو بگرە دەست بەسەرسینگەوە کڕنوشی بۆ ئەبات و گرو کلپەی هەتا ابەتایە هەر لەخۆش بوون دایە .

لە سەردەمی شۆڕشی کومونی پاریسی مەزندا کارڵ مارکس بەدڵو گیان لایەنگیری هەڵوێستو تەقەلاکانی کومونەی دوای دوو رۆژ تێپەر بون بەسەر تێشکانی کومون پاریسدا مارکس لەبەراوە گرنگەکەی دا (جەنگی میللی فەرەنسا) باسی پاڵەوانیەتی بەچە شێرانی کومونی کردوە لەگەڵ پوختە کردنی تاقی کردنەوەکانیو سەبارەت بەچالاکی کومونەو دیکتاتوری پرولیتاریا مارکس نیشانی داوەکە :- « چینی کارگەران ناتوانێ بەئاسانی دەست بەسەر دەزگای دەوڵەتدا بگرێو بەتەنها بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکاری بهێنێ . » ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە پێویستە پرۆلیتاریا لەرێگای تووندو تیژی شۆڕش- گێرانەوە دەست بگرێ بەسەر دام و دەزگای دەوڵەتداو جیهازی دەوڵەتی بورژوازی وردو خاش بکاتو دیکتاتوری پرۆلیتاریا بنیات بنێ لە شۆڕی دیکتاتوری بورژوازی ئەمەش باوەڕی بنەرەتی کومون پاریسە . ئەوا خۆی لەسەد ساڵداو مارکسزمی راستەقینەو ریفێژیونیزمە نوێو کۆنەکان لەگێڕەو کێشەو بەرەنگاری بونی یەکتری دان سەبارەت بە مەسەلەی شۆڕشی پرۆلیتاریاو دیکتاتوری پرۆلیتاریا . مارکسیزمەکان باوەڕیان وایە کە دەست گرتن بەسەر دەسەلاتی دەوڵەت لەرێگای تووندو تیژی شۆڕش- گێرانەو تێك شکاندنی دەزگای دەوڵەتی بورژوازیو بنیات نانی دیکتاتوری پرۆلیتاریاو وە ئەبێتو تەنها رێگاشە زامنی رزگار بونی هەتا هەتایەی چینی پرۆلیتاریاو کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوەی گێتی ئەکات بەڵام ریفۆرمیزمەکان بەکۆنو نوێ یانەوە خیانەتیان کردوە بەرامبەر بەربواوەرەکانی کومونەو کەوتونەتە لێدانی باو باڵوزە بۆ (رێگای پەرلەمان) و (رێگای ئاشتی !!) و بەئاسوودەیی ژیان !!. لینینی مەزن ئالای مارکسیزمی بەرزکردەوەو خەباتێکی بێ ووچانی کرد دژ بە ریفێژیونیزمەکانی ئومەمیەی دووەمو سەرکردایەتی گەلانی روسیای کرد بۆ وەدەستهێنانی مەزنترین سەرکەوتن ، شۆڕشی ئۆکتۆبەری سوسیالیزم لەرێگای شۆڕشی تووندوتیژیەوە . شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەردەوامیو پەرەپێدانی تاقی کردنەوەکانی کومون پاریس بوو سەرەك ماوتوانی راستی مارکسیزمی - لینینیزمو پراکتیك لە شۆڕشی چیندا بکات بەیەکیو خروشا دژ ئینتیهازیەکانی دەستەی بەرەی راست وچەپ‌ڕەوو سەرکردایەتی گەلی چینی کرد لە خەباتی چەکدارانەی دریژخایەنی دیکتاتوری پرۆلیتاریا . شۆڕشی روشنبیری پرۆلیتاریای مەزن بە سەرۆکایەتی ماو تسی تۆنگ زیاتر بناغەی دیکتاتوری پرۆلیتاریای چەسپاندو پەرەی پێدا و تری کرد . شۆڕشی چین بەردەوامیو پەرەپێدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو باوەڕەکانی کومونی پاریسە . سەرکەوتنی شۆڕشی چین سەرکەوتنی بیروباوەڕەکانی مارکسیزمە - لینینیزمەکانی ماوتسی تۆنگە .

« شۆڕش کلپەی ئەستێنیو گەلێ بەرەو پێش ئەڕوا » .





لەسەر دەمی ئیستاماندا باروزروف بەتەواوی گۆڕاوە لەچاوزروفو سەردەمی کومونی پاریسدا ، شۆڕشی بڕۆلیتاریای جیهان رۆژ بە رۆژ سەرکەوتنی وەدەست دێنێت . هێزەمارکسیزمە - لینینیزمە راستە-قینەکان لەپتەو بوونداون ، خەباتی گەلانو نەتەوەچەوساوەکان شەپۆل لەدوای شەپۆل بەرزبوونەوە دان : سەرەك ماو لەو بەیان نامەیەی لە ۲۰ی ئایاری ۱۹۷۰ی زدەری کردوە بەناونیشانی :

(ئەی گەلانی جیهان یەکگرن بۆ بەزاندنی دەست دریژکەرە ئەمریکاییەکانو بەکێرگیراوانی) وە (مەترسی جەنگێکی نوێ لەئارادایە ... پێویستە گەلانی هەموو وولاتان بە ئامادەیی بەرەنگاری بکەن . شۆڕش رێختی سەرەکی جیهانە لەم سەردەمەماندا) .

بارو زروفو رۆژگارو مێژوو پێشبینیەکەی مارکسی مەزنی سەلماند کە سەد ساڵ لە مەوپێش ووتویەتی :

ئەگەرچی کومونە تێکشکێنرا بەڵام تەنها خەبات دوا ئەخرێ . بیرو باوەری کومونی مەزن هەرگیز لەناو ناچێ ... جار لەدوای جار دەر ئەکەوێ و خۆی ئەنوێنێ تاوەکو چینی کرێکاران بە یەگجاری رزگاری ئەبێت .

لە گۆڤاری (الصین المصوره)وە وەرگێڕاوە

لە رۆژنامەی هیرالد تریبیونەوە

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەوەی ئاشکرا کرد کە نیکسون نامەیێکی ناردووە بۆ چینی میللی ، هیواخوازی خۆی دەربڕیوە بۆ چاکترکردنی پەیوەندی نێوان چینو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا . وەوەزارەت ئەوەی ئاشکرا کرد کە نامەکە بەهۆی هەندێ دەولەتی بەرەی سێیەم گەیندراوە بەچین .

نامەیەك لە نیکسۆنەوە بۆ : چینی میللی

هەروەها سکرتێری رۆژنامە گەری تەلاری سپی (رۆنالد زیگلر) قسەکەی نیکسونی بڵاوکردۆتەوە کە گوایە ووتویەتی (ئەمەوێ سەرلەچین بدەم) ، بەڵام (رۆنالد زیگلر) ئەوەی پون نەکردۆتەوە ئایا چین مومکنە دەعوەتێکی نیکسون بکا ، یان نە .

ئەوەی شایەنی باسە (فرید ئامیری) نووسەری کاروباری دەولەتی لە رۆژنامەی(تایمس)ی لەنەنیدا بڵاوی کردۆتەوە کە ماوتسی تونگ ئەم سەردانەی نیکسون بەچاك زانیوە ، جا چ وەکو گەپیدە (سائح) وەیاخود وەکو سەرەکی و ی.ئ.ە سەر لە چین بدات .

سەرەڕای ئەمەش نووسەری بەناوبانگی ئەمریکی (ئەدگار سنو) کە ماوەی شەش مانگ لە چین بووە لە گۆڤاری (لایف)ی ئەمریکی بە دریژایی باسی دەیەنی سەرەك ماوتسی تونگی کردووە ، ئەم دیدەنییەلەگانونی یەکەمی ڕابوردوودا بووە ،وە گوایە ماوتسی تونگ ووتویەتی نیکسون ئیمپریالیستێکی ئیحتکاریە ، بەڵام ئەبێ پێشوازی بکەینو ناگۆکیەکانی چینو و . ی . ئ . چارەسەر بکرێ) .

وە گوایە دەربارەی ناکۆکی سوڤییەتو چین سەرەك ماو ووتویەتی (ئەم گیروگرفتە هەرچارەسەر ئەکرێ ، تەنانەت ئەگەر هەزار ساڵیش بخایەنێ) .

هەر چەندە ئەم هەواڵانەی رۆژنامەو گۆڤارە ئورووپی و ئەمریکیەکان بڵاوی ئەکەنەوە ، لە بنچینەدا ، بۆ ڕاهەڵخەڵەتاندنی خەڵکیو پێشکەشکردنی وێنەیێکی شێواوە بە خوێنەرەکان دەربارەی چینو ماوتسی تونگ ، بەڵام خۆی لەخۆیدا دان نانێکە بەو هێزە کاریگەرو هەرە مەزنەی کە ئیمپریالیستەکان ناچارن کڕنوش بەرنو سەری بۆ شوڕکەنو حیسابێکی تایبەتی بۆ بکەن ، وەڵەلایەکی تریشەوە دەری ئەخات کە شورشی رۆشن بیری چاکترین ئەنجامی هەبوو وە توانیویەتی چینێکی بەهێزو توانای ئەوتو دروست کات کە بتوانی لەمەیانی دبلوماسیو پەیوەندی نێوان دەوڵەتان سەرکەوتوانەبجۆڵێتەوەو خۆی فەرزکات .

بێگومان ئەم توانایەی چین سەرکەوتنێکی هەرە گەورەیە بۆ بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلانو یارمەتیێکی هەرەگرنگی ئەو بزوتنەوانەئەدات لەپێناو سەرکەوتنو رزگار بوونداً .

بەشی لێکولینەوە
لە رۆژنامەی هاوکاری

دوا وتاری کۆمەڵی فەلەستین

لە بەردەم دادگای عەسکەری ئیزراییل دا

ئەوشتانەوە کەچی ژمارەیەك لە ئازادیخوازانی ئێران لەم دادگایەدا محکمە ئەکرێن ، تەنها لەسەر هەستی هاودەردیو هاوکاریان لەگەڵ گەلی فەلەستینا .

گەلی ئێرانو هەموو جیهان ئەبێ بزانن کە هەڵبەستنی ئەم توهمەتە جۆربە جۆرانە بۆ ئەندامانی ئەم کۆمەڵە کە لەدۆسیەکەی « ادعای عام » دا ریزکراوە ، هەمووی پیلانی سازمانی ئەمنە بۆ سووك کردنی ئامانجی ئەم کۆمەڵە وەتێکدانی بیرو رای خەڵك لەسەرمان

بێگومان ڕوون کردنەوەی ئەو مەسەلەیە گرنگەکە ئامانجی کۆمەڵەکە ڕوندەکاتەوە و ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران بەگشتی و گەلی فەلەستین بەتایبەتی بەرپرسیارێتی ئەو تاوانانە بکەوێتە ئەستۆی کێ و لایەنێکەوە ئەنجام دراون .

ئەم دادگایە لە ۱۵ی ئایاری ۱۹۷۰ەوە دەستی بەکار کردووە و تا ئێستا ۱۲ جار دانیشتنی بەستووە . ئەم دادگایە لە ۳ سەرۆك و ۱۲ ئەندام پێکهاتووە کە هەموویان سەربازی پلەبەرزن و لە ئەکادیمیای سەربازی ئیزراییل دەرچوون و ئەندامانی ئەم دادگایە هەموویان لە ئەفسەرانی ئیزراییلن کە لە جەنگی ۱۹۶۷ دا بەشداریان کردووە و لە ئەفسەرانی ئیزراییل بوون کە لە ۱۹۶۷ دا لە ئیزراییلەوە گواستراونەتەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە ئیزراییل داگیری کردووە .

ئەم دادگایە بەتەواوی لە لایەن ئیزراییلەوە کۆنترۆڵ ئەکرێ و هیچ بەرگریەکی تێدا نییە و هیچ پارێزەرێکی تێدا نییە بەرگری لە بەرپرسانی ئەم تاوانانە بکا . ئەم دادگایە بەتەواوی بەرژەوەندی ئیزراییل دەپارێزێ و هیچ بەرژەوەندیەکی بۆ گەلی فەلەستین تێدا نییە .

ئەم دادگایە بەتەواوی بەرژەوەندی ئیزراییل دەپارێزێ و هیچ بەرژەوەندیەکی بۆ گەلی فەلەستین تێدا نییە .

قوربانی دانێکی زۆری گەل وە خەبات کردنی لە ژێر سەرکردایەتی پیاوانی وەکو (ستارخان ، باقرخان ، حیدر عمو أوغلی) . لە ئەنجاما گەل سەرکەوت وە یاسای (سنوور دانان بۆ دەسەلاتەکانی شا) چەسپا، بەڵام بەهۆی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ناوخۆوە ، سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە زۆری نەخایاند،چونکە کۆنەپەرستەکان ، هەر بە ناوو لەقەبەکانی خۆیانەوە .. بە ئاغاو دەرەبەگەکانیشەوە دیسان دزەیان کرد بۆ ناو ریزەکانی شۆڕش وە سەرکردایەتی شورشیان دزی لەژێر پەردەی « دەوڵەتی دەستووری » دا .

گەلێك ڕاپەرینی تریش ڕووی دا وەکو ڕاپەرینی « خیابانێ » لە ئازەربایجان، وە ڕاپەرینی « تقی خان بسیان» لە خۆراسان ، وە لە مانەش گرنگ تر ڕاپەرینی « میرزا کوچك خانی » بوو لە ناوچەی گیلان ،هەموو ئەم ڕاپەرینانەش وەکو وەڵام دانەوەیەك وابوو بۆ دزینی شۆڕشی مەشروتە ، ئیمپریالیزمی بەریتانی ئەوکاتە و بەڵقان ڕێژراوە ، وە لەپێناوی ئەو مەبەستەدا هاوکار و هاوبەشە لەگەڵ خاوەن سەرمایەکانی پۆژئاوا وە ئیمپریالیزمی ئەمریکایی و بەریتانی .

ئایا ئەزانن بۆچی ئێمە ئەمڕۆ لەبەردەم ئەم دادگایەدا مەحکەمە ئەکرێین ؟

چونکە ئێرانیش خۆی بەکرێ گیراوی سەرمایەدارانی ڕۆژئاوایی وە ئیمپریالیزمی ئەمریکی و بەریتانییە .

بۆ ئەوەی باشتر بۆتان ڕوون بێتەوە کە بۆچی ئێمە مەحکەمە ئەکرێین لەسەر پشت گیری کردنمان بۆ گەلی فەلەستین ، ڕێگەم بدەن کەمێك بتان گەڕێنمەوە بۆ دواوە :

پێش شۆڕشی مەشروتە (ئەو شۆڕشە دەستوریەی کە دەسەلاتەکانی شای ئێرانی دیاری کرد ساڵی ۱۹۰۶) نفوز و دەسەلاتی ئیمپریالیزمی بەریتانی لەوپەڕێ هێزو توانایدا بوو ، هەتا رادەیەك کە هەموو کاروباری وڵات لە لایەن سیاسیی بە ئینگلیزەکانەوە بەڕێوە ئەبرا . دوای شۆڕشی مەشروتە وە دوای فیداکاریو

لە ئێران دا نەرەو ڕووی کۆمەڵێ ڕووداوی شۆڕشگێرانەی مەزن بوو بوو .. بۆیە کا ئینگلیزەکان دەستیان کرد بە نیشکردن و کەوتنە خۆیان . دامەزراندنی دەوڵەتی شۆڕشگێری بەلشەفیك لە ڕوسیا ، وەکو قەلایەکی مەزنی شۆڕشی جیهانی .. وە نزیکی ڕوسیا لە ئێران .. ئەم مەترسییە وای لە پیاوەکانی ئینگلیز کرد کە چالاکی و جموجوڵی خویان بەهێز تر بکەن .

پێویستی ئینگلیز بە هاتنی ڕژێمیکی دیکتاتۆری وەها کە هەموو دەنگێك بخنکێنی کە بانگی سەربەستی و ئاسودەیی بدات ، وە ڕژێمێك کە ئاسایش بەڕیا بکات و بیاریزێ بۆ دزانی نەوت،وە پێویستی پەیداکردنی دیوارێك لە نێوان شۆڕشی ڕوسیا و خاکی هیندستانی داگیرکراو .. هەموو ئەم هۆیانە انقلابی ۱۹۲۱ ی دروست کرد وە دیکتاتوریەتی ۲۰ ساڵەی هێنایە کایەوە . ڕووداوەکانی نەوت لەماوەی ئەم بیست ساڵەدا و ئەو امتیازاتانەی تر کە ئیمپریالیزم بەدەستی هێنا پێویست بە باس کردن و ڕوون کردنەوە ناکات ، هەروەهاش حەیا چوونەکەی ساڵی ۱۹۴۱ .

ماویەتی



شۆڕشی بورژوازی

شۆڕشێکە دژ بە ڕژێمی دەرەبەگایەتی و دەسەلاتو دام و دەزگای چینی دەرەبەگەکان .

ئەو شۆڕشە کۆسپو تەگەرە **لە** بەردەم پەرەسەندنی سەرمایەدار لا ئەبات و ڕێ خۆشکەریەتی .

شۆڕشی بورژوازی دەرکەوتو ڕوداوێکی کۆمەڵایەتییەو بەپێی یاسا کانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیو لە ئەنجامی کێشەو بەرەو ناکۆکی نیوان هێزەکانی بەرهەمهێنانی نوێ کە لە پەرەسەندایەو پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی دەرەبەگایەتی کەوەکو کۆسپێك وایە لەبەردەم پەرەسەندنی کۆمەڵ ، ڕوو ئەدات . شۆڕشی بورژوازی ئەنجامێکی ئیستەرەمی (حتمی)ی تووندو تیژ بوونی ناکۆکی نیوان بورژوازیەکان وەکو چینێکی تازەو سەرهەڵداو دەرەبەگ و خاوەن زەویەکان وەکو چینێکی کونو بە ساڵاچوو .

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی بورژوازی دەسەلاتی سیاسی ئەچێتە دەست بورژوازیەکانو دەستەو دایرەکانی بەڵام ئەم سەرمایەدار لا ئەبات و ڕێ خۆشکەریەتی .

شۆڕشی بورژوازی دەرکەوتو ڕوداوێکی کۆمەڵایەتییەو بەپێی یاسا کانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیو لە ئەنجامی کێشەو بەرەو ناکۆکی نیوان هێزەکانی بەرهەمهێنانی نوێ کە لە پەرەسەندایەو پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی دەرەبەگایەتی کەوەکو کۆسپێك وایە لەبەردەم پەرەسەندنی کۆمەڵ ، ڕوو ئەدات . شۆڕشی بورژوازی ئەنجامێکی ئیستەرەمی (حتمی)ی تووندو تیژ بوونی ناکۆکی نیوان بورژوازیەکان وەکو چینێکی تازەو سەرهەڵداو دەرەبەگ و خاوەن زەویەکان وەکو چینێکی کونو بە ساڵاچوو .

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی بورژوازی دەسەلاتی سیاسی ئەچێتە دەست بورژوازیەکانو دەستەو دایرەکانی بەڵام ئەم

هەوڵدان بۆ گەیاندنی شۆڕشی **بورژوازی بەرەو ئامانجی دوورترو فراوانتر .**

هەر چەندە شۆڕشی بورژوازی ڕێك و پێك بێو بە سەرکەوتویی بتوانێ ئەرکەکانی سەرشانی وەدی بهێنێ ئەوا لەوەو دوا خەباتی کارگەران دژی سەرمایەدارو لەپێناو سوسیالیزمدا زیاتر زامنی سەرکەوتنی لێ ئەکرێت ..

وەرگێڕ: ح . ع

insitut kurde de paris



سرودی ئیشتە، ناسیۆنال

هەلسن لەخەو ، زۆر لێ کراوی ئەم جیهانە !!
ئەی ئەوانەی سال دوانزەی مانگ برسیتانە
مافی ئێوە ، وەکوو پشکوی دەم بورکانە
بەهۆی هەول وکوششەوە سەر ئەکەوێ

⊙ ⊙ ⊙

سفرە وخوانی رازاو بەزور دەسئەکەوێ
هەلسن لەخەو ، ئەی لەشکری بەش خوراوان !
پێشیل ئەبی شتی پووچ وبۆش وتاوان
سەر هەڵ ئەدا بەکۆمەکی گشت لایە

⊙ ⊙ ⊙

ئەوەی خوزگەو خەوی خۆش و هیوایە
توش سائەی گەل ! گوی راگرە بی وچان
بۆ بانگەکەی دواشورشی میللەتان

⊙ ⊙ ⊙

مافی مرۆڤ سەرئەکەوی، نیە هیزی
لەژور سەرمان بێت وئێمە بپاریزی
نەقەیسەرەو نەکەس ئیتر گەورەمانە
کە رزگاری لەخوین مژین هیوامانە

⊙ ⊙ ⊙

ئەرکی پیرۆز لەسەر شانی هیوامانە
ئەلین : گوایە بوشە مافی هەژاران
بۆشە ئەرکی گرانو سەرو سامان
ناومان ئەبەن : کەبی نرخ ونوکەرین

⊙ ⊙ ⊙

لەمەزیاتر سەر شۆری هەلناگرین
توش سائەی گەل ! گوی راگرە بی وچان
بو بانگەکەی دواشورشی میللەتان

ئەی رەنجدەران ! لەشارودێ ، لەکوی بین
ئیمە لەگشت پارتیکی تر بە هێز ترین
باتەمەل وبی کارەکان رابمالین
تاکەی بەخوین هەر نیچیری قەل ودالین ؟

○ ⊙ ⊙

وەک پێویستە باهێی ئیمەبی جیهان
با خوراکی بەردەمی ئەوان بی گیان
تا ئەوکاتەی کە ئەیانکەین سەرنگوون
روژی ئیمە هەلدی بەبی ئاوا بوون

○ ⊙ ⊙


توش سائەی گەل ! گوی راگرە بی وچان
بو بانگەکەی دوا شورشی میللەتان

●

دوکتۆر کەمال فوئاد لە بەردەم چەند بەرسیارێکدا

ئەوەندەی کە ئێمەی کورد پێویستیمان بە خۆناسین و خۆناساندنە لەو باوەڕەدا مەبەهیچ میللەتێکی سەر ئەم زەمینە پێویستی پێهەبێ ، لەگەڵ ئەوەشدا کە پێشکەوتوترینیان بێ وچانوسڵ لێکردن لەم کارەدا بەردەوامنو سات دوای سات بە هەڵەداوان وێڵن بەدوای ئەم خۆناساندنە ..

دیارە باشترین پێودانگێکیش بۆ ئەم مەسەلەیە کەلەپوورو سامانی نەتەوایەتیی یە کە نیشانەی هەرمزل مانو بوونو سەربەرزی نەتەوەیە .. خۆمان گەیاندە ماموستای ناسراو (دکتور کەمال فوءاد) وچەند پرسیارێکمان لەم بارەیەوە خستە بەردەستی . بەراستی ژیانی ئەم کایرایە هەر خۆی لەخۆیدا مایەی هەندێ تێرامانو وردبوونەوەیە بەرامبەر - سامانی نەتەوایەتیمان - لەسایەی ئەو رەنجو هەوڵ وتەقەڵلا بێ شومارانەی داویەتی بۆ ئەم مەبەستەو ئەم رێبازە پیرۆزە هەر لەو ساتەی - ١٩٥٣ - کە قوتابی نەفرەت لێکراوی کۆنێجی هەندەسە بووە تا ئەو ساتەی رووی کردۆتە (شام) وڵەپاشا وڵەسانی ١٩٥٨دا گەیشتۆتە (بەرلین) وڵە دوای ژانو هەژانێکی زۆر ملی بەم رێگا سەختەوە ناوە وڵەزانستگای هامبولتدا وبەسەرپەرشتی دۆستی کورد پرۆفیسۆر (یۆنکەر) دەستی کردوە بە خوێندنی زمانە ئێرانیەکان هەر لە سانی ٩٦٠ - ٩٦٩ خەریکی دیراساتی ئێرانیو سامیبووە وبایەخێکی زۆریشی بەزمانی کوردیو زاراوەکانی داوە . لە پاش تەواوکردنی پلەی دکتۆرای کتێبێکی بەچاپ گەیاندوە لەژێر ناوی (دەستووسە کوردیەکان) جگە لەو لێکۆلینەوە میژوویی و ئەدەبیەی کە لەبارەی (قەلای دەدم)ەوە نووسیویەتی بۆ وەرگرتنی (نامەی دیپلۆم) بەزمانی ئەڵەمانی .. سەبارەی ئەو باسەی کەلەسەر فۆلکلۆری کوردی لە گۆڤاری زانستی



دۆزیوە بە ئارەزوی خۆیان وشەیەک دائەتاشن هەر بۆ ئەوەی بڵێن: بەخوا کوردیەکی رەوانو پەتی ئەنوسێت) کوردی رەوانو پەتی تەنیا ئەوە نیە کە وشەکان کوردی بن بەلکوو پێویستە لەپێشا دارشتنی رستەکان کوردی بن ، ئەمجا وشەکانیش بەراستی کوردی بن نەک قەبەو ناقۆڵاو داتاشراو بۆ وێنە : (بادانیشتنێک بکەین) یا (لەراستی دا) یا (بەشداریم کرد) هتد .... یاهەموو وشەکانیش کوردی بن بەڵام لەروی زمانەوە کوردی نین . کورد ئەڵێ (بادابنیشین) (بەراستی یا راستیەکەی) (بەشدار بووم) هتد .... ئەمڕۆ هیچ زمانێک لەجیهان دا نیە چەند پێشکەوتوو بێت ، پاک بێت لەو شەی بێگانە .. ئێمە بەم لاتیەی خۆمانەوە ئەم خۆراهەلکێشا نەمان لەچی ؟.. یا نەشارەزا یەک دەس ئەکات بەلێکدانەوەی هەندێ ناو ، ئێستا لە خۆیەوە گولڵە بەتاریکی یەوە ئەنێ .. ئەنوسێت (دجلە لە - دەجلە) و (نبوخذنصر لە بۆخودانە سەر) و (کفری لە - دەوەنی کفرەوە) هاتوە .. هتد یەکێکی تر نوسیبوی(فلسطین لەفەلەستین) و (گەنج لە گەیینەجێ)وە هاتوە !! وەکو کورد

بڕوانە : ل ٧

لێئامادەکردنی محمود زامدار

تا کوردەکانی یەکیەتی سۆڤیەت) .

سێیەم ... - لەپاش جەنگی جیهانی یەکەمەوە بۆتە زمانی نووسین لە رۆژهەلاتو خواروی کوردستان (لەزابی گەورە بەرەو رۆژهەلاتو بەرەو خوار لە کوردستانی عیراقو ئێران) کەواتە ئەمڕۆ لەگەڵ هەموو ئەو زاراوە کوردیانەدا کە هەنتەنیا دوو زمانی نووسینمان هەیە ، با ناویان بنێین : (شێوەی رۆژئاواو شێوەی رۆژهەلات) یا شێوەی باکوورو شێوەی باشوور . ئێستا ئەم پرسە دێتە پێشەوە (چۆن بیانکەین بەیەک یاواز لەکامیان بێنین ؟!) نەوازوو ئەبن بەیەک نە راستیشە واز لەهیچیان بێنین .. هەر دوو شێوەکە پێویستە خزمەت بکرێن و پێش بخرێن و دەولەمەند بکرێن .. زەمان بڕیاری ئەوە ئەدات کامیان رێگا بۆ ئەوەی تریان چۆل ئەکات یا چ شێوەیەکی نوێیان لێ دورست ئەبێت کە هەردوولا بەزمانی نووسینی خۆیانی بزانن .. ولاتی (نەرویج) لە سالی ١٨١٤ دا وە لەدانیمارک جیابۆتەوەو سەربەخۆیە . ئێستاش میللەتەکەی بەدووشێوە ئەنووسن (رێکسمان یا بورکمالو لاندسمال) یا (نوینورسک) نازانم ئێمە چۆن وازوو ئەتوانین بڕیار لەسەر شێوەیەک بدەینو واز لەوی تر بێنین ؟! شتێکی تر : بەشی زۆری خوێندەوارەکانمان وا ئەزانن کوردی نوسین تەنیا ئەوەیە کە وشەکان کوردی بن کە ئەنووسن ئەگەڕێن بە شوێن وشەی کوردیدا ئەگەر نەیان بنووسین؟ هەر یەکە لە ئاوازێک ئەخوێنێ .. لە هەموویان ناسازتر ئەوەیە کە ئەڵێت : بازاراوەکان لەیەک بدەینو (زمانێکی نوێ) بۆ خوێندنو نووسینی کوردی دورست بکەین !! وەکو دەستکرد بێت ، ئەک ڕوداوێکی میژوویی .

هەموو زمانێکی ئەم سەر ڕووی زەمینە لەپێش هەموو شتێکا ئەبێت بەدوو بەشەوە : یەکەم - زمانی گفتوگۆ (زاراو) . دووەم - زمانی نووسینو ئەدەب .

ڕاستە تا ئێستا باری سیاسی وکۆمەڵایەتی کوردە یارمەتی ئەوەی نەداوە کە زمانێکی یەکگرتوو بۆ نووسینی کوردی ساغ ببێتەوە بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێ کە ئیتر زمانی ئەدەبو نووسینمان نەبوە وهەرکەس چۆن قسەی کردوە وای نووسیوە .

لەجیهانی ئەدەبیاتی کورددا (بێجگە لە ئەدەبی فولکلۆر و تراوە) بە هەموو زاراوەکان وتراوە بە زۆری هەر سێ شێوە بەرچاو ئەکەوێت گۆرانی (هەورامیو کەنوولەیی) کرمانجی ژوروو (شێوەی جەزیرە لە گەڵ تەئسیراتی بۆتیو هەکاری) کرمانجی خواروو (شێوەی سلێمانی لەگەڵ تەئسیراتی موکریو سۆرانی) .

یەکەم .... - بێجگە لە شیعر (واتە بۆ پەخشان) بەکار نەهاتوە وەکوو زمانێکی ئەدەبیش لەپاش جەنگی جیهانی یەکەمەوە ڕوو لەکزی یە .

دووەم ... - لەدەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستانەوە (١٨٩٨) بێجگە لە شیعر پەخشانیشی پێ ئەنووسرێت لەوکاتەوە بۆتە زمانی نووسین بۆ کوردەکانی سەروو (لەزابی گەورەوە بەرەو باکوورو ڕۆژئاوای کوردستان

institut kurde de paris

سەرنجێک لە "نوێ خوازی"

کەرکووک : عبدالله سەراج

بەرهەمی وێژەیی وەک کارێک دووبارە سەرنجدانێکی قوڵ بگێڕێ لە هەڵوێستی کۆن ، پێویستە بە هەر شێوەیەک بێ، خۆی ماندوو بکات لە قاڵ کردنەوەی ئایدیولۆژی ئەو هەڵوێستەداو گشت تاقی کردنەوەکان لە بانگی بەرباڵوی ئەودا بخولێنێتەوە . بۆیە چیرۆک نووسو شاعیر بەتەواوی ناتوانن بچنە بێخی مرۆڤایەنی- یەوە ئەگەر بە ڕاستودروست لە واقیعی مەوزوعی شت نەدەن، ئەمەش بەوە ئەبێ کە ڕاستەوخۆ خۆیان بهاوێژنە چەقی ڕووداو بەشداری ڕوالەتەکانی بکەن . واتە وێژەوان کامێرایەک نیە بێ ڕتووش ڕوخساری دەرەوەی شت بگرێ و یانیش وەک (ماده) یەک گەرماو سەرما بگوێزێتەوە لە نێوان سروشتو خەڵکدا وەک هەندێک بۆی ئەچن ، بە لای منەوە وێژەوانی هونەرمەند ئەو (تەرمومەتر)ەیە کە ڕووداوێکی کات و جێگە دیاری کراو کاری تێ ئەکاو هەستی ئەبزوێنێ. گیانی شۆڕشگێر لە کوولەکەی دێنێتە دەرو ئەیهاوێژێتە قوواڵایی شتو ناوەوەی ڕووداوەکان ، بە پێچەوانەیش نووسین لە دەرەوە هیچێکی ئەوتۆ نادات دەست لە تەم و مژی وشەو پێکهەوە لکاندنی ڕستەو دیمەنی قەبە بەولاوە ، بەم جۆرە لاشەیەکی مۆمیا کراوی بێ هەستو نەستی خنکاو دێنە کایەوە کەوا نیمچە خوێندەواران - لە شێوەی دەرەوەی - ئەتۆقنو ڕۆشنبیرانیش - لەبەر پووچی ناوەوەی - ئەیگرنە بەر لیسی تەوس و گاڵتە .

جوواڵانەوەی ئەدەبی لە وێژەدا تەنها چەند نیشانەیەکی لەسەر ڕێڕەوێکی لەرزۆک نیە ، بگرە جێهێشتنی گشت پەیوەندییەکی ڕێز و ڕێز کردنە، وێژەی نوێ هەڵوەشێنێ و ڕاستەقینەی دەروونی مرۆڤی ئەم چەرخەمانە ، کەوا سەر- پێچی و یاخیبوونی خۆی ئاشکرا کردووە لە ڕووی هەموو بەندو باوێکی لاسایی کردنو نەرێتی کۆنی بەسەرچوو . نوێخواز پەیتا پەیتا لە پشکنینو دۆزینەوەی ئەو نهینییەیە کە سەرتاپای ژیانی پۆشیوەو تانەی خستۆتە سەر چاوی بۆ ئەوەی ڕاستی ژیانو سروشت بەدی بکات . بێگومان پشکنینی وێژەوانی ئەم سەدەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ، پاڵی پێوە ئەنێ کۆششی توندتر بکاتو گیانێکی جەنگاوەرانەی ڕاپەڕیوی هەبێ کە لەراویستو مەیین ڕزگاری بکات . چونکە تەنها ڕیرەو کردنی بۆ پێشەوە بە گیانێکی نەبەزەوە ، لە وزەیدا هەیە ئاسۆیەکی بەرینی نوێی لە ڕوو هەڵمانێ کە لە خۆ دووپات کردنەوەو جوین و کۆڕاندنەوەی کوت و پڕی بە دووری کات . بۆ گەیشتن بەم ئاواتە هەردوو سەری تاقی کردنەوە - واتە شێوەو ناوەرۆک پێکەوە ئەبەستێ و

بڕوانە : ل ٧


هیدوک

محمد رشید فتاح

یادوئارەزوومۆری هەیزەرانە

● سەیرکە ... تۆ سەیر .. چەن بێ چاوو ڕووە .. هەر خۆی ئەکوتێ . کوڕەدابەزە گەمژە .
سەر پەرشت کەر ئەمەی پێووتو لە گەلیشیا حەیزەرانەکەی دەستی لەپشتی سڕەواند .
هەهەرزەکاریک لە تەکیەوە :
● دەست خۆش .. باڕکم بەقوربانی دەستەکانت بێت !.
ئەفەندێکی قیتو قۆز لەولاوە :
● دەبخۆ دەی .
دەستی گرت بە پشتیەوە، کەوتە هەڵ کڕاندنی شوێنی حەیزەرانەکە ، بەدەم ئاخو ئوفەوە :
● ئاخر بۆچی ... گوناهم .. خوا هەڵ ناگرێ .
پۆلیسێک لەژێر چەترەکەی نزیکیەوە هاواری لێکرد :
● عارت نا ؟!
لە بەردەمی سەرپەرشت کەردا قووت بووەوە ، بەترسو لەرزەوە وەڵامی ئازاری پشتی دایەوە :
منیش وەکو ئەو عەشاماتە.. جەژن ئەکەم .
● کوێریت .. نابینی سیخناخەو جێنەماوە ، بۆ درەنگ هاتی بەملی شکاوت .
● باشە جێیەکم بۆ بدۆزەرەوە !
● هەه ... ها .. ها ... وەرە سەرکۆڵم !.
هەرزەکارەکە بەتەوسەوە :
● قەینەکا بە پێ وەرە .
ئەفەندی یەکە بە تەوس تەرەوە :
● جەژنت بۆ چیە منالی؟! ڕووی نا بۆ بەرەو ژوور ، بەپەلە خۆی بە لۆریەکی ترا هەڵواسی .. ئازاری حەیزەرانەکەی لە بیرکرد ، چەشنی منالەکان کەوتە چەپڵە لێدانو سەماکردن :
● ئەتەوێ خۆتمان بەسەرا ساغ کەیتەوە ، وەرە خوارەوە، مال وێران !.
شۆفێرەکە بەم ووتانەی ڕای پەڕاند ..
● ڕازئەکات بانەبی بەکاسەی جەژن .
تەنگ ئەستوورێک لەپێشی لۆری یەکە .. بەزەیی خۆی بۆ بزواند .
● ئەڵێ خۆت لێ تەوقە ؟!
● بێ قەزابی . ئێمە هەر لەمێژە خۆمان لێ تەوق بووە !.
بەدڵێکی شکستەوە ئەمەیدا بەگوێی خاوەن بەزەیدا .
دەستی لە جەژن شت ، دووچاوی لێڵی لەگۆمی شینی ئاسمان بڕی ، هەناسەی هەڵ ئەدا ..

سەلەیمانی ١٩٧٠



ئازەتیای ڕووحاو

وەرە ژوورەوە لەگەڵمان ..
دەرگاکەم خڕ لەسەر داخە
با بە تەنیا ..
با بە تەنیا هەر بۆ من بیت
جێگاکەت هەر بۆ من ڕاخە
چ ئازارێکم تیاماوە ،
هەمووی لە گیانم دەربێنە
بە گوشینێ ..
تۆزەی تۆزێتی تەمەنتم لێ بسێنە
بە مژینێ ..
ئەژانم تۆش هەر وەکو من
پەروەردەی مەمکی برینی
تۆ فرمێسکی ..
تۆ گرینی ..
تۆش وەکو من ، وەکو یەزادن
خۆشی بێ هوودە بەخشی
بە لەتێ نان
بەڵێ .. بەڵێ ، بەلەتێ نان !
ژانی دەرخت ئەچێژی
خۆشی لە تۆی ، نۆتنی شەوا ئەنێژی
تۆ دایەنی بێدایکێکی ..
تۆ خۆشەویستی بێ شکی
هەموو بێ خۆشەویستیکی
تۆ بۆ شەوانی سووری خەڵک
وەکو پێکی ..

⊙ ⊙ ⊙

خۆزگە بارانێ بوومایە
بڕژامایە بە سەرتۆیا
بڕژامایە بەسەر ناوتا
بەسەر قژی ئاڵۆزاوتا
بەسەر پێتا
بەسەر ئازاری ناو چێتا
بەسەر دەسو دەموچاوتا
بەسەر دامێنی سووتاوتا
خۆزگا ! کراسی بوومایە
شوێنی گازو نوقوڕچی پیسی ئەم شارەم ،
لەسەر لەشت داپۆشیایە
خۆزگە .. خۆزگە ..
تاقە کڵپەیەک بوومایە
بۆ سووتانی هەموو گوناهێکی لەشت
بۆ داگیرسانی بوخوردی
پاشماوەی تەمەنی ڕەشت

صلاح الدین شوانە

لە گەڵ قوتابیانی دانیشگای سلێمانی

* کوڕان : تائێستا قسەمان لەگەڵ کچان نەکردووە !
* کچان : سوچی خۆتانە ... کێ ڕێگای لێ گرتوون ؟!

دانیشگای سلێمانی .. ئەو ئاواتە دێرینە بوو کە لەدەمێ ساڵەوە گەلی کورد بەڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێکخراوە کوردستانیەکان خەباتیان بۆ ئەکرد ، ئەوە بووسێ سال لەمەوبەر هاتەدی ، هەر چەندە ئەو دانیشگایە تەنها بۆ کوردستان) ، بەهۆی ساواییدانیشگاکەو ئەو گیرو گرفتانەی کەوتوونەتە ڕێی . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خوشەویستی و ڕێزی دانیشتوانی کۆردستان بۆ خۆی ڕاکێشا بەچەند هەنگاوێک دوور لە ئێمەوە کورتەو کچێک یاری (تێنسیان) ئەکرد !! وەکو نمونەیەکی نزیکی تێکەڵاوی .

براەدر سالار :

کوا تێکەڵاوی هەیە ، کوران بەجیا بەیەکەوەنو کچان بەجیا بە یەکەوەن !؟

خوشکە (ئەرمین فائق سێ‌ی کیمیاء) :

ئەگەر کچو کور زۆر بەیەکەوەبن خەلک بەچاوێکی تر تەماشایان ئەکەن ، لەبەر ئەوە کچەکان ئەترسنو لەبەر ئەوە بەیوەندی کەم ئەبێتەوە .

براەدر سالار :

جارێ بۆ هەڵبەرکی هەر نایەن .

خوشکە بێ‌گەرد :

خەڵک قسە ئەکات ئەگینا هەڵبەرکێ خۆی لە خۆیدا شتێکی عەیب نیە .

براەدر سالا :

ئەوە تێکەڵاوی پێ‌ی ناڵێن !

خوشکە بێ‌گەرد :

ئەی کەواتە تێکەڵاوی چۆنە ؟

براەدر سالار :

خۆتان ئەبێ بڵێن بۆ ئاهەنگو هەڵبەرکێ نەک ئێمە بەزۆر بانگیتان کەین .

خوشکە بێ‌گەرد :

بێجگە لەوەش کچی کورد کەمە لە دانیشگا ، ئەوانەی هەشن زۆربەیان هەوڵێرین (هەروەکو ئەمانە کورد نەبن - هاوکاری) بەشداری ئەو چالاکیانە ناکەن !!؟

ئەمە بەری دڵی خوشکە (گوڵبەهار)ی ئێرت ، بۆیە خێرا وەڵامی دایەوە : ئێمە هەڵناسین بەو ئیشانە چونکە چاو لە کچانی سلێمانی ئەکەین بەتایبەتی کە ئەمان لە ماڵی خۆیانن ، زۆر وەک ئێمە کە دوورین لە کەس و کارمان) .

مشتومڕ ، هەر بەردەوام بوو

براەدر سەردار ئەوپەڕی دڕایەتی گرتبوو بەرامبەر خوشکانو نموونەی زووری کچەکانی بۆ هێنایەوە کە زۆربەی کاتی لەوێ ئەباتە سەرو نایەتە یانەی دانیشگا .

بەڵام خوشکە (ئەحلام محمد - یەکی عەلوم) بەرپەرچی دایەوە :

ئەمە مانای ئەوەیە کە تێکەڵاوی هەر نیە ،لەڕاستیدا تێکەڵاوی لە دانیشگاکانی تری عیراق زیاترە ، وە ئەگەر کچان ترسیان هەبێ لە تێکەڵاوی ، ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی عەقلییەتی کۆنی کۆلەوایەتی بە سەریانا .

تا ئەو کاتە خوشکە (فوزیە هاوار - دووی بایولوجی) بێ دەنگ دانیشێ‌و، بەپێچەوانەی هەموو ئەو خوشکو برایانە ..

بۆیە پرسیارمان لێ کرد :-

- دیارە بڕوات بە تێکەڵاوی کچان کوڕان لێیە واهیمچ قسە ناکەیت ؟

لە وەڵامدا ووتی :

- خۆم ڕام لەگەڵ تێکەڵاویدایە وە بەپێویستی ئەزانم ، بەڵام خۆم تائێستا تێکەڵاو نەبووم !؟

لە کوڕەکان ، تەنها برادەر (دڵدار محمد - سێ‌ی گشتوکال) ڕای .

وابوو : کە تێکەڵاوبوون هەیەو بەڕەوپێش ئەڕوات بەڕەبەڕە !

خوشکە (پاکیزە محمد اسماعیل - سێ‌ی کیمیاء)تەنها بەبەڕپەرچ .

دانەوەی ئەو ڕایانە نەڕەستە کە ئەڵێن تێکەڵاوی نیە بەڵکو ویستی وەک ڕاستیەک بوونی ئیسبات بکات ، ئەوە بووە پێشنیازی کرد کە وێنەیەک بەیەکەوە بگرین کە دەری خەن تێکەڵاوی هەیە ، بەڵام هەر

لەپرپام نێری هاوکاری وە فەهمی انور قەرەداغی

لەوێنەکەشدا جیاوازی هەرماوە (بروانینە وێنەکە)

هەروەها باسی سەربەستی و یەکسانی ئافرەت هاتە پێشەوە خوشکە (پاکیزە) لەو باوەڕەدا بوو کە :

- کچ ئەبێت ڕزگاربێت لەو کوتو زنجیرەی لەپێ یایەتی ، پێویستە ڕێگای بدرێتی کە شان بەشانی پیاو ئیش بکات ، وە ئەو ڕایانەی کە ئەڵێن کچ کەمتەرە لەپیاو بەهیچ جۆرێک ڕاست نیە وە بوونمان لە دانیشگا شان بەشانی کوڕ ئەورایە بەدڕۆ ئەخاتەوە .. (لەوێدا ئەوخوشکە وەڵامی ئەورایانەی وەکو (مەلا پێتوشی) لە کتێبەکەیدا دەری بڕیوە دایەوە) .

براەدر (سەردار) :-

- بەڵای منەوە هەڵەیە کچ بخرێتە ئاستی پیاو ، چونکە کچ ئەبێ بۆ ماڵ بێت وە خزمەتی پیاو بکات ، ئەگینا کێ ئیش بۆ پیاو ئەکات !!

هەموو خوشکەکان چوون بەگژیدا وە لەناویاند خوشکە (ئەرمین) ووتی :-

- ئەم ڕایە ڕاست نیە تەنها ئیشی ئافرەت کاروباری ماڵەوە نیە ، بەڵکو ئیشی هەیە کە پێویستە پێ‌ی هەڵسێ‌ بەتایبەتی کە قوتابی بێ وەیا فەرمانبەر .

براەدر (سەردار) :

- پێویست ناکا هەر بچێت بۆ قوتابخانە یا بۆ ئیش !! دیسان هێرش برایە سەری و ئەمجارەبراەدر (سلیمان) وەڵامی دایەوە :

- پیاو نابێ ئەو ئیشەی کەژن ئەیکا لەماڵدا بەڵایەوە شۆرەیی بێ ..بەڵکو پێویستە بەیەکەوە بەیەکسانی پێ‌ی هەڵسێ‌ ، وە ئەبێت ئافرەتان لە هەموو بوارێکدا ئیشیان پێ‌ بدرێت . ئەویش بەوەی کە هەموو توانای بتەقێنرێتەوە تاوەکو شان بەشانی پیاو لەئیشو بەرهەم هێنانی ناو کۆمەڵدا بەشداری بکات . چونکە تاوەکو سەربەستی بە ئافرەت نەدری ، گەڵ پزگار نابێت بەتەواوەتی .

ئەم گفتوگویە دووایی بەوە هات کە زۆربەی زۆری قوتابیان ئەوەیان دەرخست کە پەیوەندی نێوان قوتابیانو ماموستایان ، دۆستانەیەو هاوکاری هەیە لە میانەیاندا .

بەم جورە کوتاییمان هێنا بەم دانیشتنە ، وە هەموومان کە ئەم دانیشتنەمان سوود بەو هەستە لەیەک جیابونیەوە بەخش بوو ، خوشکو برایانیش سوپاسی (هاوکاری) یان کرد بۆ ئەو بوارەی کە داویەتی بۆ دەربڕینی ڕاو هەستیان .

پاشماوەی : مام هۆمەر ...

مردنی مام هۆمەردا هیچ نەگۆڕا
سێ‌ ڕۆژ تێپەڕی بەسەر
وەشینو واویلایان بوو لە دەوری .
تەماشای نەکەین .
دووهەم دەسەڵاتی میریەیە
کەوا ئاوڕێک لە چینی هەژارانو
چەوساوە ناداتەوە . بە تەنگ
گیرو گرفتو ڕووداوی واوە
نایەت لەگەڵ ئەوەشدا چەند
جارێک تەلەفوون کراوە بۆ
خەستەخانە بەڵام بەداخەوە نەک
یەدەنگیانەوە نە هاتن بەڵکو
هەر تەنها وەڵامێکش نەبوو .
نازانم خەڵکینە بۆچی چارەی
هەژاریو نەبوونی ئەوەندە
گرانە .. هەرئەبێ بەژێر
دەستیو کولەمەرگی بژی .
هیوادارم هەموو هاوڵاتیان
کەوا لە هەموو کاتێکا لالە
هەژاران بکەنەوە ویارمەتیان
بەدەن وبەنەنگ ئیشو ئازارو
ناڕەحەتی ژیانیانەوەبین .

پەیوەندی کورو کچ چۆنە لە دانیشگای سلێمانی

ئەم پرسیارە لەڕاستیدا بۆمیانێک بوو لە ناویاندا ئەوەیە وە دەمە ئەقیەکی گەرمو گورو تونیدو تیژو بەتامی پەیدا کرد لە نێوان قوتابیاندا ..

خوشکە (جولیت خوشابا - سێ‌ی فیزیا) کە کوردیشی نەئەزانی خێرا بەعەرەبی وەڵامی دایەوە :

پەیوەندی کوران و کچان زۆر باشە لە دانیشگاکەمان ، بەپێچەوانەی ئەو پروپاگندانەی لە دەرەوەی سلێمانی ئەکرێن ، وە بەپێی ساوایی دانیشگاکەمان ئەو پەیوەندیانە ، زۆر پێش کەوتووە ، کوڕەکان هاوبەشی کچان ئەکەن لە خوێندنو یارمەتی یەکتر ئەدەن .

هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو براەدر (مصطفی ئیسماعیل) لێی پرسی : کوا من تائێستا قسەم لەگەڵ کچ دا نەکردووە !؟

خوشکە جولیت :

ئێنجا بۆ قسەیان لەگەڵ ناکەی ، ئەبێ ئێوە دەست پێش‌کەری بکەن نەک کچان .

براەدر سەردار : تێکەڵاوی هەر نیە لەنێوان کچو کوردا .

لەو کاتەدا سەرنجمان

خوشکە (بێ‌گەرد جەلال - دووی کشتوکال)یش لەبارەی کولیجەکەی خۆیەوە دووا :

کولیجەکەمان تائێستا دوور بەشە ، بەڵام بەشەکانی (تربەی ، محاصیل ، دواجن ، تووتن)ی تیانیە ، بەتایبەتی (تووتن)کە زۆر پێویستە بایەخی پێ‌ بدرێ، سەبارەت بەوەی سلێمانی (٦٠٪)ی تووتنی عیراق بەرهەم ئەهێنێو کارگەی تووتنی تیایە .

براەدر (مصطفی ئیسماعیل) گرنگترین کەمو کوری خستە ڕوو :

ئەویش نەبوونی کولیجی ئەدەبی‌یە کە ناتەواوی دانیشگە کەمان دەرنەخات ، وە هەر چەندە ئەڵێن : گوایە ئەگرێتەوە بەڵام تائێستا هەنگاوی (عەمەلی) بۆ نەنراوە ، بۆیە داوا ئەکەین لەسالی خوێندنی نوێدا بکرێتەوە ، بەبێ سێ‌و دوو وە هەر لەئێستاوە ئیشی بۆ بکرێ .

براەدر (سلێمان عومەر - سێ‌ی ئەندازیاری) زۆربەی کەمو کوریەکانی دانیشگای کۆکردەوەو گەراندیەوە بۆ نەبوونی بوجە (میزانیەیەکی) تەواو بۆ پرکردنەوەی ئەم کەمو کوریانەو نەبوونی نەخشەیێکی زانستی (تەخطیطی عیلمی)و کەمی کەوادری لێ هاتوو .

دەسکەوتو چالاکیە کانی یەکێتی لە دانیشگادا

ئەمە یەکەم پرسیارمان بوو کە ئاراستەی یەکێتی مان کردو

براەدر (مصطفی ئیسماعیل- سێ‌ی کشتوکال) وەڵامی دایەوە بەم خاڵانەی خوارەوە:

- نمرەی دەرچوون کرا بە ٥٠٪ کە جاران ٦٠٪ بوو .
- سیستەمی (ئیعادەوعبور) ئیشی پێ‌ کرا .
- نوێنەرێکمان چۆتە ئەنجومەنی دانیشگا .
- وەرگرتنی هەشتا قوتابی لە دانیشگا بۆ ئەوەی مەرجی یاسایی‌یان تیا بێت .
- پارەی بەکرێ گرتنی یانەی دانیشگا درا بە یەکێتیمان .
- زوربەی قوتابیەکانی دەرەوەی سلێمانی لە (داخلی) وەرگیران .
- بیست قوتابی هەژاریارمەتی دران .

ئەمە جگە لەوەی کە یەکێتیمان گەلی ئاهەنگو سەیرانی ساز کردووە بۆ قوتابیەکان .

کەمو کوریەکانی دانیشگا

براەدر (جەمال مصطفی-سێ‌ی ئەندازیاری) دەربارەی کەمو کوریەکان دووا :

ئاشکرایە دانیشگەکەمان کۆڕپەیە ، لەبەر ئەوە کەمو کوری تیا ئەبێت ، بەڵام ئەمە ئەبێ زیاتر پاڵبە لێ‌پرسراوانەوە بنێ که گرنگی پێ‌بدەن ، بەڵام بەداخەوە ، گرنگی پێ‌دانەکە ، تائێستا (مختبرات) زۆر کەمە بۆ هەموو بەتایبەتی بۆ کۆلیجی ئەندازیاری بۆیە داوا ئەکەین ئەگەر بۆشیان ناکرێتەوە وەلای کەمی بەهاوین بمان‌بەن بۆ بەغدا بۆ خوێندنو تاقی کردنەوە لە (مختبراتی) دانیشگای بەغدا .

براەدر (سەردار حویز - سێ‌ی کشتوکال) قسەکانی کاک جەمالی تەواوکردو ووتی :

هەندێ کارگەی پیشەسازی پێویست بۆ تاقی کردنەوەو فێربوون لەسەری ، لەسلێمانی‌دا نیە ، بۆیەکا پێویستە زووزوو گەشتی عیلمی بکرێ بۆ ئەو شوێنانەی لێ یەتی .

براەدر جەمال دیسان کەمو کوریەکی تری نیشان‌دا :

ئەوەی شوێنی داخە ،ئەوەیە کە ئەو پاصانەی دانراون بۆ ئەوەی قوتابیەکان . نە (داخلی) یەکانەوە بێنێ بۆ دانیشگاو بیان گەرێنێتەوە ، قوتابیان سوودی لێ ەرناگرن بەڵکو تەنها بۆ فەرمانبەرانە .

خوشکو براکانی تریش لەسەر ئەم مەسەلەیە ، ناڕەزایی‌یان دەربڕی بەرامبەر غەرمانبەرەکان .

هەر لەسەر کەمو کوریەکانی دانیشگا خوشکە (گوڵبەهار محمد أمین - دووی بایولوجی)لایەکی تری دەرخست :

دانیشگا هۆڵی خوێندنی زور کەمە ، ئەمەش زور گیرو گرفتمان بۆ دروست ئەکات ، هەروەها ماموستای کوردیش کەمە ، زۆر پێویستە کادرە عیلمیەکانمان ڕوبکەنە دانیشگای سلێمانی .

براەدر (سالار یونس - سێ‌ی ئەندازیاری) کە ناسراوە بە لایەنگیری هۆنەر ، باسی کەمو کوریەکانی دانیشگای کرد ڕووی هۆنەرەوەو ووتی :


دانیشگا سالی(٥٠٠) دیناری تەرخان کردووە بۆ چالاکی هۆنەری ، تائێستا هیچی لێ‌ سەرف نەکراوە ، بێجگە لەوەی هەر لە پارەوە چەندەها جار داواکراوە لە دانیشگا تیپێکی هۆنەری پێک بهێنرێ ، بەڵام داواکاریەکان ئەنجامی نەبووە ، وا ئەم سالیش تەواو بوو !!




فوزیە هاوار — بێ‌گەرد جلال — نەرمین فایق — احلام محمد




گلبهار محمد — جولیت خوشابا — پاکیزە محمد







جەمال مستەفا



دلدار محمد



سلیمان عمر




سالار یونس

سەردار حویز



institut kurde de paris



هوزانڤانێ لهیڤا ئو - بهرکهتی

ئهحمهد ئهمینی نالبهند

صادق بهاءالدین

شێخێتیا مایێ چو (چهلێ) لسهر توخوبێ کوردستانا تورکی ئو عیراقی . لدهڤهرا هەکاریا پرەنگین شەرگەهێ ئو وارگەهێ هوزانڤان ئو زانایێت بەرکەتیێت کورد، وەلاتێ ملەتێ کورد لێ ژی ئو پاشی لچار نکارا بطلاڤبوی ، نالبەندێ مە ئەگەر چی ژچاخ ئو ژ دەمێ کەڤنە کەنکەنێت ڤێ دەڤەرێ ژی ئەم لشولا دماهرین عادەتەك دانایی ئو تێرا چویین چو ، لسەر ئاوایێ تەرموکی ئو حەریری ئو باتەیی ئو ڤەقێ تەیران ئو پەرتو هەکاری چۆن دڤەهاندن ئو سەنگاندن ئو لێك ئینانا هوزانێت ئەڤینی ئو ئەڤیندارێ وەکی هەلبەستا بهاجەری گۆتی :

ئەز چ بێژم بو جەمالا تە
هاجەرێ
سور گولا وەختێ
سەحەر گافا ژقەسرێ تێ دەرێ
وەك ژقەسرێ تێتە بانی
سور گولی یا رەشی روحانی
فەخرا ئەهلێ ڤی زەمانی
کەسك ئو سور ئو ئەسمەرێ
هەر وەسا هەلبەستا (ئەسما)
گەوهەرێ ئو عیدا چەلیلا
ئەف هەلبەستا نالبەندی ژ
ڤەهاندنێت وی بێت گەلەکێت
بەرکەتی ئو سپەهیە ، ئەڤە
چەند مالك ژێ ژبو نمونە :
گواهبدەن قسا خەفیفە
شۆلەکا گوهدان زەریفە
بەحسەکێ خوشی ئو لەتیفە
ئەم لشولا دماهرین عادەتەك
من دی لچەلێ بو وان وەکی
دکر چاڤ مە لێ بو لائقێ
ڤێ مەسئەلێ بۆ دافەبن قەلبێت
حەزین . پاشی هەیامەکێ
خوشی ، نێزیکی ساڵەکێ پێتر
بێدەنگی ئو تەنایی بچویڤ
لدەڤەرا بەهدینا بەلاڤبو ، مەلا
ئەحمەدێ نالبەند گەلا جهو
مەوتنا ئو وارێت بابینێ لێدا ،
نەشیا خو ڕاگرێت ڤەگەریا
هاتە گوندێ بێدەوهێ لناف
بەرواریا بو مەلا . پاشی
هەیامەکێ مایی ، ژنەك لوێرێ
ئینا . ئەو ژی وەکی هەمی
کەسا بو خودان مال ئو سەرێ
وی رەبەنی ژی کەفتە سەر
بالگەهەکی ، ژخوشیادا ،
هەلبەستەکا ـ تێکبەستەکا ـ
شەنگا پڕ ڕەنگ ئو ڤەشەنگ
ژ کرمانجی ئو عەزەبی بو ترانە
ئو قامۆسی ئو حەنەکزەنی ئو
کەنینێ بخزمایینێ گوت ، کو
تژی نافێت ژنا ئو مێرانە ،
مخابن چو ژێ بەدست من
نەکەت کو پێش کێشی
خوینەدەڤانان بکەم . بەلێ
نالبەند گەلەك بخو ئو کابانیا
خو خوشنەبویە ، جارەکا دی
هێلینکا وی بویەڤە پیڤاز هەر
وەکی تێتە گوتن ئانکو خودێ
ژنکا وی برە بەر دلوڤانیێا
خو . پاشی سەرگەردان ئو بێ
خودان بویەڤە ، ژ بێدوهێ
چو گوندێ رویسێ لناڤ
گولیا . نالبەندی بنەکوفکەك
دانا ڤە ، ژنەك ژ رویسێ ئینا
خەما دولبەرا بەرێ ژبیرێ
برەڤە ، خودێ کەرەم دگەل
کر کورەك ژێ بو ، وەسا بمال
ئو خێزانا خۆ خۆشبو ، ناڤێ
رویسێ لسەر خودانا ناڤێ
خو کرە ئەحمەدێ رویسی هەر
وەکی سەیدایێ خالد حسینی
بناڤکری ، ژبەر هندێ نالبەندێ
نێزیکی دەهـ سالا لوێرێ مایە .
بەلێ چەرخا فەلەکێ یەومان
نەدایێ کو بو خو ڤەهسێت،
نانەکێ بسەرفەرازی ئو تەنایی
بخوت ، کابانیا وی دونیا روهن
لێ تاری بویە . چو پێ نەمایە
ئو ژدەست نەهاتیێە ژبلی
دیارکرنا ئێش ئو کول ئو
دەردێت دلێ خو دەهلبەستەکا
زێمارێ یاکو بکابانیا
خو بهەڤبشکا ژینا
خو گوتیێە . بەلێ ئەڤ
شوینەواڕە ژی بدەست مە
نەکەتیێە هەتا نهو . پاشی
بێ خودان ئو بێ کەس ئو
بێسەمیان بویەڤە ، کەلا خزم
ئو توخم ئو تەخەرا لێ دایە،
راست ڕێکا ئامێدێ گرتیێە،
چویە وێرێ ساڵا (١٩٤٤ ـ
١٩٤٥ زانیی) ئانکو نێزیکی
ساڵەکا دەرانەدر لوێرێ مایە،
لنك کەس ئو کارێت خو خەمێت
خو ڕەڤاندنە ، بەلێ چووێ وە
لێ نەمایە چویە سویلێ لناڤ
گولیا لسەر خابویرێ .
هەیامەکێ درێژ لوێرێ مایە .
پاشی رێکا ناڤ بەرواری
ژۆرێیا گرتیێەڤە هاتیێە
(خشخاشا) ئو (جەمسەیدا)
لوان هەر دو گوندێت بەرواری
ژۆرێیا مایە هەتا ساڵا
(١٩٥٧)ێ زاینی . پاشی
دیسا وەکی بەرێ ڕێکا
ئامێدێ گرتیێەڤە . بەلێ ڤێ
جارێ ژبنێ گوهی بویە ، ژبەر
نەخۆشێیت تێ ئالیاین ئو خو
بەرهنگارکرن ، لمالا خویشکا
خو عەدلا سوفی حوسەینی بو
لئامێدێێ دا بچی تە نەك
دوختوری . بەلێ هەر هەیام
هەیام سەرا بامەرنێ ددا ، چەند
ڕۆژا لوێرێ دما سوحبەت دگەل
دوست ئو هەڤال ئو هەڤگورا
دهەرشاندن هەتاکو دلێ خو
دکرە تویرەشك ، پاشی دا
بەروار بیتەڤە ڤەگەرێت
ئامێدێێ . بڤی ڕەنگی ساڵەکێ
لئامێدێێ رابارت ئو دگەل
سەیدایێ مەسعود حاجی
مصطفی ئامێدی گەلەك
بەرێکانێ کرن ، هەر ئێك دا
مالکەکی بێژیت ، یێ دی دا
دویماهێ پێ ئینیت ، ئانکو
سەرك دانان ئێك ژوابو ، بنك
یێ دووێ بو ، یان ژی بەروڤاژی
بو نمونە دێ ڤێ هۆزانا بناڤێ .
بویلکا ئو دەستکا ڤەهاندیێە .
دانیێە بەر چافانێت خوینەدە
ڤانان :

مەسعود : دوژمنا پویلکا
چ کربو لناڤ جهی نالبەند :
خانیێ ئافاکری ئەفرو ڕهی
مەسعود : تو بزانە ئەفرو
چو یا دوهی .
نالبەند: نێزیکە بهێنە وا
شینی تو بەهی پاشی نالبەند
ساڵەکا دەرانەدر لئامێدێێ مایی
ئو ژنەخوشی ئو دەردێت تێ
ئالیان بەر چاکێێ ڤە ڕۆژ بو
ڕۆژێ چویی ، ڕێگا خو گرت
چو بامەرنێ لوێرێ ما هەتا
یانزدێ (١١) مەها ئیلونێ ساڵا
(١٩٦١ ز) کو شۆڕشا
بەرەڤانیا کوردی لکوردستانا
عیراقێ دەستپێکر ئو جهێ
بەهدینا ئالوز ئو تەنگاڤ
بوی ، دارێ چو گوندێت
بەرواری ژۆرێیا بێت کو
شورشگێرا دەستێ خو دانایە
سەر ئو کار ئو بارێت وان
درێڤەدبرن، لوان گوندا ما هەتا
نیسانا ساڵا (١٩٦٤ ز) ، پاشی
هەوا بسەری کەفتی ، لدوی
گوتنا ، خو کوشت ئو چو بەر
ڕەحما خودێ . دبێژن بەری
خو بکوژیت ئو هەوا ژی
بسەری بکەڤیت چاڤێ وی بتەرم
ئو نەشێت زاروك ئو ژنکێت
کوشتی دکەڤێت کو بهزرا
وی ئەو هۆزان ئو هەلبەستێت
وی بملەتێ کورد گوتین ئو
ڤەها ندین بونە ئەگەرێت
زابوینا شورشێ ژبەر هندێ
چەند هەلبەست ئو بەیت ئو
هۆزانێت دگەل وی نڤیسی هەمی
سۆتن ئو خو ژی کوشت .

دویماهی هەیە

لەبیرەوەری "قانع"

ڕۆژی ٧ مایس ٩٧١ شەش ساڵ تی ئەپەڕێ بەسەر کۆچی دوایی شاعیری نەتەوایەتی خوازی کوردا « قانع » ئەم شاعرە لە ساڵی ١٨٩٨دا لەدایك بوەو لە ٧ مایس ١٩٦٥دا کۆچی دوای کردوە ..

فەرهەنگۆکەکی هەولێر

بەشی هەشتەمی فەرهەنگۆ کەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو فێرکردنی هەولێر :-

- ت -

تبلیغ : پێ ڕاگەیاندن
تخصیص : تەرخان کردن
تحریری : بە نووسین
تدریب : مەشق
تراکم : کەوتنە سەریەك
تربیە : پەروەردە
تزیین : رازاندنەوە
تسلسل : زنجیرە
تشبیە : وێك چواندن
تصدیق : بڕوا پێ کردن
تعاون : هاوکاری
تعذیب : ئازار دان
تعقیب : لێ پێ چانەوە
تعهد : بەڵێن

●

فلیمێکی سینەمایی کوردی

ئەسوەد هەڵگەوت

ئەوا بۆ دووەم جارە کەهونەرمەند مامۆستا عمر عەلی ئەمین بەناوی هاوڕێیانی گەزیزەوە لەسەر فلیمێکی سینەمایی کوردی لە ڕۆژنامەی هاوکاری خۆشەویستا ئەنووسێت .. وە لەهەرجارێ کیا باسیکی ڕاستەقینەو گرجو گۆڵی لەو بارەیەوە ئەکات کە بەراستی جێگای سەربەرزی و دڵخۆشی و ڕەزامەندی گشتلایەکەو هەموو هونەرمەندێکی شارەکەشمان پێ ویستە بەوپەری دڵسوزیەوە لایەنگیریان بکەن لەهەموورووێکی هونەریەوە بۆ ئەوەی ئەو پرۆژە هونەریە گەورەیەی کوردیمان بێتە بەرهەم وە بۆ یەکەم جار ببینین گەلی کوردمان خاوەنی فلیمی کوردی خۆیەتی و دیمەنە شیرینەکانی کوردستان لەسەر پەردەی سینەماکان ببینین ..

لیرەدا لەگەڵ ئەو داخوازی و بانگەوازەی هاوڕێیانی کەزیزمە کە پرۆژەکەیان دائەنریت بە بەسوودترین و شیرین ترین بەرهەم کەتاکو ئیستا هیچ تیپێك وەیان کۆمەڵێکی هونەری بەرهەمیان نەهێناوە .. وە زۆر ڕاستەکە چەپڵە بەیەك دەست لێ نادرێ .. ئەوەی کە هونەرمەندە وەیان هونەرمەندان لەئەستویانا بێت لەو بارەیەوە واپیکیان هێناوە . ئینجا ماوەتەوە سەر یاریدەدانو پێگەیاندنی ئەم بەرهەمەشیرینە کە ئەویش چەندە دڵسوزیك وەیان هەرهاونیشتمانیەك کەبتوانی پێك هینانی ئەو فلیمە بخانەسەر ئەستۆی خۆی وە بەرهەمی بهێنی .. لەسەرێ کەوەخزمەتە بۆ هونەری نەتەوایەتیمان . وە لەلایەکی ترەوە خزمەتیکی گەورەی نەتەوەی کوردە دەبا بە گشتلایەکمان پشت گیریان بکەین بۆ هینانەدی ئەو بەرهەمەپیرۆزە کە دائەنریت بە یەکەم چەپکە گوڵی هونەری کوردی لە سەر پەردەی سینەما ..

هونەر

چەند دوشەیەك

.. پەیکەر بۆ قارەمانانی ڕیگەی سەربەخۆێی و بەختیاری میللەتان دروست ئەکرێت .. وەبۆنەمریە نەك بۆرسواکردنو پێشێل کردنی ڕابوردوی پڕ شانازییان ... لامواپە هەموو کوردیك ئەو ڕاستیە بزانیت کە پیرەمێردی شاعیر ومرۆڤ پەروەر بۆ ئەوە خۆی نەکردە پێشمەرگەیەکی بەربەرەکانی کردنی دواکەوتنو نەزانینەو گەلەکەی ، کەوەك پلنگی کارتۆنو شێرەبەفرینە سەپیر بکرێت ولەقور پەیکەری بۆ بکرێت !

... خوێنەری خۆشەویست .. ئەوەی ئەم زستانە بەسەر پەیکەرەکەی پیرەمێرد هاتوە «سەرما بەهەتبو .. بابەدەواری شری نەکردوە .. » ... ئەڵین لەمەودوا ـ لەپاش کۆتایی بەکوشتار هێنان .. جگە لەمە ئەتوانین ئەوەندە بچرپێنینە گوێی ئەوانەی تاریکی شەویان ئەوێت و وەك شەمشەمە کوێرە چاویان بەخۆر هەڵنایەت .. ئەو کەسانەی هیوایان ئەوەیەخەڵکی بکەوێتە تەنگانەو خۆیان شادبن ئەو کابرایەی دەستەو دوعا ئەبێت باران نەباریێ و ڕێگا بەرەڵا نەکرێت و شەڕ بەردەوام بێت ، ئەم هەموو بەرچاو تەنگ چڵێسانە لێرەوە بەرەنگاریان ئەبینەوە و بەرووپانا هەڵئەشاخێنێ و (هەیهوو ، ئێوە بەسەرچوون) !. هەروا تیپەکەمان تیپی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی سوپاسی مامۆستا (محمد رشید) ئەکات کەبەرهەمی وا ئەهێنێتە بەرهەم .. هیوادارین هەموو نووسەرەکانمان نووکی خامەکانیان لە پێناوی کوردا لە مەیدانو لەکارا بێت ..

سەرنج ڕاکێشە سەیرە تائیستاش ، زۆر کەس لە کوردستانا خۆیان بەو تیپو کۆمەڵە هونەریانەدا هەڵواسیوە . بەونیازەی کە ناونابانگیان دەرکەوێت .. یابەخەو بینینی ئەوەوە کەتاجی سەری خەیاڵی دۆراویان دەست کەوێتەوە ، وبینە خاوەن قەبارەی زلوو بریقەدار وڵە هەمان کاتیشا وەك گای هیندی .. کارێکی وابکەن هەرخۆیان سەروەسێتوو لێ پرسراوی بزوتنەوەی هونەریین .. وببەرستڕێن .. لەکوتایی داتەنها ئەوەندە ئەلین کە تەجروبە چاکترین « مەحەك » بۆ جیاکردنەوەی هونەرمەندی لە نا هونەرمەندو خۆپەرست ، ولاموایە کاتی ئەوەش هاتبێت کە چاکی دڵسۆزی وخاوێنی لێ بکرێت بەلاداو .. وکاروانی یەکێتی وبرایەتی هونەرمەندان بەرەو پێشکەوتن وخزمەت کردن بکەوێتەڕێ ..

جەمال ڕەشید

بەرەو پاشە ڕۆژیکی ڕووناکتر، وەیەتەواوی بگاتە ئەر ئەنجامەی کەژیان خەباتە ، وخەباتیش پێ ویستی بەتوانا ریکخستنو بەردەوامی گەلە .. ولەهەمان کاتیشدا ئەوە بزانێت کە هێچ هێزیک نیەلەبەرتووڕە بوونو ڕقی دەوای هێزی ڕەشوو ڕووتی ئاراستەکراوا خۆی بگرێت .. چونکە مێژوو سەلماندویەتی کە سەرکەوتن هەربۆ هێزی زۆر لێ کراو ئەبێت ومێژووش هەرمێژووی ئەوانە .. جالەم قۆناخە مێژووی وناسکەی گەلەکەماندا هونەرمەند ، ئەرکیکی زۆر گرنگو مێژوییان ئەکەوێتە سەر ، بۆ پێشخستنو ڕێ نیشاندانی کۆمەڵ، بە جۆرێك کە لەقوڵای ئەو واقیعە بگەن فاختانکوف ئەڵێت« نوینەری مەزن ئەوکەسەیە کەبینەران سەر سووڕهینەر بکات .. » ، (کریستنکو) کە نوینەرێکی جیهانیە ئەڵێ .. « کاتیك ئەمەوێ دەورێك لەسەر شانۆ ببینم ، پیشەکی هەوڵی ئەوە ئەدەم کە نە هەمووڵایەکی ژیانی ئەوکەسە بگەم .. » .. خوێنەری دڵسۆز : ئەوەی لەسەرەتای زستانەوە نائیستا دوو جار بۆیەکراوە « لێ پڕۆزبێت .. ئەمجارە قەزوانی کراوە » ! وکەچەڵە بۆتەوە .. بەراستی شتیکی دروستو جوانە .. وهەر مەخسرەیەکە بۆخوی کە پاداشتی چاکە بەو جۆرە بدرێتەوە ؟!

.. ئەوەندە ئەڵێین کە پەیکەرەکەی پیرەمێرد و ناونابانگی .. ناوو ناوبانگی گەلەکەیەتی ، لە بەرئەوە پێ ویستی بەمەردایەتی وهیمەتی هەموو مرۆڤیکی دڵسۆزە ، کەلەناو زڕاندن ڕزگار بکرێت .. بەجۆرێك یانەوەتا بەیارمەتی حکومەتی شۆڕشوو دەوڵەمەندە کانی سلێمانی وەك (ڕصافی) پەیکەرێکی برونزی بۆ دابڕێژرێت .. یابەزووترین کات لابببرێت ، بۆ ئەوەی لەوە زیاتر « مێژوو » ڕوشاو نەبێت ؟

« نازاد »

وێنەی دەستکردی منداڵانی کوردستان



شارەکانی کوردستان بەشداری ئەو پیشانگایەیان کرد کە بە ناوی هەموو شارەکانی وڵاتەوە بە سەرپەرشتی وەزیری پەروەردەو فێرکردن لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەرمەندانەکان کرایەوە .

وە شارەکانی کوردستان« سلێمانی ، کەرکوك ، هەولێر دهۆك » ئەنجامی باشیان هەبو وەشاری سلێمانی لەپێشەوەی شارە سەر کەوتوەکان بو ،وەپلەی دوەمی وەرگرت جا ئەم ئەنجامە مژدەی پاشە ڕۆژێکی باشی منداڵانی کوردە ، چونکە ئەوە دەر ئەخات بە دڵسۆزی پەروەردە کراونو ماوەیەکی فراوانیان بۆ کراوەتەوە بین بەهونەرمەندانی پاشە ڕۆژی کوردستان . وەمنداڵانی کوردستان توانایەکی گەورەیان هەیە بەتایبەتی لە کوردستانی خۆشەویستا . کەرەسەی پیویستی لە بەردەمی هونەرمەندانا هەیە کە لەجوانی سروشتەوە وەری ئەگرن بێجگەلە عادات و جل و بەرگی نەتەوایەتی گوردی .

Institut Kurde de Paris

بیرێکی راگوزاری

● ئه ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستەیەک لە سەرمایەدارەکان ، ئەندامانی ئەنجومەنی پیران نووسراوێکیان داوە داواکەن بە سەربەرستی لە « پێکردنی شۆرت » ...

● وە .. ئەم « شۆرت »ەش ... تۆ بڵێی چیی بێ ؟! بێگومان « مێتینی » و «میدی» و ... « میکرۆ » تان بیستوە !! جلن .. ئافرەت لە سەربان دەکات ... ئەم « شورت »ەش هەر بابڵێن .. شتێکە لەو بابەتە..وەتا باشتر تێ بگەین « پانتۆڵی ریازە » تان بینوە ؟! دە « شورت »یش ئەوەیە !! بەڵام .. ژن .. یا کێ .. لەبەر .. بڵێم لەپێی ئەکات..

● یەکی لەو « سەرمایەدارانەی» نووسراوی«سەربەست کردنی شورت »ی ئیمزا کردوە بە رۆژنامە نووسەکانی ووتوە (ئافرەتی شوخ هەیە نایەوێ پوزی جوانیخۆی بشارێتەوە.. جائیتر ئێمەبۆ زۆریانلێبکەین و قەدەغەی بکەین) ... گوایە .. ئەمە هۆیەکە پاڵی بەو « سەربەستی » خوازانەوە ناوە داوای ئەوە بکەن « رێگادان بە بلاوبونەوەی شۆرت » شتێکی ئاسایی بێ و بەپێی یاسا قەدەغە نەبێ ...

● لەوانەیە بپرسی ... مەبەست لەم گیرانەوەیەو هێنانەوەی ئەم باسە چیە ؟! لەسەرەتاوە لەوانەیە وا تێبگەی .... کۆیرانە ... وەک « کۆنەپەرستێ » بەهۆی « شۆرت »وە ئەوەی ئەمەوێ بێڵێم ... بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کاتێ ئەو هەوالانەی لەسەرەوە بۆم باس کردن بۆ « لاویکی » لای خۆی « پێشکەوتن خوازم » خوێندەوە پاڵی لێدایەوەو دەستێکی هێنا بە « زوڵفەکانی لاجانگیا »و ووتی: ئەوەیە سەربەستی و تێگەیشتن لە زەوقی مرۆڤ و ... دیموکراتیەتو ... هتد ...

● ئێمە ... خەڵکە .. لە باریکیوا « شیواو » دا ئەژین هەمانە « لاو خوێندەوار» قسەی کابرایەکی ئەمریکای .. سەرمایەدار بۆ سەربەستی لە بەرکردنی « شۆرت » بەنرخ گرتنی سەربەستیو شتی والێک باتەوە بەبێ سەرنج دانی ئەوەی هەر ئەو کابرایە چۆن پشت گیری رژێمی ئەمریکا ئەکات بۆ سووتاندنی رۆژی بەدەیان « ئینسان » لە ڤێتنام و وولاتانی تری خواروی رۆژهەلاتی ناسیا ...

● خوێندەواریوا لەم کۆمەڵە تیک چوەی ئێمەدا هەیە هەست ناکات بەوەی « داواکردنی سەربەستی لە بەرکردنی شۆرت بۆ کچان و ئافرەت » نرخ دان نیە بە سەربەستی بەقەدەر ئەوەی هەر «تاوانیکی» تری ئەچێتە پاڵ هەزاران بە هەزار « تاوانی » سەرمایەدارەکانی ئەمریکاوە بۆ « تخدیر » کردنی « میشکی » لاوەکانی ئەمریکا لە لایەک « لاوانی دەرەوە » لە لایەکی تر ... تا بێ ئاگابن لە تاوانەکانیان و تێنو تاوی تورەی بە هۆشیار نەتەڤێتەوەو سەرنوگومیان نەکات ... وە با وریابین کە لەم کۆمەڵەدا وە لەم بارەی ئێمەی تیا ئەژین خوێندەواری وا هەیە پشت گرتنی ئەم جۆرە بیروباوەڕی دوژمنەکانی مرۆڤایەتی و پێش و پێش کەوتنی گەلەکەی بەیەکەوە ئەبەستێ ... با وریای « ئەمە دوو ڕوویە » بین ... ئێمە نەگرێتەوە ...!!

بەهرە

ڕووت کردنەوەیەک

١ – شایانی سەرنجەکە تاکو ساڵەکانی (٣٠) سەدەی ئێستا حکومەتی عەجەم هەرگیز دەستەڵاتێکی ئەوتۆی لە کوردستانی ئێراندا نەبووە ، کە بتوانێ خەڵک ژێر دەست بکا، کارم بەوە نییە ، کە بە داخەوە کوردەکانی ئێران سەرەڕای خەباتو تێکۆشان ، بژیان نەکراوە کە کێانیکی سیاسی کورد دامەزرێنن .. بەڵام حکومەتی ئێران هیچ کاتێک نەیتوانیوە لە کوردستان دەستەڵات بنوێنی . تەنانەت بەبێ موافەقەتی سەرەک عەشیرەتەکانی کورد ، حاکمی عەجەم هەرگیز نەیتوانیوە بیتە کوردستان .

٢ – بڵاو بوونەوەی دەستەلاتی سمکۆو ڕاپەرینەکەی بە پیچەوانەی نوسراوەی کاک برهان لەساڵی ١٩١٤ – ١٩١٨ نەبووە ، بەڵکو لە ساڵەکانی ١٩٢٠ – ١٩٢٥ دابووە .

٣ – ڕاپەرینی سمایل ئاغانەک گەیشتە سەر سنووری تورکیا بەڵکوو هەر لەسەر سنووری تورکیا دەستی پێکرد چونکەمیانداواو سنووری تورکیانییە ، بەڵکو سنووری ئازربایجانە .

٤ – ڕاپەرینی سمکۆ نەگەیشتە سنەو سنەشی رزگار نەکرد .

٥ – سمایل ئاغا لە (شارۆیران) چاوی بە رەزا شا نەکەوتووە، بەڵکو لە(سەڵماس)« شاپوور »ی ئێستا چاوی بە رەزا خانی میر پنج کەوت کەهێشتا نەبوبوو بە شا ، پاشان سمایل ئاغا گوتبووی « لە ژیانمدا دوو جار بەهەڵە چووم » یەکیکیان ئەوەیە کە (مارشەمعون) م کوشت ، دووەمیان ئەوەیە کە رەزا خانم نەکوشت .

٦ – رەزا شا داوای لە سمکۆ نەکردووە کە بێتە شاری شنۆیە . بەڵکو سەرتیپ (مقدم) « مظفر الدولة » بە هۆی سەرتیپ دوکتۆر اعلم سەرۆکی خەستەخانەی قشونی وڕمێ کە ئاشنای سمایل ئاغا بووە ، خەبەری دەداتێ کە لە شاری شنۆ چاویان پێک بکەوی . لە ولاشەوە کابرایەکی پیاوکووژ بەناوی محەمەدخانی قەرەجەداخی خەڵکی لای ئارەوێل کە بە ئیعدام حوکم درا بوو قەرار بووە پاش سێ ڕۆژ لە داری بدەن بانگی دەکاو پێی دەڵی ئەگەر بچی سمکۆ بکوژی بەرەڵا دەکرێ . محەمەد خان بەڵێن دەدا ، چەند کەس لە دەستەو پیاوی خۆی هەڵدەگرێ و لە بەرگی سەربازیدا بۆ شنۆ دەچێ .

سمایل ئاغا لە شنۆیە چاوەڕوانی سەرتیپ « مقدم » ئەبێ کە محەمەد خان دەگاتێ ، سمکۆ دەپرسێ مظفر الدولە لە کوێیە ، لە وەڵامدا دەڵێ لە دواوەیە ئیستە ئەگاتێ .. پاشان کاتێکی سمایل ئاغا لە گەڵ خەسرەوی کوڕی خورشید ئاغا پیاسە دەکا و چاوەڕوانی مظفر الدولە دەبێ، پشتیان دەکەوێتە ئەو شوێنە کە محەمەد ئاغاو پیاوەکانی خۆیان تیدا لە مەکۆ دابوو ، دەس ڕێژیان لێ ئەکەنوخورشید ئاغاو سمایل ئاغا دەکوژرێن .

٧ – عەمەر خانی شوکاک ، نەک هەر ئامۆزای سمایل ئاغا نەبووە، تەنانەت لەبەرەبابێکیش نین .

ئەوانە بون بە کورتی کە بە پیویستم زانی بیریان بخەمەوە .

نووسینی : شنۆیی

لە کۆتایدا زۆر سوپاسی کاک برهان شەرعی دەکەم کە وتارەکەی بوو بە هۆی ئەم ڕوونکردنەوەیە .. وە لام وایە ئەم جۆرە بیرەوەری ڕەخنەییە دەبنە هۆی گەشەو پەرە پێدانی ڕەخنەو ڕەخنە گرتن ، لە لاپەرەی ڕۆژنامە کوردی یەکاندا .

پاشەڕۆژی مام وسو

لەو کاتەدا هیچ ئاگایەکم لە خۆم نەبوو .. گیروگرفتم ئەوەندە زۆر بوو بەتەواوی بیرمی خستبوەوە کار بەو پارادەیەی کە بە تیلەی چاوویش ئەم ئەتوانی سەیری خۆم بکەم .. ئەوەی زۆریش منی خەریک کردبێ ئەو دیمەنە پڕ ئێشە بوو کە دوێنێ ئێوارێ لە ڕێگای ماڵەوەدا بەر چاووم کەوت .. دوێنێ کە بەرەو ماڵ ئەبومەوە لەو کاتەی کە ڕۆژ بو بووە دەرمانی یەکسانە ، لە ڕێگادا سەیرم کرد دوور بە دوور خاڵێکی ڕەش وتەق دانیشتبوو سەری بردبووە نێو هەر دوو ئەژنۆکانی ، بڕ بڕەی پشتیشی کەوانێکی دروست کردبوو ، گۆچانەکەشی قیت وەستا بوو لە نێو ئەژنۆ و باسکی چەماوەیدا ، کۆمەکەشی لە گەڵ لا ڕوومەتی چەپی یەک بوو بوو . ئەم دیمەنەش ڕێبوارو منی ئەخستە سەر سوپرمان .. چونکە بەش بە حاڵی خۆم هەر چەندە بەم شوێنەدا تێپەڕم ئەکردو مام وسوم ئەبینی هیچ جارێکم بەم ڕەنگە نەدی بوو ، لە بەر ئەوە ناچار بووم لەگەڵ مام وسودا بکەومە گفتوگۆکردن .. ئێوارە ناشیم لێکرد بەڵام زۆر بەکزی ڕەڵامی دامەوە ، وەکو پێشان نەبوو .. لە دڵی خۆمدا ووتم: بە خوا هەبێ و نەبێ شتێک هەر لە مام وسوی ڕوودەواوە .. حەزم کرد بزانم چیی یە ..؟ ڕووم کردە مام وسو و پێم گووت ! مام .. مام وسو : ئەمە چیتە ؟ بۆچ وەک ڕۆژانی پێشو نیت .. جاران دەم بە پێکەنین و دڵ خۆش .. ئێستاش زوێر و داماو .. پاش دوو سێ ئەم .. ئەمە ووتی : هەر وازم لێ بهێنە ؟ بەبێ شەرمیەکەوە ووتم : وازهێنانی چی !؟ بە خوا واز ناهێنم چونکە ئەمگەینیت بەزانینی گیروگرفتی تۆ .. کەزانی زۆر چڕم لەسەر لێپێچانەوە بە ناچاری وزەعەکەی بۆم گیرایەوە و ووتی

بڕا خۆت ئەزانی کۆمەڵی خێزانم بەملدا هاتووەو ئێستاش زەستانە .. نانی ئیلە ئلاشم لەمالا نییە نازانم چی بکەم. بەیانیش کوردۆی کوڕم بۆ قوتابخانە ئەڕوات فلستێکم نییە لەگەڵ خۆی ببات بۆ خەرجی وەکو هەوالەکانی خۆی .. جا بڕا چۆنتمن دێتە پێش جاو ئا لەبەر ئەوەیە ؟ منیش هەر لەبەر خۆم زویرنیم بەڵکو زیادو سێ هەند لەبەر منداڵەکانە

بڕایم حاجۆن

لەکارکردنداڕۆژ خۆم ماندوو ئەکەم لەگەڵ ئەوەش پێرێ ئێوارێ (حاجی ...) بەگوڕ هاتە سەرکار کەتەماشای کردم جگارەم ئەپێچایەوە .. بە هەموو دەنگێکیەوە بەسەری قیژانم و جوێنی پێدام و خەریک بوو لێشم بدات .. ئەو (حاجی ..)یەی کە هەر لەمنالیەوە هەردووکمان پێکەوە تەورە بووین و لە گەڕەکێکا ڕامان بوواردوە تا ئەو بووە بە (حاجی) و منیش بووم بە (کرێکار) .. بەهەش نەوەستا پێی ووتم : وسوە تەمەڵ لەم ڕۆژە زیاتر کارمان لا ناکەیت . بۆ بەیانیش نابێ بێتەوە سەرکار .. وەبانگی وەستا حەسەنی کرد و پێی ڕاگەیاند کە بەیانیو ڕۆژکانی تر نایەموە بڕوانە : ل ٧

ئەم دەستە ئەدیبو ڕوشن-بیرو هونەرمەندانە (شێرکۆ بێکەس ، حسین عارف ، جلال میرزا کریم ، کاکەمەم بۆتانی ، طاهر صالح سعید ، صلاح الدین احمد شوان ، عبدالله عباس ، ڕەفیق صابر ، احمد سالار) ئەم بانگەوازەیان بۆ نارد وین ، ئێمەش بەپێی سەربەستی بڕیارەکەوە ، پێشکەش بە خوێنەرە بەڕێزەکانی ئەکەین .

– هاوکاری –

ئەی قەڵەمە نەترسەکان.. یەکگرن !

ماوەیەکە .. کۆنەپەرستانی .. بە ڕواڵەت فریشتەو بە دەروون شەیتان! لەسەر شانۆی ناوبانگ ڕزیوی جادووگەریو تەڵەکەبازی بە هەر چوار پەڵی شکاویانەوە کەوتوونەتە سەماکردن ، سەماکردن بۆ ئەو دەڵەدیوی کومپانیانەی کە مەمکی پڕ نەوتیان داوە بە شانی تەمەنی شووڕەییو ئاپڕووی تکاوی مێژووی دوورو نزیکیانەوە !.

هاوارو هەڵپەی.. ئەمجارەی کاسە لێسەکان ! بەرەو ڕووی کاروانی وشەی سەربەستو بڕووسکەی قەڵەمی نەترسە !. ئەمجارەیان .. بە نیازی گەلە کۆمەکی دروست کردنە .. بۆ ڕێگرتن لەڕووناکی بزووتنەوەی بیری پێشکەوتوو نەتەوخوازانی وزەعەکەمان ! .. ئەمجارەیان . لە پەردەیەکی شانۆگەری ڕوو هەڵمالراوی بۆ دەس نیشان کراوا .. هاتنە کایەوە ! ئەکتەرەکانی سەر ئەم شانۆ ڕزیوە .. لە هاتو چۆیەکی بێ پشوودان .. بە گەرمەوە دەهۆڵ نەکووتنو قریوەی سەرچۆپی کیشی پشیان لە چەند لایەکەوە .. کەوتە دەنگ دانەوەی یەکتر ناسینەوە !.

ئەمجارەیشیان .. وەکوو .. هەر بە هەمان چەکی زۆر جاری تری.. شەرمەزاری ژەنگاویانەوە .. کەوتنە پیلانو پەلامار دان !.. بیر تاریکەکان، ئەیانەوێ خۆری ڕۆشن بیری .. سەردەمی ژیانەوەی نەتەوەییو نیشتمانیمان .. ڕووناکی سەدەی بیستەم .. بە بێژنگی چاخەکانی سەردەمی دیلێتیو سەدەکانی شەوەزەنگی ناوەڕاست بگرن !..

ئەیانەوێ !.. ئافرەتی کوردی ئەمڕۆ .. بخەنەوە دۆخی جاران .. جارانی ناو خەلووزانی لە بیرچوونەوەو ناو ئەفسانەی ئاوی نووشتە خواردنەوەو دۆشدامان بە دار پلارەکانی قەدەری زەبروو زەنگی پیاوەوە !.. ئەیانەوێ ! هەر لەو بەرگە قرچۆکەدا بمان هێڵنەوە کە لە پێش دەیان سەدەدا .. ئەکرانە بەر .. هەر بەو شێوەو نەریتە بخوێنو بڕۆینو بیر بکەینەوە .. کە ساڵە مردووەکان لەگەڵ خۆیاندا ناشتیانن و پاشماوەیان لە لای ئێمە نەبێ !.. لە شوێنانی تر . مۆزەخانەکانیشیان نایگرنە خۆ ..

ئەیانەوێ .. بەڵێنی کۆیلێتی یان .. بۆ تازە بکەینەوە .. دوای ئەوەی کەڵێ ژیانی کۆمەڵایەتیمان لە ملی پچڕانەوە ! بەڵێ بیر چەقیوەکان !.. ئەیانەوێ .. بیری بەردەوام بۆ پێشەوەی چووی خۆمانیان .. بۆ جلەو بکەینو .. جلەوەکەش بەینە دەست ئەوان ! بگەڕێنەوە .. گەڕانەوەی مل شکاندنی بەرەو دواوە !..

ئەیانەوێ .. لە پاڵ ئایینو خوا پەرستیدا .. لە پاڵ گریانی درۆزنانەی سەر شانۆ زڕاوەکەدا .. لە پاڵ زوالەتی ڕەوشتو پاکێتیدا .. لە پاڵ سێبەری مزگەوتو منارەکاندا .. بە بیانووی ئەو دروشمانەوە .. کە ئاوەژوو هەڵیان گرتوەتە لە ژێریا .. ئەڕۆنو لە سایەیدا بەسەر ورگی ئەمو ئەوەوە ئەللەوەڕێن .. کەوتوونەتە گەلە کۆمەکێ دروست کردن .. دژی هەموو ڕاستیەکو هەموو پاکێتیەک.

بۆ ڕەوشت ئەگرین !..

لەسەر ئافرەتی سەربەست .. ئەدوێن !..

لەسەر نەوەکانمان .. ئەکەنەوە !..

ئەی ترسنۆکە.. خزاوەکانی ناو ژووری پاڕانەوەی دەستەو ئەژنۆ داماو .. ئەی چاو بەستراوەکان .. لە کوێ بوون ؟.. لە کاتێکدا (ڕەوشت)ی چاکە .. ئەخرایە ژێر پێی پۆستاڵە ڕەشەکانەوە! لە کوێ بوون ؟.. لەکاتێکدا ئەی قەڵەمە نەترسەکانی کوردستان یەکگرن !. بۆ ڕاماڵینی .. بیری تاریکو درۆو دەڵەسەی ئەو شەیتانانەی لە بەرگی فریشتەدا .. خۆیان حەشار داوە !..

ئەی.. ئافرەتانی کوردستانی .. ڕاپەڕیو .. بتەقێنەوە .. بە ڕووی کۆنەپەرستانو پیلان-گێڕو دەسەنگە خورانا .. دەنکتان هەڵبڕنو .. پێکەوە .. عەبای دیلێتیو پەچەی تاریکی .. بسووتێنن .. وەرنە کۆڕی .. سەدەی بیستەمی مرۆڤی .. پێش-کەوتووەوە .

ئەی ڕۆشن بیران .. با ئەو دەنگانە کپ بکەین .. کە ئەیانەوێ ڕێ بە کاروانی وشەی سەربەست بگرنو بڕوسکەی قەڵەمی نەترس بکوژێننەوە .

ئازیز بەرزانجی

مام ئۆمەر مرد

دوێنێ ئێوارە خۆر تیشکەزێرینەکانی وردە وردە خەریک بوو خۆی لێمان ئەشاردەوە ، وەکو چاوشارکێمان لەگەڵدا بکا لە کەلێنی چیا بەرزەکانەوەوابوو. بەرەو کاروانی ئاوابوون ئەڕویشت ڕووناکی لێمان کزئەبوو هەر وەکو کۆتایی مۆمێک .. هەتا تاریکی بالی هێمنو لە سەر خۆیی بە سەر شارەخنجیلانەکەماندا بڵاوکردەوە ..

پاش حەسانەوەیەک هەر وەکو شەوانی ڕابوردوو بڕەو ژووڕە بچکۆلانەکەی خۆم بوومەوە بۆ خوێندنەوە . بەڕوو ژوور ڕوو خۆشو کامەران بووم بەڵام بە دڵ زۆر پەستو دڵگیر بووم بێئەوەی بزانم لە بەرچی وەبۆچی ..

کتێبێکی کۆمەڵایەتی کۆنە گرت بەدەستەوە کە باسی خوو ڕەوشتی مرۆڤایەتیو چیرۆکی بەسوودی کوردەواری تیابوو . پاش خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک زیاتر ئارەزووم ئەکرد کە پەرە دوای پەرە زیاتر بە پەرۆش ئەبووم بۆ خوێندنەوەی وەهۆشو بیرم زۆرتر لە گەڵیا ئەگونجاو حەزم ئەکرد هەتا تەواوی نەکەم سەر هەڵنەبرم چونکە بەڕاستی هەموو ڕەوشتو مرۆڤایەتیکوردەواری تیابە دیئەکرا بەتایبەتی دانیشتوانی دەرەوەی شار ..

لەم بیرانەدا ئەسووڕامەوە لە ناکاو پەڵارەو دل تەقێنیم بالی کێشایەوە بەسەرما . ناچار خۆم خەریکی پەرەبان ئەکرد وە ئەم دیوو ئەو دیووم پێئەکردن .

لە پڕ گوێم لە زریکەو هاوار بوو بە جارێ ئەو ناوەی هێنایە لێ ڕزین وەکو گۆمی شلەقاوی لێهات ..

(باوکە ڕۆ .. باو کەڕۆ..) ئەم دەنگانە ئاوازێکی غەمگینی

فۆلکلۆر و کوردیکی دوور وونزلات

طارق جەمباز

لەماڵی کاک ڕسول کەردیدا لەم دوایییە چاوم بە کوردێک کەوت کە لە – بەلجیکا – ئەژیێتو بۆ چەند مەبەستێکی نەتەوایەتی هاتبوە کوردستان ! ئەزانی بۆچی؟ ئەڵێم کوردستان چونکە چو بوە کوردستانی تورکیاش ولەوێ گیرابوو لە کاتێکا کە خەریکی نووسینەوەو تۆمارکردنی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی بوو .. کوردەکانی ئەو دیو زۆر ڕیزیان لێ گرتبوو وەکەووتبوی من تەنیا کوردی ئەزانم هەموو گەشابوونەوە.. چونکی تورکی نەزانیوە ...! کاتی کە سیخورەکان بەمە ئەزانن قۆڵبەسی ئەکەنو هەموو ڕەنجو کۆششەکەشی دەستی بەسەرائەگرن وبۆ ماوەی چوارمانگیش بەندی ئەکەن .. ئەگەر بالیۆزخانەی (بەلجیکا) شتێکی بۆ نەکرد با تا مردنیش بەرەڵا نەئەکرا ئەو تاوانەی کە درابوو پاڵ ئەم ئاوارەیە تەنیا ئەوەبوو کە کورد بوەو گۆرانی کوردی کۆکردۆتەوە لەسەرانسەری کوردستاندا .. ئەم براکوردە – جنسیەی بەلجیکی – هەبوو قسەی بەشێوەی کرمانجی سەروو ئەکرد .. باشە ، ئەبێ ئێمە چەند شانازی بەهەی وا بکەین کە لە دوورەوڵاتی ئەژیت وئەمەش هەستو نەستیەتی !؟ لەقسەی ئەم بڕایە وا دەڕئەکەوت کە ئەیەوێ شێوەی کرمانجی خواروو فێر بێت .. لەبارەی گۆرانیو فۆلکلوری کوردیەیەو ئەیووت : (ئەو گۆرانیانەی لەڕادیۆو تەلەفزیونا بیستومە ، گۆرانی کوردیان پێ ناڵێم ، چونکە گۆرانی کوردی بەیەک ئاڵەتی مۆسیقی ئەوترێ واتە شمشال یا بلوێر یا دوزەلەو زورنا ...) ئیمەی کورد ئەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ – بەتایبەتی – هونەرمەندەکان کە پێویستە گۆرانی لە کوردەوە وەرگرن بۆ کورد نەک لە ٧٠ ساڵ زیاتر تێپەڕ بووە . چونکە مووی سەرو ڕیش کەمێک تاڵی ڕەشی تیامابوو . وە چڕچۆ لۆچی زۆر کەوتبووە ڕوویەوە لەبەر ئەوەی ئەرق ڕشتنو بێکاریو هەژاری گەردڕون بااڵی کێشا بوو بە سەریا بە درێژای تەمەنی . مام هۆمەر خاوەنی ٧ منااڵی سەرو پێچکە بوو . منااڵی کۆرپە لەوڵاوەئەگروزایەوە دایکی خاوەن کۆرپەی بێوەژن ئەیڵاوەوە فرمێسک وەک بارانی بەهار بەروومەتەکانیا ئەهاتە خوارەوە ، منااڵەکان هاوارو زریکەی باوکەڕۆیان بوو بەدیار تەرمەکەوە ..

ئەم دیمەنە نە زۆر کاری تێکردم چونکە کەس نەبوو لە دراوسێکان بە دەنگیانەوە بێن وەبەشداری لەخۆدانو خەمباریان بکەن تەنیا تاقە دراوسێیەک نەبێت ئەویش لەبەر ئەوەی وەک خۆیان هەژارو لێقەوماو بوون.

کات ژمێر لەم کاتەدا ووردە ووردە خەریک بوو تەنگ بەکات ژمێری دووی بەرەبەیان هەڵ بچنێ . تاکو تەڕا کەس و کاری کۆڕی شینو شەپۆر کردن گەرم بوو . منیش لە بەردەرگا کە هەر چاوەری ئەوەم ئەکرد کە بە پێویستی سەر شانم هەڵ بسم بەڵام برا ئایا چەپڵە بەدەستێک لێ ئەدرێت. ناچار ملی ڕێگام نا بەرەو ژووڕە .

زنگانەکەم هەتا بەیانی گنگڵم ئەداو ئەتلامەوە بۆ مام هۆمەرو منااڵە هەتیوەوەکانی .لە داخ ئەم کۆمەڵە بێرەحمو بێبەزەیە . ئەم تەرمە هەرمایەوە هەتا بەیانی لەبەردەم ماڵو منااڵی مام هۆمەردا چگە لەوەی لەباتی زەردەخەنەو یاری کردنی منااڵەکانی مام هۆمەر گۆزابوو بە لاوانەوە وفرمێسکو پەژارە هەنسک ڕشتن .

جا بەڵای منەوە ئەم کەم تەرخەمیە ئەتوانم پەنجە بۆ دوو لا دڕێژ بکەم یەکەم کۆمەڵ خۆی ئایا بۆچی یارمەتی ناوردانەوەی یەکتر نەدەین لە کاتێکی واتەنگانەدا هەر هیچ نەبێت بە لایەنی کەمەوە با چاوێک لە باو باپیرانمان بکەین بۆچی یارمەتی فەقیرو هەژارو بێدەرەتانان نەدەین بۆچ ئەبێت ئەوەی نەیبوو لێ دوورکەوینەوە .. وە بە چاوێکی مرۆڤانەوە

بڕوانە : ل ٤

ئوتۆ کێرد

پێک هێنابوو چەند جاری ئەم هاوارو زیریکەیە دوو بارە بووەوە . منیش وەکو لە خەوێکی زۆر ترسناکا بم ڕاپەڕیمو زۆر شەڵەژام و بە پەشۆکاوی بەرەو دەنگەکە ملی ڕێگام گرت تا نزیک بوومەوە لە ماڵی (مام هۆمەر)ی هاوسێیمان کە لافاوی فرمێسک بەکول هەڵ ئەقوواڵ . پرسیم چی یە ئەوە – چی ڕوویداوە . دەنگێکی پر لە گریان وەڵامی دامەوە ووتی مام هۆمەر مرد .. مام هۆمەر مرد ..

هەر کە گوێم لە مردنی مام هۆمەر بوو وەکو خۆلی مردوو بکەی بە سەرما وابوو قەڵەمی دەستو پێم شکا توانای چوو– لاندنم نەبوو .

چونکە مام هۆمەر کابرایەک بوو لە چینی هەژارو چەوساوە لە تەمەنی ٤٥ ساڵیدا بوو بەڵام ڕۆژگار وای لێکرد بوو ئەگەر بت بینایە ئەت ووت تەمەنی لە ٧٠ ساڵ زیاتر تێپەڕ بووە . چونکە مووی سەرو ڕیشی کەمێک تاڵی ڕەشی تیامابوو . وە چڕچۆ لۆچی زۆر کەوتبووە ڕوویەوە لەبەر ئەوەی ئەرق ڕشتنو بێکاریو هەژاری گەردڕون بااڵی کێشا بوو بە سەریا بە درێژای تەمەنی . مام هۆمەر خاوەنی ٧ منااڵی سەرو پێچکە بوو . دایکی خاوەن کۆرپەی بێوەژن ئەیڵاوەوە فرمێسک وەک بارانی بەهار بەروومەتەکانیا ئەهاتە خوارەوە ، منااڵەکان هاوارو زریکەی باوکەڕۆیان بوو بەدیار تەرمەکەوە ..

ئەم دیمەنە نە زۆر کاری تێکردم چونکە کەس نەبوو لە دراوسێکان بە دەنگیانەوە بێن وەبەشداری لەخۆدانو خەمباریان بکەن تەنیا تاقە دراوسێیەک نەبێت ئەویش لەبەر ئەوەی وەک خۆیان هەژارو لێقەوماو بوون.

کات ژمێر لەم کاتەدا ووردە ووردە خەریک بوو تەنگ بەکات ژمێری دووی بەرەبەیان هەڵ بچنێ . تاکو تەڕا کەس و کاری کۆڕی شینو شەپۆر کردن گەرم بوو . منیش لە بەردەرگا کە هەر چاوەری ئەوەم ئەکرد کە بە پێویستی سەر شانم هەڵ بسم بەڵام برا ئایا چەپڵە بەدەستێک لێ ئەدرێت. ناچار ملی ڕێگام نا بەرەو ژووڕە .

زنگانەکەم هەتا بەیانی گنگڵم ئەداو ئەتلامەوە بۆ مام هۆمەرو منااڵە هەتیوەوەکانی .لە داخ ئەم کۆمەڵە بێرەحمو بێبەزەیە . ئەم تەرمە هەرمایەوە هەتا بەیانی لەبەردەم ماڵو منااڵی مام هۆمەردا

بڕوانە : ل ٤

پاشماوەی : دکتور کمال

فەرمانرەوای هەموو جیهان بوویێت ، ئیتر هەموو ناوەکان هەر بەکوردی ووترابن ...!!

پاشگرتنی رێبازی زانستێ بوونی کولێجێکی تایبەتی لەزانستگای سلێمانی (بو دیراساتی کوردی (کوردولۆگی) بوونی کۆمیتەیەکی تایبەتی بۆ سەرپەرشتی کردنی چاپکراوی کوردی (تا ئەوەندە چاپکراوی بێبایەخ نەکەوێتە بازارەوە) بوونی ئەمانەو گەلێک داوەزگای تر، چارەسەرکردنی گیروگرفتە رۆشنبیری یەکانمان ئاسان ئەکەن .

پرسیار : کورتەیەک دەربارەی ئەو دەسنووسە گرنگانەی کە دەربارەی رۆشنبیری کوردیمان ئەدۆێ وگەوتونەتە کتیبخانەکانی ئەوروپا ؟

وەلام : بۆ وەلامی ئەم پرسیارە باشتر وایە باسی ئەو کتێبەت بۆ بکەم کەپار هاین لەچاپکردنی بومەوە ، دەسنووسە کوردێکان (فیربادن - ئەلەمانیای رۆژئاوا -١٩٧٠) کتێبەکە بریتیە لە ٢١٣ لاپەرە (٢٠ × ٢٨ سم) لەگەل چوار وێنەی رەشو سپی و چوار وێنەی رەنگاو رەنگی چەند لاپەرەیەکی هەلبژاردەی دەسنووسەکانو نەخشەیەکی کوردستان بەپێنج رەنگ کە بە تایبەتی ئەو شوێنانەی تێدا دیاری کراون کە لە کتێبەکەدا ناویان هاتوە . ناوە رۆکی کتێبەکە بەکورتی بەم جۆرەیە :

أ - سەرەتا دەربارەی چۆنێتی هێنانیئەو دەستووسانە بۆ کتێبخانەکانی ئەلەمانیا لەلایەن رۆژهەلاتناسەکانی ئەلەمانیاوە چۆن لە سالی ١٩٦٥دا ئەو دەستنووسانەم بەرچاوکەوت وکەوتمە سەر خەباڵی ئەوەی لەچوارچێوەی کتێبێک دا باسیان بکەم .

ب : کورتکردنەوەو نیشانەکان .

ج : چۆنێتی نووسینی ناوە رۆژهەلاتیەکان بەتیپی لاتینی .

د : پێشەکی .. کۆنترین بەڵگەی ئەدەبی کوردی . دەربارەی میرنشینە کوردێکانو تەئسیریان لەپەیدا بوونی زمانە ئەدەبیە کوردێکان . زاراوەکانی زمانی کوردی وزمانی ئەدەبیو نوسینیان ، جیاوازیە سەرەکیەکانی نێوان زاراوە کوردێکان ، دەربارەی ئەدەبی فۆلکلۆری وئەدەبی نوسراو .

هـ : دەربارەی چۆنێتی وەسفو لێکۆلینەوەی و دەسنوسەکان .

و : وەسفی (٩٣) دەسنوسەکە ولێکۆلینەوە یان لەروی ناوەرۆکو زمانو ئەدەبەوە ، هەروا چ زانراوێت دەربارەی دەسنوسەکانو خاوەنەکانیانو نوسەرەکانیان هتد ..

ز : پاشکو .. دەربارەی پێنج دەستنوسی فارسی لەسەر کورد ، کەتا ئێستا بلاو نەکراونەتەوە .

ح : پێرست .. سەرچاوەکان ، دانەرەکان ، سەرناوی دەستنوسەکان بەتیپی لاتینی ، بەتیپی عەرەبی (دەستنوسانەی باسم کردن لە فۆلکلۆری کوردی نادوێن . دەستنووسەکان بەگشتی ئەدەبی نووسراون .

پرسیار : ئەو دەستنوسانەی کە دەربارەی فۆلکلۆری کوردی ئەدوێن چین ؟

وەلام : هیچ یەکێک لەو دەستنوسانەی باسم کردن لە فۆلکلۆری کوردی نادوێن . دەستنووسەکان بەگشتی ئەدەبی نووسراون .

پرسیار : باشە .. ئەی باشترین شێواز بۆ سوودوەرگرتن لەو دەستنووسانە چین ؟

وەلام : باشترین رێگا بۆ سوودوەرگرتن لەو دەستنووسانە ئەوەیە کە یەکەیەکە بڵاو بکرێنەوە بە شێوەیەکی رەخنەگرانە واتە بەراوردکردنی ئەو دەستنوسانەی یەکن لەگەل بەکێتری لەگەل لێکولینەوەو وبراون بۆ ئەڵمانیا . زیاتر لەنیوەی دەستنوسەکان یا لە کوردستان دەست ناکەون یا بە ناتەواوی هەن . ناوەرۆکی بەشی زۆری دەستنوسەکان شیعرن (دینیو دڵداریو داستانی قارەمانی ، دیوانو کۆمەڵە شیعری هەمەرەنگە) . دەسنوسەکان بەزۆری بەزاراوی گورانی (هەورامیو کەنوولەیی)وە بە کرمانجی باکوور وباشوور نوسراون .

پرسیار : باشە .. ئەی بەرامبەر قۆناغی ئێستای فۆلکلۆری کوردیمانو باشترین رێگایەک بۆ کۆکردنەوەو شیکردنی عیلمی یانەی ئەم بابەتە زلە چیە ؟

وەلام : دیارە مەبەست لەفۆلکلۆری ئەدەبە . لەماوەی ١٢٠ سالی رابردودا بابەتێکی ئەدەبی فولکلۆری زۆرمان کۆکراونەتەوە (پێشان لەلایەن رۆژهەلاتناسەکانەوە پاشان لەلایەن خۆمانەوە) . بەردەوام بوون لەسەر کۆکردنەوەی ئەو بابەتە فۆلکلۆریانە کارێکی بەکەلکە بەڵام بەس نیە . ئێستا کاتی هاتوە لەرووی ناوەرۆکو زمانیشەوە لێیان بکۆڵرێتەوە ، ئەوسا بە ناچاری خۆی رائەتەکێنی و کۆتو زنجیر ئەپسێنێو خۆی ئەخاتەجیهانێکی واوە کە هەست بە دیلێتی وشەو بەندو باوو قەوارەی رزیو نەکات . بێگومان ئەمەهەڵویستەش ئەنجامێکی سروشتی ی راپەڕینو سەرفرازی گشت نوێ خوازیەکە ، بەڵام لەو بڕوایەدام پاش چەند تاقی کردنەوەیەکی بەر بەرەڵای ئازادو چەند جەو جووڵێکی سەربەست لەو ئاسۆیانەی لێی ئەگەڕێن ، دیسانەوە پەل بۆ بەرهەمی کۆنو (تراث) دڕێژ بکەنو گەلکی لێ وەربگرنو بیکەن بە بناغەی نوێخوازیی یان چونکە هیچ نوێیەک بێ بنەڕەت نایەتە کایەوەو بگرە وێژە هەروەک پارچەیەک لە ژیانو مێژوو ، زنجیرەیەکی لە دووا نەهاتووی نەپساوی ئەم زەوی یەمانەن .. بۆیە ئەڵێم نوێخوازی نابێ لە رابردوو جیا بکرێتەوە، بە لای منەوە گەشەپێدانی کۆنو خستنە سەریەتی کەوا بگونجێ لەگەل رادەی پێشکەوتنو باری ئێستامانو گیانی شۆشگێرانەی چینە رۆشنبیرەکان ... هەر بۆیەشە ئەڵێم گشت راوەستانێک لە رووی ئەم نوێ خوازیی یەوە بەکەک خستنی، تاوانێکە لەمێژووی وێژەکەمان ئەکرێو تاسەوە هیوای نەوەکانی داهاتوو مانیش ئەتاسێنێ . بەڵگەی کۆنو دۆستانی وێژە - هەر چەندە هەندێ مافیان هەیە - جۆرە پەیوەندییەکی خێزانی پەیدا ئەکات لە نێوان دەنگ و مەبەستدا ، بەم شێوەیە رێبازێکی زیندووی پادار بۆ بەرهەمەکانی دیاری ئەکاتو ئەیانپارێزێ لە هەرەس بردنو رووخان ، ئەوسا وشەو زمان ئەبن بە تەوژمو کردار کە لە ناوەوەی کارەساتو رووداو هەڵقوڵێنو راستەوخۆش کار لە ناوەوەی خوێنەرەوار بکەن .. بۆیە ئەڵێم پیویستیمان بە شۆرینەوەی ئەو وشانە هەیە کە گەردو خۆڵی بەکارهێنانی چەند ساڵە سواندوویەتیو قەوارە کۆنەکان رووی راستی- یانی لێمان ون کردووە ، بۆ ئەوەی لە تواناندا هەبێ بناغەی جیهانێکی تر بنیات بنرێ کە قەشەنگ ترو رەسەنتر و خاوێن تر بێت لەوەی هەیە ، ئەمەش لە پێشەوە وا لە وێژەوانی نوێخواز ئەکات تا رادەیەک - هەر چەندەش بۆ ماوەیەک - پەیوەندی خۆی لەگەل کۆنەدا بپسێنێ بە مەرجێک دلاوەریو راپەڕینی خۆی بپارێزێ بو بەرهەنگاربوونی ئەو گرفتانەی لە داهاتوودا تووشی ئەبێ ، بۆیەشە ئەڵێم ئەو پەیوەندییە کۆنانەی لە مێشکی لا دات تاوەکو نەبنە کۆسپ لە رێگەی راپەڕینی بێ سنووری بەرەو پێشچوون ، لێرەدا چەند مەقۆمەقۆیەکی بەجێ دێتە نێوان، کە کەسانی نەشارەزاو نابەڵەد پەیدا ئەبن کە لە پاشاندا شوێنەواری ئەم نەشارەزاییە- یەیان لە بەرهەمەکانیاندا جێی خۆی ئەکاتەوەو بە شێوەیەکی کرچو کاڵو فەریک دێنە سەر شانۆی وێژەکەمان . بەڵام لێرەدا ئەم پرسیارە راستە ئەکەمەوە ، ئایە وێژەوان کەی نوێخواز ئەبێ ؟ وە بۆ ؟ . بە کورتی وەڵامی ئەم پرسیارە بە لای منەوە وایە : نوێخوازی - بدعە - یەک نیە راستەوخۆی بێ رەچەڵەک بێتە کایەوە ، بگرە جۆرە پێشکەوتنێکی زنجیرەییە کە وردە وردە لە مێشکی هونەرمەندا ئەتەقێتەوە ، کاتێ وێژەوان ئاڵای نوێخوازی هەڵئەکات کە هەست بەوەو ئەکات و وێژەکەی ماویەکی دوورودرێژە خۆی ئەجووێتەوەو لە چەند قەوارەیەکی تاسێنەر نایەتە دەرو جڵەوی مێشکی لە راپەڕینو هەڵمەت بردن خستووە ، ئەوسا بە ناچاری خۆی رائەتەکێنی و کۆتو زنجیر ئەپسێنێو خۆی ئەخاتەجیهانێکی واوە کە هەست بە دیلێتی وشەو بەندو باوو قەوارەی رزیو نەکات . بێگومان ئەمەهەڵویستەش ئەنجامێکی سروشتی ی راپەڕینو سەرفرازی گشت نوێ خوازیەکە ، بەڵام لەو بڕوایەدام پاش چەند تاقی کردنەوەیەکی بەر بەرەڵای ئازادو چەند جەو جووڵێکی سەربەست لەو ئاسۆیانەی لێی ئەگەڕێن ، دیسانەوە پەل بۆ بەرهەمی کۆنو (تراث) دڕێژ بکەنو گەلکی لێ وەربگرنو بیکەن بە بناغەی نوێخوازیی یان چونکە هیچ نوێیەک بێ بنەڕەت نایەتە کایەوەو بگرە وێژەهەروەک پارچەیەک لە ژیانو مێژوو ، زنجیرەیەکی لە دووا نەهاتووی نەپساوی ئەم زەوی یەمانەن .. بۆیە ئەڵێم نوێخوازی نابێ لە رابردوو جیا بکرێتەوە، بە لای منەوە گەشەپێدانی کۆنو خستنە سەریەتی کەوا بگونجێ لەگەل راەدی پێشکەوتنو باری ئێستامانو گیانی شۆشگێرانەی چینە رۆشنبیرەکان ... هەر بۆیەشە ئەڵێم گشت راوەستانێک لە رووی ئەم نوێ خوازیی یەوە بەکەک خستنی، تاوانێکە لەمێژووی وێژەکەمان ئەکرێو تاسەوە هیوای نەوەکانی داهاتوو مانیش ئەتاسێنێ . بەڵگەی کۆنو دۆستانی وێژە - هەر چەندە هەندێ مافیان هەیە - ئەوەیە ئەم ئازادیەیە بێ سنووری ئەم نوێ خوازیەیە ، هیچ کێشو سەنگو پێوانێک ناهێڵێ لە ئارادا و مەیان فراوان ئەبێ بۆ گشت کەسێک سوار بیو رمبازی بۆ خۆی بکات ، بەڵام ئایە تاجی گەوهەری نووسین بۆ بە چەند سەرێکەوە بێو کەسی تریش لە لاوان مافی ئەوەیان نەبێ تاجێکی کاغەز بخەنە سەر خۆیان ، بۆ پەند لە مێژووی وێژەکەمان وەرنەگرین کە چەندەها بەرهەمو ناو ونبوونو جێی پای خۆیان نەکردەوە ، تەنها لەبەر ئەوە نەبووە کە فەریک بێ بایەخ بوونو لەگەڵ گیانی سەدەکەیان نەئەگونجان! کەوابوو با بە دەروونێکی بێگەردەوە بڕاونینە بەرهەمی نوێمان ، بێگومان قاڵو پوخت خۆی ئەسەپێنێو کاڵو پڕنەگەیشتوش لە جێی خۆی ئەرێزێو لافاوی مێژوو رای ئەمالێت . جا بۆیە دووپاتی ئەکەمەوە هیچ کەسێک بۆی نیە خۆی بکاتە پۆلیسی ئەموشۆ کردنو بە گوێرەی هەڵویستو سەرنجدانی خۆیو شێوەی بیرکردنەوەی ، چەقی رێگا بگرێ ، تەنها کەسانێک مافی ئەم کارەیان هەیە کە شارەزایی یەکی تەواویان هەیە لە رەخنەی مەوزووعیو ئاگاداری ئەو ئاسۆیانەن کە وێژەی جیهانی پێی گەیشتووە .

بەڵای منەوە وێژەی کوردیمان - بەتایبەتی چیرۆکو هەڵبەست- لە هیچ گیروگرفتێکدا نیە ، ئەم دروشمە کەسانێک بەرزی ئەکەنەوە کە سەلبینو مەترسی لە دوارۆژی بەرهەمەکانی خۆیان ئەکەن . نوێخواز هیچ کاتێک دان بە گیروگرفتدا نانێ تەنها ئەوەنەبێ کە هەمیشە لە خولیای پشکنینو ناقی کردنەوە دا ئەژی ، هەروەهاش بەرهەمەکانیان بە پردێک ئەزانن بۆ گەیشتن بەوە کە عەوداڵی بوون بێگومان هیچ وێژەیەک ناگاتە ئەنجام چونکە وێژە وەک ژیان ئەنجام نیە ، کەواتە نوێخوازی ئەو رەوڕەوەیە کە روو لە ئاسۆ ئەکات ، هەرچەندە بۆ پێشەوە بڕوات ئاسۆی تری لێ ئەکرێتەوە ، خۆ هەرچەندەش رەوڕەوەی وێژەکەمان تووشی هەڵدێرو قۆرتو کۆسپ بێ لە رێگەکردنی ، بە لای منەوە باشترە لەوە لە جمو جووڵ بکەوێو گیرۆدەی بیرو شێوەی بەسەرچوو بێ . خۆ نموونەش زۆرە بۆ یاخیبوون لەدەسرازەی نەگونجاوی کۆنو بانگەوازی نوێخوازانی جیهانی وەک (رامبۆ) و (لوتریان) و (کافکا) و (لورکا) و زۆری تر .. کە هەتا ئێستاش هەوێنی لێکۆلینەوەو سەرنجو پشتگیری زۆربەی رەخنەگرانی ئەم سەدەیەمانن .

راستی یەک هەیە کە مایەی شانازی ی دوارۆژی گەلەکەمانە ئەویش ئەو پەیوەندی (التزام) تووندەی نوێخوازانی (روانگە) یە بەرامبەر نەتەوەی کورد بەو شێوەو تاکتیکو جۆرەی پەسندیان کردووە بۆ دەربڕینی هەستو تۆمارکردنی رووداوەکان ، ئەم روانگەتە پیرۆزەش مەگەر بە کەمی بەرچاو بکەوێ لە بەرهەمی وێژەوانانی تردا ، وا دیارە ئەم هەڵویستە راستەش لە بەراوردێکی بنەڕەتی ئەم نوێ خوازانەوە هەڵقوڵاوە کەوا (هونەر) هاوتای (یاخیبوونە)و یاخی بوونیش واتە لاچوونی شێوەو ناوەرۆکی کۆنو جێ چۆڵ کردنی بۆ (نوێ) بە مەرجێک ئەم جێ چۆڵ کردنە نەبێتە هۆی تووڕەهەڵدانی کۆنو پێشێل کردنی (نوێ) ی کۆرپە .

کەوابوو وەک لە سەرەوە ڕوون بوەوە نوێخوازی کارێکی تازە بابەتنیە سڵی لێ بکرێتەوە ئەوەیەئەم ئازادیەیە بێ سنوورەی ئەم نوێ خوازیەیە ، هیچ کێشو سەنگو پێوانێک ناهێڵێ لە ئارادا و مەیان فراوان ئەبێ بۆ گشت کەسێک سوار بیو رمبازی بۆ خۆی بکات ، بەڵام ئایە تاجی گەوهەری نووسین بۆ بە چەند سەرێکەوە بێو کەسی تریش لە لاوان مافی ئەوەیان نەبێ تاجێکی کاغەز بخەنە سەر خۆیان ، بۆ پەند لە مێژووی وێژەکەمان وەرنەگرین کە چەندەها بەرهەمو ناو ونبوونو جێی پای خۆیان نەکردەوە ، تەنها لەبەر ئەوە نەبووە کە فەریک بێ بایەخ بوونو لەگەڵ گیانی سەدەکەیان نەئەگونجان! کەوابوو با بە دەروونێکی بێگەردەوە بڕاونینە بەرهەمی نوێمان ، بێگومان قاڵو پوخت خۆی ئەسەپێنێو کاڵو پڕنەگەیشتوش لە جێی خۆی ئەرێزێو لافاوی مێژوو رای ئەمالێت . جا بۆیە دووپاتی ئەکەمەوە هیچ کەسێک بۆی نیە خۆی بکاتە پۆلیسی ئەموشۆ کردنو بە گوێرەی هەڵویستو سەرنجدانی خۆیو شێوەی بیرکردنەوەی ، چەقی رێگا بگرێ ، تەنها کەسانێک مافی ئەم کارەیان هەیە کە شارەزایی یەکی تەواویان هەیە لە رەخنەی مەوزووعیو ئاگاداری ئەو ئاسۆیانەن کە وێژەی جیهانی پێی گەیشتووە .

بەڵای منەوە وێژەی کوردیمان - بەتایبەتی چیرۆکو هەڵبەست- لە هیچ گیروگرفتێکدا نیە ، ئەم دروشمە کەسانێک بەرزی ئەکەنەوە کە سەلبینو مەترسی لە دوارۆژی بەرهەمەکانی خۆیان ئەکەن . نوێخواز هیچ کاتێک دان بە گیروگرفتدا نانێ تەنها ئەوەنەبێ کە هەمیشە لە خولیای پشکنینو ناقی کردنەوە دا ئەژی ، هەروەهاش بەرهەمەکانیان بە پردێک ئەزانن بۆ گەیشتن بەوە کە عەوداڵی بوون بێگومان هیچ وێژەیەک ناگاتە ئەنجام چونکە وێژە وەک ژیان ئەنجام نیە ، کەواتە نوێخوازی ئەو رەوڕەوەیە کە روو لە ئاسۆ ئەکات ، هەرچەندە بۆ پێشەوە بڕوات ئاسۆی تری لێ ئەکرێتەوە ، خۆ هەرچەندەش رەوڕەوەی وێژەکەمان تووشی هەڵدێرو قۆرتو کۆسپ بێ لە رێگەکردنی ، بە لای منەوە باشترە لەوە لە جمو جووڵ بکەوێو گیرۆدەی بیرو شێوەی بەسەرچوو بێ . خۆ نموونەش زۆرە بۆ یاخیبوون لەدەسرازەی نەگونجاوی کۆنو بانگەوازی نوێخوازانی جیهانی وەک (رامبۆ) و (لوتریان) و (کافکا) و (لورکا) و زۆری تر .. کە هەتا ئێستاش هەوێنی لێکۆلینەوەو سەرنجو پشتگیری زۆربەی رەخنەگرانی ئەم سەدەیەمانن .

راستی یەک هەیە کە مایەی شانازی ی دوارۆژی گەلەکەمانە ئەویش ئەو پەیوەندی (التزام) تووندەی نوێخوازانی (روانگە) یە بەرامبەر نەتەوەی کورد بەو شێوەو تاکتیکو جۆرەی پەسندیان کردووە بۆ دەربڕینی هەستو تۆمارکردنی رووداوەکان ، ئەم روانگەتە پیرۆزەش مەگەر بە کەمی بەرچاو بکەوێ لە بەرهەمی وێژەوانانی تردا ، وا دیارە ئەم هەڵویستە راستەش لە بەراوردێکی بنەڕەتی ئەم نوێ خوازانەوە هەڵقوڵاوە کەوا (هونەر) هاوتای (یاخیبوونە)و یاخی بوونیش واتە لاچوونی شێوەو ناوەرۆکی کۆنو جێ چۆڵ کردنی بۆ (نوێ) بە مەرجێک ئەم جێ چۆڵ کردنە نەبێتە هۆی تووڕەهەڵدانی کۆنو پێشێل کردنی (نوێ) ی کۆرپە .

کەوابوو وەک لە سەرەوە ڕوون بوەوە نوێخوازی کارێکی تازە بابەتنیە سڵی لێ بکرێتەوە

وەزارەتی کاروباری ژوورو بەڕێوەبەرایەتی ئینحصاری توتن - مەلبەندی گشتی -

ئاگاداری ژمارە (٢١)ی سالی ١٩٧١ لە بەڕێوەبەرایەتی ئینحصاری توتنەوە مناقەصەی گواستنەوەی توتن

ئیدارەی ئینحصاری توتن بانگی هەموو ئەوانەی ئەیانەوێ بەشداری بکەن لە مناقەصەی نەهێنی گواستنەوەی توتنەکەی لە وە بۆ ئەو شوێنانەی کە لەمادەی یەکی مەرجەکانی مناقەصە دیاری کراون .

عەطائات پێشکەش ئەکرێ لەناوزەرفێکی مۆر کراودا بۆ سکرتێری ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی لە بەغدا پێش وەیا لەسەعات دوانزەی رۆژی شەموڕێکەوتی ١٥-٥-١٩٧١ بە مەرجێک لەگەل عەطائاتەکان تأمینات (١٥٠٠) هەزارو پینج سەد دینارو گەفالەی مەصرەفیو باوەرنامەی بەشداربوون لە غورافەی تجارە وەیا باوەرنامەی تەسجیل لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی زەریبەی دەخڵی گشتی ، پێش کەش کرێ .

ئەتوانری ئاگاداریو مەرجەکانی مناقەصە بەدەستخرێ لەلایەن سکرتێری مەجلسی بەڕێوەبەرایەتی لە مەرکەزی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەوە لە مەرکەزی بەڕێوەبەرایەتیە کانی ئینحصاری توتن لەسلێمانیو هەولێرو نەینەواو کەرکوک .

بەڕێوەبەری گشتیو سەرۆکی مجلسی بەڕێوەبەرایەتی ئینحصاری توتن عبدالکریم توفیق

پاشماوەی : مامۆستا

سەرکار . وە گشتکێ لەو مژووڕانەی کە ئەوەمان کۆکردەوە و ووتی وسوم لەبەر تەمەڵی دەرکردووە چونکە ئێمە ڕەنجدانو مل کوتانو ئاڕەق ڕشتمان لە کرێکار ئەویێت نەک چگارە پێچان .. زۆر نەڕۆشت پایدوزکردن هات و گەڕامەوە ماڵەوە بە زوریی . هەر چەند لێیان پرسیم بۆچ زوریی ؟ زویر نیم .. بەڵام چی بکەم ئەمە دنیایە .. منیش ووتم : بەخوا ڕاستە .. لەم دنیایەدا پیاو خۆش وناخۆشی ئەبێنێت هیچ چاریشمان نیی یە، یان ئەبێ سەر شۆڕکەین و نان بخوێین یان دارو بەردو خامە لە دەوری خۆمان گرد کەینەوە بۆ ئەوەی بگەین بە خۆشی .. مام وسو هیچ خۆت زویر مەکە چونکە پاشە ڕۆژ هەر هی تۆیە بەخوا ئەو حاجی قادر ئاغایەی کە تۆی لەکار خستووە و جوێنی پێدایت هەر ئەکەوێتە بەر چنگی تۆ .

با ئەمەشت بۆ باس کەم ژیانی کرێکارانیش لە کۆنەوە لە ناخۆشدا بووە .. وە هەر ئەوانیش لەڕەنجدان و ئەزیەت و پەژارەی دا ژیاون . لەبەر ئەوە شە ئەمڕۆ لە جیهاندا ناوبانگیان هەیە .. و بوونەتە هێزێکی کارگەری میللەتان لەچوارچێوەی جیهاندا و ئالای خەباتیان بەدەستەوە گرتوە لە پێناوی خۆشی هەموو هێزەکانی کۆمەڵی جیهانا . تێ ئەکۆشن .. ڕەنج بگرە ڕێڕەوی سروشتی وێژەکەمانە کە ئەبێ باوەشی بۆ بکەینەوەو بەچاوێکی وردبینەوە بڕوانینە هەنگاوەکانیو چاوەڕوانی پێشکەوتنی هەمیشەیی بین . هەروەکوو باوەشمان کردەوە بۆ ڕۆمانسیەتو ڕیالیزمو ڕیالیزمی نوێ کە هەموو شۆڕشو یاخیبوون لە بوون لە کاتی خۆیاندا و شوێنەواری خۆیان هێشتەوە لە وێژەکەماندا .

لەم باسو سەرنجەمدا پەنجەم بۆ بەرهەمەکانی (روانگە) دڕێژ نەکرد تەنها بە شێوەیەکی گشتی نەبێ کە زۆربەیان لە ناوەوەی رووداوەکانەوە رووداوونو چەند تاکتیکێکی جیاوازو تازە بابەتی تێدا بەدی ئەکرێ ، ئەم کارە گرنگە دا ئەنێم بۆ پسپۆرێکی کارشوناسو ڕەخنەگرێکی لێهاتوو کە یەکالایان بکاتەوەو بیانخاتە بێژنگی ڕەخنەی زانستیەوەو نرخی ڕاستەقینەیان بخاتە ڕوو .

تۆشەبەرەی هاوکاری

زایەڵەی زەنگ

● زنجیرەی یەکەم لە هەڵبەستەکانی شاعیر ئەژی گۆران کەوتە بازارەوە کاك ئەژی دانەیەکی پێشکەش کردوین سوپاسی ئەکەین .

●

بوزانین

بۆ ئاگاداری ژمارە (١١)ی سالی ١٩٧٠ لە ئیدارەی ئینحصاری توتنەوە

بە پێی ئەحکامی فەقەرەی چوار لە مادەی نۆزدەهەم لە قانونی ئینحصاری توتنوگۆڕینەکانی ژمارەی ٥٤ سالی ١٩٥٢ ، وە لە سەر ئەوەی لە نووسراوی سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار - دائرەی دارای - دا ژمارە ٢٩٥٤ لە ١٧-٣-١٩٧١ داهاتوە :

یەکەم : ئەم بۆ ئاگادارییەدوا نرخی کرینی توتنو تەنباک لە بەرهەمی سالی ١٩٧١ بەمجۆرە دیاری ئەکەین :

أ - توتنی چاککراو

(توتنی خام)	نرخی یەک کیلو بە فلس
دەرەجەی ممتاز - ١	٤٠٠ چوار سەد فلس
دەرەجەی ممتاز - ٢	٣٦٠ سێسەدو شەستفلس
دەرەجەی یەک - ١	٣٣٠ سێسەدو سی فلس
دەرەجەی یەک - ٢	٣١٠ سێسەدو دە فلس
دەرەجەی دوو - ١	٢٦٠ دووسەد شەست فلس
دەرەجەی دوو - ٢	٢٤٠ دووسەدو چل فلس
دەرەجەی سێ - ١	٢٢٠ دووسەدو بیست فلس
دەرەجەی سێ - ٢	٢٠٠ دووسەد فلس
دەرەجەی چوار	١٠٠ سەد فلس

ب - تەنباک :

تەنباک دەرەجەی ممتاز (بێشیلە و خۆی) ٢٧٥ دوو سەدوو حەفتاو پێنج فلس .

تونکە یان شاڵات -

دەرەجەی یەکەم	٢٢٠ دووسەدو بیست فلس
دەرەجەی دووەم	١٨٠ سەدوو هەشتا فلس
دەرەجەی سێیەم	١٥٠ سەدوو پەنجا فلس

دووەم : کرێ گواستنەوە بۆ ماوەیەک لە پێنج کیلو مەتر زیاتربێ لە بەینی کێلگەکەوە بۆ شوێنی وەرگرتنی بەم جۆرەئەبێ :

بەخوا قسەکانت دڵی تەنگمی فراوان کردەوە .. دەفەرمو با پێکەوە بڕۆینەوە .. کە نزیکی ماڵیان بوینەوە پێش خوا حافیزی کردن ووتی : کورە وەڵاقسەی تۆیە ئەم حاجی قادر اغایە هیچ نییە هەر ئێمەین .. ئینم

برایم حاجۆن

---

١ - (١٠) دە فلس بۆ هەرسەد کیلوگرام توتن بەرامبەر یەک کیلومەتر بۆ ئەو ڕێگایەی بە هەوی چارەوێ وە ئەگوێزرێتەوە .

٢ - (٥) فلس بۆ سەدکیلوگرام توتن بەرامبەر یەک کیلومەتر بۆ ئەو ڕێگایەی ئۆتۆمۆبیلی تیا بەکار ئەهێنری .

٣ - (٥) فلس بۆ سەدکیلوگرام تەنباک بەرامبەر کیلومەتریک بۆ ڕێگای گواستنەوەی تەنباک بەهۆی چارەوی یان ئۆتۆمۆبیللەوەبێ .

بەڕێوەبەری گشتیو

سەرەکی ئەنجومەنی تیدارە

عبدالکریم توفیق

کێتێبی

سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی .

نووسینی : دوکتۆر عزەددین مستەفا رەسول کەوتە بازارەوە

●

Institut Kurde de Paris

ژمارە : ١٧
٨ی ئایار ١٩٧١

لاپەڕەیەکی سەربەست

بەسەرپەرشتی : نوری حەیران

لەم ژمارەیەدا گۆڕاوە

هەموو شایەنی ئەوەیە بگوترێت ، سروشتو هەموو ئەوشتانەی لە چوار چێوەی سروشتدایە لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە ، بەبێ وەستان ، تاقە شتێ کە ئەوگۆرانەی بەر نەکەوێت ئەوەیە کە رەوڕەوەی مێژوو هەمیشە هەر بەرەو پێشەوە دەڕوات ، رێدەکەوێت بۆ ماوەیەکی کەم راوەستێ بەڵام هەرگیز ڕووی نەداوە کە بۆ دواوە گەڕابێتەوە .. جا کە شتەکە ئاوابی ، ئیتر بۆچی ئەوەندە سڵ لە پێشکەوتن بکەینەوە .. بۆ سڵ لە شتێکی تەبیعی بکەینەوە کە دەبێت ڕووبدات ..

هەتا ئێستاش لەناو میللەتی ئێمەی کورددا « لەگەڵ هەزار داخدا » کە سانی واهەن کە دەیانەوێت شتێک بکەن ، کە تەنیا ، ئەوشتە ناکرێت !.

بەڵی ناکرێت مێژوو بەرەو دواوەبەرین !! چونکە نابرێت ! ئەوەندەی لەگەڵ شتێکی سەختو گرانی لەدەست نەهاتوودا خۆمان خەریک بکەین بانیوەی ئەوە هەوڵی ئەوەبدەین لەو شتە نوێیانە تێبگەین کە بەڵامانەوە « سەیرەو هەزم ناکرێت » هەر بەتۆزێک سەیر کردنی دڵفراوانییەوە ، بەدڵیکی ئەو کەسەوە کە مەبەستی راستییە ، ئا بەو دڵەوە توزێک سەیر کردن زۆر بەرووڕو ئاشکرایی بۆمان ساغ دەبێتەوە کە « نوێ » ئەو درندەیە نییە کە لێی بترسینو ئولفەتی لەگەڵدا نەگیرێت .. بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبینین شتێکی زۆر بە جێیەو سەریش سوڕ ناهێنێت ..

جا بۆ ئەو جۆرە کەسەی کە کاریان ئەوەیە خویان بکەن بە تاوێرێک لەبەردەم ئەو ڕەوڕەوە نەبەزەدا کە پێی دەوترێت پێشکەوتن .. دەهاڕین .. دەپلیشێنەوە .. هەربەو ڕەوڕە وەیەی لە پێش ئەمانیشەوە سەدانی تری هاڕیوە ..

نوری حەیران


گواستنەوەی گورج و گۆڵ !



بۆ ئاسان کردنی گوێزانەوەی « موسافیر » لە هۆڵی فڕۆکەخانەوە بۆ ناو شارەکە لەو شارانەدا کە فڕۆکەخانەی تازە بابەتیان تیادا دروست کراوە جۆرێک « ناقیلە » یان دروست کردوە کە شێوەیەکی زۆرسەیری هەیە ، ئەم جۆرە ناقیلانە یەکی لە کومپانیکانی ئەمەریکا دروستی کردووەو لەم ماوەیەدا لەیەکی لە فڕۆکەخانە کانیدا بەکاری هێناوە .

ئەو ناقیلەیە بڕێتییە لە قەڵاتێک جێگای ١٥٠ کەس تیادا دەبێتەوە ، درێژیکەی ٤٦ مەترەیە پانیکەی ٤٦ مەترەیە ، توانای ئەوەی هەیە ٧ مەترە لە زەوی بڵند بێتەوە ، واتە هەتارادەی بڵندی بینایەتی فڕۆکەخانەکە لەو ڕێوەخەیکی تێدە چێت کە پر بوو نرم دەبێتەوە بۆ زەوی ، ئەرجا ڕووەوفڕۆکەکە دەڕوات ، لە بەردەم فڕۆکەکەدا دەست بە بڵند بوونەوە دەکاتەوە هەتا رادەی درگای فڕۆکەکە . ئەم ناقیلەیەبەخێرایی ٣٢ کیلۆمەترە دەڕوات لە سەعاتێکدا ، وە بەبەنزینێکیش دەکات . ئەمەش وێنەکەیەتی وەک لەلاتە نیشتەوەدەرکەوتووە .

چۆن ئاوی دەریا شیرین بکەین ؟



شیرین کردنی ئاوی دەریا دەو باسەیە کە دۆڕ لە دوای دۆڕ زیاتر گەرم دەبێتو دۆڵەدڕای دۆڕ بایەخێکی زیاتر وەردەگرێت ، ئەویش لەبەر ئەوەو هەموو چاکەیەی کە مرۆڤ دەستی دەکەوێت بە شیرین کردنی ئاوی دەریا ، هەندی لە وچاکانەی بە هۆی تاقی کردنەوەی مەیدانی شیرینکردنی ئاوی دەریا دەستی دەکەوێت ئەوەیە کە ئاوی خواردنەوەی دەست دەکەوێت ، لەگەڵ ئاوی دەست کرددا ، وە دەتوانرێت بەو ئاوە بیابانە کانیش بدڕێت بەوە زیادەیەکی گەورەی چنگ دەکەوێت لە دۆڵو دانداو . لەبەر ئەم هۆیانەو چەند هۆیەکی تریش لە فەرەنسا بنکەیەکی تازە دروست کراوە بۆ شیرین کردنی ئاوی دەریا کە توانای ئەوەی هەیە لە سەعاتێکدا ١٠٠-٢٠٠ تەن ئاوی شیرین بات بەدەستەوە ..

ئەستێرەی دەست کردو ئاوو هەوا

ئەو ئەستێرە دەست کردانەی هەڵدراون بۆ ئاسمانی دەرەوە ، یەکێکن لەو هۆیە هەرەگرنگانەی کە شارە زایی مرۆڤی زیادە کردوە لە مەیدانی زانینی گۆڕانی ئاوو هەوادا ، ئەم زانیاریە هەتاپێش سەدەیەک لای زۆر کەس نەزانرابوو ! وە زۆر کەم لەو بارەیەوە شارەزایان هەبووە .. بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی تەقەلای بەردەوامی زانایان لە وەمەیدانەدا مرۆڤ گەیشتۆتە ئەوەی دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت کە کشتو کاڵو ئاژەڵ پەروەردەکردن بە ئارەزووی خۆی بێت لە سەر ئەو ئەخشەیەبێت کە لەوەو پێش داینراوە .. لەگەڵ ئەمانەشدا ئەمڕۆ کە مرۆڤ دەتوانێت ڕاستەو خۆ لە زەوییەوە ئەو کەشتیانە بەرێت بەرێوە کە دەیان نێرێنە دەرەوی ئاسمان وەیا ئەو گەشتانەی لە بنکی دەریا کاندا دەکرێت .. زاناکان دەڵێن .. دووڕنیە لە دواڕۆژێکی نزیکدا مرۆڤ شتی وا تازە دابهێنێت بە هۆیانەوە دەسەڵاتی ئەوە پەیداکات کە ئەو کارەساتانەی لە سروشتدا ڕوو دەدەن پێش ڕوودانیان لە شوێنێکەوە بیان گوێزێتەوە بۆشوێنێکیتر .. واتە دە توانن بومە لەرزەیەک لەشارێکەوە بگوێزنەوە بۆ بیابانێک .. خوێنەری خۆشەویست تۆدە لێی چی ؟

بیرێکی تیژ

یەکی لە قوتابیە مەسکۆنێکان ئەلەکسانەدر کە تەمەنی تەنیا ١٩ ساڵە ، دەتوانێت زۆر بەگورجی ٤٢ ژمارە لە بەربکات بە مەرجێک ئەو ژمارانە گشتی لە سەر دێرێک بنووسرێن، وە دەتوانیت لە پاش چەند ڕۆژێک ئەو ژمارانە گشتی بهێنێتەوە یادی بەو شێوەیەی پێنووسرابوو ، تەنانەت لەگەڵ نوقتەو فاریزە شدا کە لەنێوان ئەوژمارانەدا هەبووبێت ئەو قوتابییە بەیەکی لەوانە دائەنرێت کە بیرێکی بینەری بێ هاوتای هەیە .

لە ئاسۆی ئەرخەوانیدا

سەرایەسن

خۆینەری بەڕێز ..
ئەمجارە ببورە ، چەندشتێکم هەیە بێڵێم !
یەکەمیان دەربارەی ڕووداوەکانی تورکیایەو دووهەمیان دەربارەی شاڵاوی ڕقو کینە لە سلێمانیو ئەوی تریان دەربارەی شیعرکەی کاک ئەحمەد سەلامە ، هەرچەندە ئەم سێ باسانە پێویستیان بە دریژێدانو لێکۆلینەوەیێکی فراوانتر هەیە ، بەڵام ، چار چی یە ، هەر ئەوەندە شوێنم بەر کەوتووە .

لەم ڕۆژانە باس باسی ڕووداوەکانی تورکیایە ، بەر لەوەی ئەم باسە بکەم ئەمەوێ ئەم ڕایەی (کارل مارکس)ی دەربارەی کۆمونی پاریس بەخوێنەری بەڕێز بگەیێنم .

لە پێش شورشی پرولیتاریای فەرەنسا ، مارکسی مەزن ، لەگەڵ ئەوە نەبوو شۆرشەکە بەڕپا بکرێ ، بەڵام کاتێک کە بەڕپا بوو ، بەهەموو هێزو توانایێکی پشتگیری کردو یارمەتی دا ، وە کە شکاش گەلی کەس هێرشی نارەوای بردە سەر ، بەڵام تەنها مارکس بەرگری لێ کردو داوای ئەوەی کرد کە سوود لە هەڵەکانی ئەو شۆرشە پرۆژە وەربگیرێ بۆ هەنگاوی داهاتوو .

بێگومان ڕووداوەکانی تورکیاش ، ئەگەر بەرەی چەپ ڕەوی کورد وەیا هی تورک ، پێی هەڵسابێ ، کاتی نەبوو ، بەڵام ئێستاکە بووە ئەبێ ئەوپەڕی پشتگیری بکرێو یارمەتی بدرێ ، وە بەلای منەوە ، ئەم تەقینەوەیە کە لەکاتی خویدا نەبووە ، زیباتر لەوە ئەچێ پیلانێکی گلاوی ئیمپریالیستەکان بێ ، پاڵیان بەو بزوتنەوە ساوایەیان نابێ بەم کارە هەڵسێ ، بۆ ئەوەی ژەمبەیێکی ئەوتو لەم بزوتنەوانە بدرێ ، کە بەلایەنی کەمەوە چەند سالێکی کەش نەتوانێ سەر هەڵبداو بگاتە ئەم ئاستەی ئیمرۆ تیایەتی .

ڕەنگە ئەم بزوتنەوەیەی گەلانی تورکیا سەر نەگرێ ، بەڵام وەبێگومان سەر ئەنجامی ئەم خەباتە سەختو درێژخایەنانە ، سەرکەوتنی گەلانی تورکیایەو شکانی ئیمپریالیستە دڕندەکانە .

⊙●⊙

لەم ڕۆژانەدا هەندێ کەس کە فریان بەسەر ئاینی ئیسلامی پیرۆزەوە نیە ، بەناوی ئەم ئاینە بەرزەوە ، هێرشێکی نا بەجێو ناپەسندو دڕندانەیان دەست پێکردووە کە سلێمانیو لەدژی هەموو نوسەرو ئەدیبو شاعیرێکی پێشکەوتوو بەوەش نەوەستاون کە لەسەر دیواران (دروشمەکانیان !!) بنوسن دژی ئەم نوسەرو نوسینو بڵاوکراوانە ، بەتایبەتی (هاوکاری ، بەیان ، ڕوانگە، نووسەری کورد) ، بەڵکو وەکو زانیومانە ، پەیووەندیان بە هەندێ لێپرسراوانی میریو پارتی دیموکراتی کوردستان گردووە ، بەڵام ئەم دوو لایە هەوڵێستێکی ڕاستیان نواندووە بەرامبەر ئەم گێرەشێوێنانەکە بەناوی ئاینی ئیسلامی پیرۆزەوە خەریکی هەڕشە بردنن بۆ سەر هەموو پێنوسێکی ئازاو دڵێر کە ڕووبەڕوی گڕو گرفتەکانی کۆمەڵی ئەمڕۆمان ئەبێو ئەیەوێ دڵسوزانە بەشداری بکات لە چارەسەر کردنیان .

بێ گومان ئەبێ مەسەلەی بەر پەرچ دانەوەی ئەم شاڵاوی ڕقو کینە تەنها بۆ میری نیشتمانیو پارتی دیموکراتی کوردستان بەجێ نەهێڵیرێ ، بەڵکو ئەبێ هەموو نیشتمان پەروەرو ئەدیبو نووسەرو شاعیرێکی کورد بەتوندی بەرهەڵستیان بکاتو بەرپەرچیان بداتەوەو یارمەتی میریو پارتی بدات لە پتەوکردنی ڕیزەکانیمیللەتو پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی کە میللەتەکەمان هەزارەها قوربانی لەپێناویو وەدیهێنانیانی بەخشیوە ، بەتایبەتی ئەم بزوتنەوەیە لەوە ئەچێ لە دەرەوەی وڵات ئاڕاستە کراو بێو ئەرکی سەرەکی هەر ئەمە نەبێ کە تائێستا کردوویەتی بەڵکو ئەمە تەنها زەمێن خۆش کردنە بۆ لێدانی شۆڕشی کرد و ئەو یەکگرتنە پیرۆزەی کە بووە وەکە گەورەترین مەترسی دروست کردووە لەسەر بەرژەوەندی گلاوی ئاغایەکانی ئەم تاقمە گیرەشوێنە .

بۆیەکا داوا لە هەموو نووسەرو ئەدیبو هاونیشتمانیە دڵسۆزەکان ئەکەین کە خامەکانیان، هێزو توانایان بخەنەکار بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەم جمو جۆڵەگومان ئێکراوەی ناپەسەندێ نابەجێیە، کە باوەڕێکی پتەومان هەیە ، بەوەی نەک هەر هیچ پەیووەندیێکی نیە بە ئاینی ئیسلامی پیرۆزەوە ، بەڵکو دژی ئەم ئاینە بەرزیە ، دژی جەوهەری پاکو خاوێنییەتی ،

⊙●⊙

خوێنەری بەڕێز هێشتا قسەم پێیە !!

لە ژمارەی ڕابوردووداو لە لاپەرەیێکی سەربەست ، کاک (ئەحمەد سەلام ـ نامەیەک بۆ جەنگاوەرێکی قێتنامی) بڵاو کرایەوە ، بێگومان کاک سەلام سەربەستە لە چۆن بیرکردنەوەو چۆنیەتی دارشتنی ئەو بیرە ، بەڵام کە شتەکەی بڵاو بووە ، یەکێکی وەکو منیش بۆی هەیە لەوە بکۆڵێتەوە ، ئایا ئەم جۆرە بیر کردنەوەیەی کاک سەلام ڕاستە یان نە .

بێ گومان جیاوازی لە نێوان میللەتانا نیە ، لەڕووی ئەوەی هەموویان ، ئازان ، نەبەردن، تیکوشەرو جەنگاوەرن ، وە ئەگەر جیاوازیێک هەبێ ، ئەوە لەڕوی چەندێتیو چۆنیەتی پێشکەوتنو گەشە کردنو فراوانی پەیووەندیە ئابوریەکانداید کە ژێرخانەی بینای کۆمەڵایەتیو کار ئەکەنە سەر پەیووەندیەکانی ترو سەرئەنجام جیاوازی دروست ئەکەن .

بێگومان گەلی کوردی تێکوشەریشمان ئازاو نەبەردو جەنگاوەرە، بەڵام بەراوردکردنی گەلێ زیرەک ترە ، چونکە تۆ بەتەنهاو بەخەنجەرێکی ڕووتەوە ئەوە ئەکەی کە جەنگاوەرێکی قێتنامی ئەیکا بە مەترەلۆزێکەوە و بەپشتگیری هەموو دونیا) .

قوربان ، ئەی ئەبێ هەڵفریواندنو هەڵخەڵەتاندنو شۆفینیزم چی بێ ئەگەر ئەم نامەیەی تۆ نەبێ ! تۆ بڵێی کاک سەلام، مەسەلەکە شەنس و بەخت بێ !؟

٧ ـ کاک سەلام ڕۆژێک ئەبێ کوردستانیش ببێ بە قێتنامێکی تر لە مێژوی خەباتی پڕۆزی ئادەمیزادا ،هەر ئەبێ کاک سەلام، میللەتان ڕێگای ڕاستی خەبات هەر ئەدوزنەوەو وهەر سەریش ئەکەون .

٣ ـ کاک سەلام بەراوردیەکەی نێوان شۆڕشی قێتنامو شۆڕشی کورد ئەکات لە کاتێکا ... تەنها لەیەک ڕۆژدا ... بەڵێ قوربان کاک سەلام لەیەک ڕۆژدا بەقەدەر هەموو ئەو بومبایانەی لە شەڕی جیهانی یەکەمەوە تەقینراون ، ئا بەو قەدرە بومبا لە قێتنام دراون ، ئەمە جگە لەوەی کاکی برا ... جەنگی قێتنام، جەنگیکی ئەلکترونیەو قێتنامیان کردووە بە دۆزەخێکی ڕاستەقینە کە ڕۆژی بەقەدر ساڵێکی کوردستان قوربانی تیا ئەدرێ. ئەوەش بڕانە مەبەستم ئەوەنیە لە شۆڕشی کورد کەم کەموو وەکو تۆ ئەتەوێ لەهی قێتنام کەم کەیتەوە ، بەڵام خۆ ئەبێ کاک سەلام حەقیقەت بڵێین .

٤ کاک سەلام ئەڵێ ئەو ئازایەتییەی گەلی قێتنام ـ بێگومان بەدارشتنێکی زیرەکانە لەبەر ئەوەیە کە خەڵکی جیهان هەمووی لەگەڵ یایەتی ... تۆ ویژدانت وایە کاک سەلام ؟ ، کاک سەلام بۆ هۆی ڕاستەقینەی ئازایەتی قێتنام ئەشاریتەوە ، من لەو باوەڕەدام کە ئەی‌ژانی بەڵام بۆ ناڵێی ، ئەوە مەسەلە یێکی ترە !؟

٥ ـ ئینجا کە نێمەت هێنایە ریزی قێتنام ، سوودی چیە ، ئەم خۆ هەڵفریواندنە ، ئەم خۆ بەشت ژانینەو لەسەر هیچ ، ئەم خۆ بە (تەواو) ژانینە خزمەتی چی ئەکات ... کاک سەلام ؟!

بەڵای منەوە خزمەتی یەک شت ئەکات ، کە هیچ کاتێکو لەبەر ئەوەی (ئێمەش شتین ، تەواوین ، ڕاستین) بیرلە (کەمو کوری)یەکانی خۆمان نەکەینەوە ، هەوڵ نەدەین بەڕاست بگەینە ئەو ڕادەیەی گەلی قێتنامی قارەمان گەیشتو یەتی ..... شتەکە وایە کاک سەلام من چی بکەم !؟

٦ ـ کاک سەلام ببورە ، شیعرەکەت گیانی شوقینزمو بابیی بوونو گۆشەگیریو خۆ بەشت ژانینی چەوتی لێ‌ئەتکێ وە لە جیاتی ئەوەی مرۆڤی کورد هانیدەی بۆ ئەوەی پەرە بەخەباتی پڕۆزی خۆی بدات و هەول بدات بەرزبێتەوە ئاستی جەنگاوەری قێتنامی کە مایەی شانازی شۆڕشی مرۆڤی هاو چەرخە ، تۆ هاتوی بە مرۆڤی کورد ئەڵێی (تۆنەک وەکو جەنگاوەری قێتنامی ، بەڵکو گەلێ زیرەک تری ، چونکە تۆ بەتەنهاو بەخەنجەرێکی ڕووتەوە ئەوە ئەکەی کە جەنگاوەرێکی قێتنامی ئەیکا بە مەترەلۆزێکەوە و بەپشتگیری هەموو دونیا)۰

قوربان ، ئەی ئەبێ هەڵفریواندنو هەڵخەڵەتاندنو شۆفینیزم چی بێ ئەگەر ئەم نامەیەی تۆ نەبێ ! تۆ بڵێی کاک سەلام، مەسەلەکە شەنس و بەخت بێ !؟

٧ ـ کاک سەلام ڕۆژێک ئەبێ کوردستانیش ببێ بە قێتنامێکی تر لە مێژوی خەباتی پڕۆزی ئادەمیزادا ،هەر ئەبێ کاک سەلام، میللەتان ڕێگای ڕاستی خەبات هەر ئەدوزنەوەو وهەر سەریش ئەکەون .

هەتەڵی هەفتە

هەتەڵی ئەم هەفتەیەمان ناوی هاوینەهەوارێکە لە کوردستاندا ناوەکەی لە حەوت پیت پیک هاتووە . پێتی ..

١ + ٢ + ١ = ژمارەیەکە
١ + ٧ + ٣ = هەربەشی دوژمنانی میللەتەکەمان بێت .
٤ + ٢ + ٣ + ٤ + ٧ + ٣ = جۆرێکە لە مەل .
٤ + ٥ + ٣ = ئەندامێکی لەشە .
٦ + ٥ + ١ + ٢ = ئەمیش جۆرێکە لە باڵندە .

ئەو خوێنەرە بەڕێزانەی وەرامی هەتەڵی ژمارە «١٥»ی هاوکاریان بەراستی داوەتەوە کە (پێشمەرگە) بوو ئەمانەن ..

لە بەغداوە : احمد محمد أمین ، صلاح الدین قەرەداخی، نەرمین قادر ، گێلاس علی ، صبریە عارف ، سلام فتاح ، نەوزاد زێباری ، احمد علی احمد، شوقی کمال ، عبدالله صابر ، عباس محمد حسین ، هەژار محمد علی .

وە لە سلێمانییەوە : جمال محمد أمین ، محسن مصطفی خۆشناو ، ئومێد عزیز ، حسین محمد عزیز ، طاهر محمد علی، دولاوەر عمر محمد ، صلاح عبدالقادر ، سمیرە علي ، بەهمەن مصطفی احمد ، عمر محمد رسول ، جلال رشید احمد ، صالح ملا علی ، محمد نجیب ، تەنیاوە میدیا غفور رشید ، نەسرین جمال ڕوءوف محمد صابر ، عثمان حسن ، حسین قادر ، دڵشاد محمد کاکی ، خەرامان حسن احمد ، بەهزار حسن ، کمال علی أمین ، أمیرة علی امین ، خەیری شەریف ، نەژاد حسن ، عمر شریف ، سامان نەریمان ، اسماعیل قەڵێزعزیز ، جەنگی مصطفی خۆشناو ، فاروق توفیق ، نامق محمد أمین ، توانا جلال توفیق، احمد صالح عبدالله ، کمال علی ، مراد عزالدین ، روخۆش محمود ، زەردەشت محمود ، سەرکەوت عبدالله خضر ، بەختیار عبدالله ، دیار بەخشی .

وە لە هەولێرەوە : احمد اسماعیل ، کریم احمد ، صدر الدین ، محمد عبدالله ، دڵشاد حمید ، عبدالواحد محمد أمین ، صبحی احمد ، شورش سید مجید ، وریا عارەب ، صابر احمد ، کوردۆ عبدالله گەردی، مستۆ سید حسین ، محیی‌الدین عبدالکریم ، اهەڵو جەنگ ، دڵشاد علی أمین ، هوشیار کریم، سەردار کریم ، ئاشتی سلێمان، احمد محمد عمر ، شیرزاد محمد أمین ، هاوار کاوانی ، محمد احمد داود ، شکر محمود عبدالله ، مرشد عبدالکریم ، رزگار مام طه ، زاهیر أنور ، راستی ڕووتە ، نجم الدین عثمان ، دڵپاک ڕووتە، عبدالمناف فارس ، محمد عمر ، جمال صابر ، ابراهیم محمد ، هادی عەڵلاف ، ڕفعت محمود ، حسن عبدالکریم ، تەنیا عبدالقادر ، محمد احمد حسین ، عبدالله محمد ، زیرەک سەرهەنگ ، صدیق عبدالحمید ، هیوا عبدالرحمن .

وە لە کەرکوکەوە : معروف شیخ عمر، هوشیار عبدالخالق، معروف کول ، عبدالرحمن محمد ، احمد محمد مصطفی ، حامد رشید رسول ، جلیل صالح ، تەبیت جەبار ، خەندان نوری .

وە لە ئەنجامی خۆبەختدا پاداشی یەکەم بەر خوشکە زەرمین ئادرکەوت لەبەغداوە خەڵاتی دووەمیش بەر خوشکە خەندان نوری کەوت لە کرکوک، پربەدڵ پیرۆزبایان لێ ئەکەین .

Institut kurde de pa

هاوکاری
التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە دەزگای گشتی چاپەمەنیو بلاوکردنەوە دەری ئەکات | ژمارە ـ ١٨ | ساڵی دووەم | نرخی ٢٠ فلسە | ١٥ی ئایار ١٩٧١

سەرۆکی فەرماندە کۆنگرەی بالای پەروەردە ئەکاتەوە

دوێنێ سەرەکی فەرماندە کاك احمد حسن البکر کۆنگرەی یەکەمی پەروەردەی بالای کردەوە لە جیاتی سەرەکی فەرماندە کاك صالح مهدی عماش جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئامادە بو .

ئەم کۆنگرەیە پینج رۆژ ئەخایەنێو لە گیروگرفتەکانی پەروەردە ئەدوێتو ئامانجەکانی رووبەڕووی ئەکاتەوە بڕیاری پیویستی لەم بارەیەوە ئەدات .

نزیکەی هەزار شارەزای پەروەردەی بالاو ناسراوەکانی عەرەبو جیهان بەشدار بوون لەم کۆنگرەیەدا .

کۆبونەوەی رۆژی یەکەمی کۆنگرەکە بەخوێندنی قورئانی پیرۆز دەستی پێکردو لەدوایا ووتاری سەرەك کۆمار موهیب احمد حسن البکر خوێندرایەوە .

ئینجا ووتاری دوکتۆرە سعاد خلیل اسماعیل وەزیری پەروەردەی بالاو بەدوایا ووتاری نەقابەی مامۆستایان لەلایەن نەقیبی مامۆستایانەوە دوکتۆر ناجح الراوی ، وە ووتاری یەکیتی نیشتمانی قوتابیان عیراق و ووتاری یەکیتی قوتابیانی کوردستان خوێندرایەوە .

رۆژی دووەمی کۆنگرەکە ئەمرۆیە تەرخانکراوە بۆ دەست پێکردنی لێکۆڵینەوەی بەرنامەی کاری کۆنگرەکە .

ئا.د.ع



ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لێژنەیەکی بالا بێك ئەهێنێ بۆ جێ کردنی بەیان نامەی "١١"ی ئادار

ڕزگاری خوازە ئەنگولیەکان تەنگ بەنیزەوە داگیرکەرەکانی پورتگال هەڵ ئەچنن

هەدیثی : پێك هێنانی لێژنەی بالا دۆستایەتی بارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست وبارتی دیموکراتی کوردستان بتەوتر ئەکات



کاك مرتضی حدیثی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو سەرەکی لێژنەی ئاشتی ووتویە : ئەو لێژنەیەی بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دروست بوەو سەرۆکایەتی دراوەتە دەست کاك صدام حسین ـ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورشە بۆ کاروباری مەسەلەی کورد ـ .

کاك حدیثی لە دوانیکدا بۆ (ئا.د.ع) ووتویە : مەسەلەی کورد یەکێکە لە و مەسەلە مەرکزیە گرنگانەی لە بەرنامەی کاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی‌دایە ، جا بۆ لادان لە ڕۆتینو بۆ خێرای کردن لە جێبەجێ کردنی چی لە بەندەکانی بەیانی ١١ی ئادار ماوە ئەم لێژنەیە پێك هات کە دوو ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی‌تێ دایە .

هەروەها ووتویە : لە جیاتی ئەوەی بڕیارەکانی لێژنەی ئاشتی بخرێتە بەرنامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە کە لەوانەیە ماوەیەکی زۆری بوێ ، ئەم لێژنەیە ڕاسپێردراوە بۆ سەیر کردنی ئەو کاروبارانەی لێژنەی ئاشتی بەرچاویان ئەخات .

دیسانەوە ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئەنجومەنی ئاشتی هەرئەمێنێ و دەسەلاتی جارانی ئەبێت بۆ سەرپەرشتی کردنی جێبەجێ کردنی بەیانی ١١ئادار هەر لەسەر ڕێگاو شوێنی جاران‌و ئەرکەکانی پێشویەوە، وە بونی لێژنەی نوێ کاروباری لێژنەی ئاشتی ئاسان ئەکات‌و یارمەتی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی ئەدات .

لەدوای‌دا ووتی : بڕیاری پێك هێنانی ئەم لێژنەیە نیشانەیەکی نوێیە ئەوە ئەملێنێ کە پارتی‌و شۆڕش ئەسلەتەن لەسەر جێبەجێ کردنی تەواوی بەیانی ١١ی ئادارو پتەوکردنی دۆستایەتی بەینی هەردوو پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالست‌و دیمکراتی کوردستان‌و قوڵ کردنەوەی ئەو دۆستایەتیە بو خێری گەلی عیراق‌و یەکیتی نیشتمانی‌و ڕێزی یاسا .

ئا.د.ع

وەزیری کاروباری باکوور سەرپەرشتی کۆنگرەی دارودەرخت لە هەولێر ئەکات

کاك محمد محمود عبدالرحمن وەزیری کاروباری باکوور لە حەوتی مانگی داهاتودا لەشاری هەولێر کۆنگرەی دووەمی دارو درەخت ئەکاتەوە .

بەرنامەی کاری کۆنگرەکە کە چوار ڕۆژ ئەخایەنێ بریتیە لە لێکۆڵینەوەی پەرەپێ دانی چاندنی دارو درەخت بەهەموو شیوەکانیەوە لەگەڵ چونیەتی بەڕێوەبردنی دارستانە سروشتیەکان ، بێجگە لەوەی لە بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەم ئەدوێ .

لەم کۆنگرەیەدا بەڕێوە بەرەکانی دارو درەخت لەوولات و شارەزاکانی پەیمانگەی دارو درەخت لە هەولێرو نوێنەرانی وەزارەتەکانی پیشەسازیو چارەسەرکردنی کشتوکاڵو نەخشەو ئاوەدان بەشدار ئەبن .

وەفدی عیراق بۆ کۆنگرەی ئاشتی جیهان

هەفتەی ڕابوردو وەفدی عیراق بۆ کۆنگرەی ئاشتی جیهان ، بەغدای بە جێهێشتو بەرەو بۆدابست کەوتەڕێ .

وەفدەکە بڕیتیە لە : تایە عبدالکریم ئەندامی‌سەرکردایەتی هەریمی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالستو نوری شاویس وەزیری کاروباری نیشتەجێو لطیف دلێمیو عامر عبداللەو بهنام بطرسو عزیز عقراویو کمال عیسی .

مامۆستا عزیز شریف وەزیری عدلو سکرتێری گشتی ئەنجومەنی ئاشتی خوازان لەوولات لەگەڵ سەرەکی وەفدەکەدا ، ڕۆژی شەممەی ڕابوردو چووبو وبۆ بۆدابست ، ئەوەی شایەنی باسە کۆنگرەی ئاشتی خوازەکانی جیهان ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابوردو کرایەوە کە ٧٠٠ نوێنەرو چاودێری کەر تیایدا بەشدار بون .

دەست پێ کردنی گەڕان بەدوای نەوتی نوێدا لە کوردستان

هەفتەی ڕابوردوو دوکتۆر عبدالله السیاب ڕاوێژکەری هۆنەری لە کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیو جۆرج یاقۆ بەڕێوەبەری گشتی لە کۆمپانیای ناو براو چوون بۆ دهۆك بۆ سەرپەرشتی کردنی ئیشو کاری ئەو تیپە جیۆلۆجیەی لەم دواییەدا پێك هاتووە بۆ گەڕان بەدوای نەوتی نوێدا لە ناوچەکانی چیای قەندو چیای سپی‌دا .

ئەم تیپە کە ئەندامەکانیو هونەرەبەکانی عیراقیو لەم دوایەدا پێك‌هاتووەبۆ دۆزینەوەی نەوت لە کوردستانا، وەشارەزایان لەو باوەڕدان کە ئەوو ناوچەیەی سەرەوە نەرتی تێدایە .

هێزە چەکدارەکانی ئەنگۆلا هێرشی ئەبەنە سەر هێزەکانی ئیمپریالیزمی پورتوگال

وە لە ئەنجاما هیزەکانی ڕزگاری ١٦ ئۆتۆمۆبیلی دوژمنیان لە ناو چەکانی دەورو پشتی (موتومبۆ) لەناوبردوە .

بەرەی یەکێتی نیشتمانی سەربەخوی ئەنگولا ، بەیاننامەیەکی سەربازی بلاو کردۆتەوە، تیادا ، ئەڵێت :

بێجگە لەوەی‌زیاتر لە (٢٠٠) سەربازی دوژمن کوژراونو بریندار کراون و (٥٨) تفەنگیشیان دەسکەوت بووە .

تاوانەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە هیندی‌چینی‌دا

هانۆی ـ تاس :

ئاژانسی دەنگ‌و باسی ئیتنام بەیاننامەیەکی بڵاو کردۆتەوە دەربارەی تاوانەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو نۆکەرانی لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو سەرەتای ئەمسال‌دا . بەیاننامەکە ئەڵێ : لە ١٨وە تاوەکو ٣١ کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٠ ئەمریکاییەکان ٩٣٩ کەسیان کوشتوەو ٢١٠ کەسیان گرتوە لەهەرێمی (کوانگ نام)و (کوانگ نهای) وە لەهەمان مانگ‌داو لە ناوچەی (کماو)و (راتزیا) نزیکەی ٣١٥٠ کەسیان گرتوە لە مۆلگا سەربازیەکان لەمانە ٣١٠٠یان ئافرەت‌و منداڵ بوون . وە لە هەرێمی (راتزیا) لە سێ مانگی ئەمسال‌دا ٣٠٠ کەسیان کوشتوەو ٥٠٠ کەسیان گرتوە لە گوندی (کهانلام)و لەئەنجامی بوردومان‌کردندا نزیکەی ١٣١ کەس کوژراوە .

فرۆکەکانی ئەمریکاو بەکرێ گیراوان لە سێ مانگی پیشووا بەسەدان طن بومبایان بەسەر هەرێمی (بینتشیە)دا باراندووەو لەئەنجامدا ٣٠٠ کەس کوژراوە کە زوربەیان ئافرەت‌و منداڵ بوون‌و چەندین خانوویان بەسەر خاوەنەکانی‌دا ڕوخاندوە . لەچەند شۆێنێکی کەشدا گازی زەهراویان بەکار هێناوەو چەندین کەسی لەناو بردوەو زیانێکی گەورەی بە بەرهەمی کشتوکاڵو میوەی ئەو ناوچانە گەیاندوە .

لەسەرێکی کەوە ئەمریکاییەکان لەم دواییانەدا بەدە هەزاران دۆلاریان داوەتە بەکرێ گیراوان بۆ دروست کردنی چەندین بەندیخانەکانی ئەمریکا (قەڵایەکە یارمەتی چینی فەرمانڕەوا ئەدات بۆ ماوەیەکی زۆر جۆرە هەڕەشەو ترساندنێکە بۆ ئەوانەی هەوڵی هەڵوە شاندنی پەیوەندیە

شۆڕشان لای داوای یەکگرتنی ڕێکخراوە فەلەستینیەکان ئەکات

بە بۆنەی هەفتەی کۆمەك کردن بە گەلی فەلەستین شوێنان لای سەرەك وەزیرانی چینی میللی ڕۆژی یەك شەممەی ڕابردوو کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەری لە پەکین بەستوەو لەم کۆنگرەیەدا

کۆبونەوەی ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەکە بەخوێندنی قورئانی پیرۆز دەستی پێکردو لەدوایا ووتاری سەرەك کۆمار موهیب احمد حسن البکر خوێندرایەوە .

ئینجا ووتاری دوکتۆرە سعاد خلیل اسماعیل وەزیری پەروەردەی بالاو بەدوایا ووتاری نەقابەی مامۆستایان لەلایەن نەقیبی مامۆستایانەوە دوکتۆر ناجح الراوی ، وە ووتاری یەکیتی نیشتمانی قوتابیان عیراق و ووتاری یەکیتی قوتابیانی کوردستان خوێندرایەوە .

ڕۆژی دووەمی کۆنگرەکە ئەمرۆیە تەرخانکراوە بۆ دەست پێکردنی لێکۆڵینەوەی بەرنامەی کاری کۆنگرەکە .

ئا.د.ع

بەیان نامەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

★ لێژنەکە هەموو دەسەلاتێکی جێبەجێ کردنی بەیانی ١١ ئاداری پێدراوە .

هەفتەی ڕابوردو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاریکی دەرکردوە بۆ پێك هێنانی لێژنەیەکی بالابە سەرۆکایەتی کاك (صدام حسین) جێگری سەرەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، ئەم لێژنەیە هەموو دەسەلاتێکی ئەنجومەنی دراوەتێ بۆ دانی ئەو بڕیارانەی جێبەجێ کردنی بەیانی ١١ی ئادار زامن ئەکات ، ئەمەش تەواوی بڕیارەکەیە :

(ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی ١١ـ٥ـ١٩٧١ دا بەم جۆرە بڕیاری‌دا :

یەکەم : پێك هێنانی لێژنەیەکی بالا بە سەرۆکایەتی (صدام حسین) جێگری سەرەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو ئەندامیەتی : مرتضی حدیثی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، فەریق سعدون غیدان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، نعیم حداد ئەندامی قیادەی قطری پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالست ، سمیر عزیز نجم ئەندامی قیادەی قطری پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالست ، تایە عبدالکریم ئەندامی قیادەی قطری پارتی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالست ، محمد فاضل ئەندامی قیادەی قطری پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالست .

دووەم : ئەم لێژنەی بەپێی فەقەرەی یەکەمی ئەم بڕیارە پێك هاتوە هەموو دەسەلاتێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی لەو بڕیارانەدا ئەبێت کە جێبەجێ کردنی بەیانی ١١ی ئادار زامن ئەکات .

سێیەم : دەرکردنی بڕیارو ڕاسپاردە سەبارەت بەو ئەرکەی پێی سپێردراوە وە گەیاندنی بە هەموو وەزارەتەکانو دەزگا دیاری کراوەکان .

چوارەم بڕیارەکانی لێژنەکە پیویستە لەلایەن هەموو وەزارەت‌و دەزگا دیاری کراوەکانەوە لەگەڵ پێ‌گەیشتنیان . جێبەجێ بکرێن .

پێنجەم : ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچونیەوە جێبەجێ ئەکرێت) .

احمد حسن البکر
سەرەکی ئەنجومەنی
سەرکردایەتی شۆڕش

تێپەڕ بوونی سالێك بەسەر شۆڕشی ڕزگاریی گەلی کەمبۆدیادا

ساڵێکی تەواو ڕابورد بەسەر دامەزراندنی حکومەتی یەکێتی ئەم ساڵەداو بە پێشەوایەتی نیشتمانی کەمبۆدیا ، لەماوەی بەرەی یەکگرتووی کەمبۆدیا کە « سامدیش نۆردۆم سیهانۆك » سەرۆکایەتی ئەکات، توانیویەتی ئازایانە بەربەستی دەست دێژی ناپەوای ئەمریکا بکات‌و ئالای ڕزگارکردنی نیشتمان بەرزبکاتەوە .

ئەو سەرکەوتنە مەزنانەی گەلی کەمبۆدیا لەسای بزوتنەوەی ڕزگاریا دژیدەست دێژیەکانی ئەمریکا بەدی هێناوە بۆ هەموو گەلانی جیهانی سەلماند بێسڵ کردنەوە خەباتیان دژی ئیمپریالزم توند تر بکەن لەکونجی بڕوابوون بەوەی کە (وولاتیکی بێهیز ئەتوانێ وولاتیکی بەهیز بشکێنێو وولاتی بچوك لەتوانایا ئەبێ بەسەر وولاتیکی گەورە دا زاڵ ببێ) .

ڕابەری شۆشگێڕی مەزن ـ لینین ـ لەباسی خەباتی ڕزگاری نەتەوە بچوکەکانا ئەوەی دیاری کردوە کە (ئەو خەباتەی نەتەوە چەوساوەکان ئەیکەنو ملیونەها ژەحمەت کیشو چەوساوە ڕائەپەڕێنێ توانایەکی واهەزنی ئەبێ لە دەستی دێ معجزەی گەورە بخولقێنێ) . جا خەباتی گەلی کەمبودیا دژی دەست دریژیەکانی ئەمریکاو لەپێناوی ڕزگاری نیشتمانەکەی‌دا ڕاستی ئەم باوەڕەی سەلماندوە .

چونکە ئیمپریالزمی ئەمریکا نەی توانیوە گرەوی شەڕی ئێتنام بەرێتەوە ، ئاگری ئەو

بڕوانە : ل ٧

دەنگی دلێرانەی ئەنجیلا دیڤیس لەبەندیخانەوە

نیویورك : تاس

ڕۆژنامەی (دیلی وورلد) ئۆرگانی کومونیستەکانی ئەمریکا بانگەوازیکی خاتو (ئەنجیلا دیڤیس)ی بڵاو کردۆتەوە دەربارەی ڕێگایەك بەکار نەهێنین لە بەرەنگاری کردنی ئەو ڕژێمە ناپەوایەداو لە هەمانکاتدا پێویستە هەمو توانایەك بخەینە گەڕ بۆ ووشیار کردنەوەی جەماوەری میللەت‌و ئاراستە کردنی بەڕووی کاربەدەستانی ئەمریکاوەو ڕزگار کردنی گیراوە سیاسەکان . وەئیمە داوا لە گەلەکەمانو هەمو گەلانی جیهان ئەکەین کە دەنگیان بخەنە سەر دەنگی ئێمەو تێبکۆشین لە پێناو ڕزگارکردنی ئەوانەی هەڕەشەی مردنیان لێ ئەکرێت بەهۆی بیرو باوەڕیانەوە لە زیندانەکانی ئەمریکادا .

تاس

ئاوانەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە بەندیخانەوە

کۆمەلا یەتیەکان ئەدەن‌و ئەوانەی بەر پەرچی مافی ژیانێکی ئاسودەیی ئەکەن لەسای سێبەری ڕژێمی زۆرو جەورەی ڕەگەزایەتی !!

خاتو دیڤیس باسی ئەو ئازار دانەی کردوە کە بەندە سیاسیەکان دووچاری هاتوون‌و هەڕەشە لە چارەنوسی زوربەی ئەمریکاییەکان ئەکات بە هەمو ڕەگەزەکانیەوە ! و ئەوانەی بەردەوامن لە خەبات‌دا دژ کۆمەڵگای سەرمایەداری کە بەندە بە سیاسەتی جیاوازی ڕەگەزایەتیەوە .

خەباتگێر دیڤیس ئەڵی :ئێمە ناتوانین ئاواتەکانمان بێنینە دی ئەگەر بێت‌و هەموو ڕێگایەك بەکار نەهێنین لە بەرەنگاری کردنی ئەو ڕژێمە ناپەوایەداو لە هەمانکاتدا پێویستە هەمو توانایەك بخەینە گەڕ بۆ ووشیار کردنەوەی جەماوەری میللەت‌و ئاراستە کردنی بەڕووی کاربەدەستانی ئەمریکاوەو ڕزگار کردنی گیراوە سیاسەکان . وەئیمە داوا لە گەلەکەمانو هەمو گەلانی جیهان ئەکەین کە دەنگیان بخەنە سەر دەنگی ئێمەو تێبکۆشین لە پێناو ڕزگارک

ئەرکی بشتگیری کردنی فەلەستین دەبێ بخرێتە سەرشان

ئیسماعیل ڕەسوڵ



لەم ڕۆژانەدا ، دووبارە ، شورشی قارەمانانەی گەلی عەرەبی فەلەستین ، تووشی هیرشێکی پیس و نارەوای ، یاسای کۆنەپەرستی ئوردوون دێت ، بەپشتگیری ئیستعماری ئەمەریکاو ئیسرائیل و سەهیونیەتی گیتی ، کە با هەمو لایێ هەوڵی لەناو بردنو تەفرو تووناکردنی ئەم شۆڕشەو پیشمەرگە قارەمانەکانی ، دەدەن ، بۆ جێبەجێ کردنی پروژەکانی نارەوای ئیمپریالیزمی گیتی سەهیونیەت ، کە ئەمانەش بریتین لە مانەی خوارەوە :

١ ـ چەسپاندنی ئیسرائیل و پاڵپشت کردنی بۆ بەردەوام بوونی زەوت کردنی خاکی عەرەبی داگیرکراوی کۆنو تازەی پاش شەڕی حوزەیرانی ٩٦٧ ، بەردەوام بوون و قایم کردنی دامو دەزگای سوپای ئیسرائیل و کردنی بە قەلاییکی سەخت ، بۆ هێرش بردنە سەر جوولانەوەی ئازادی خوازانەی گەلی عەرەب و نەتەوەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست .

٢ ـ کپ کردنی ئاگری شەڕی میللی چەکدار لە نیوان وولاتانی عەرەبدا ، کە پێشمەرگەکانی فەلەستین سەرەکی و پیشڕەوی ، ئەم شەرە چەکدارەن ، بۆ ئەوەی میللەتانی ئەم ناوچەیە ، چ عەرەب و چ نەتەوەکانی تریش ، ئەم ڕێبازە ئەگرن و دەلاقەیەکی فراوانی تر بۆ ئیستعماری ئەمریکا ، وەک قیتنامو کمبودیاو لاووس ، نەکەنەوە ، وە لە ئەنجامدا ، بتوانن ، بە سووکو سانای ، دەست بەسەر ئەم ناوچەیە دابگرن و یاسای کۆنەپەرستەکانی سەر بەخۆیان بە سەر میللەتانی عەرەب و میللەتانی تریش ، زال بکەن و یەقامچی و چاکەی خولامەکانیان ، خەڵک سەر شۆڕو ڕیسوا بکەن .

٣ ـ بەردەوام بوون لە دەربەدەر کردنی ، میللەتانی عەرەبی فەلەستین و کۆتای پێهێنان بە مەسەلەی شورشگێڕی یەکەیان و سەر شۆڕ کردنیان تا هەتا هەتایی .. بۆ نوشتانەوەی دروشمی مافی چارەنوس کردنی میللی و دەست کەوتنەوەی خاکە داگیر کراوە کەیان ، کە ئیمپریالیزم ئەیەوێ بی کا بە مەسەلەی (لاجئین) و بەس .

٤ ـ جێبەجێ کردنی ستراتیژیەتی ئەمەریکاو ئیستعماری گیتی ، لەم ناوچە یەدا ، بەر گرتن لە جوولانەوەی شورشگێڕی و ڕیبازی سوسیالیستی زانیاری دا ، تاکو پەرە نەبتینی و بە هێزو توانا نەبێ ، ڕێگای تیک و بیک شکاندنی یاساکانی بورژوازی و نیوە دەرەبەگی ، نەداو ئەم ناوچەیە بکاتە بنکەێکی سوپایی دژی ئوردوگای سوسیالیستی و میللەتانی ئاشتی خواز و بە کار کێنێ لە کاتی هەلگیر ساندی جەنگیکی تازە .

جا ئەم هەمو شتانەو شتی تریش ، پەیوەندی بە شورش و مەسەلەی فەلەستینەوە هەیە .

هەر لەبەر ئەمە ، بەرگری کردنو پشتگیری کردنی شورشی فەلەستین پێویستیکی میژووییە لە سەر هەمو جوولانەوەییکی نیشتمانی و ئازادی خوازانەی لە نیوان وڵاتەکانی عەرەبو ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست .

هەروها پێویستی یێکە لە سەر میللەتی کوردیش ، کە بە شداری ئەم پشتگیری کردنە بێ . کەم تەرخەمی کردنو هاوکاری نەکردن لە شەڕی ئازادی خوازانەی میللەتانی دۆست ، دژی دوژمنی هەمو لایەک ، زیانیکی زل بە مافی نەتەوایەتیمان ، جوولانەوەی شورشگیری نیشتمانیمان ، دەگەیێنێ جگە لەوە ، کە وێستانێکی دووڕە ، لە بیرو باوەری ئازادی خوازانە .

لە بارەی چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەستین ، ئەبێ ئاشکرابێ ، دوو ڕا لە کۆڕی باسو گفتوگۆدایە ، کە هەر یەک کۆمەڵی پارتیو جوولانەوەی سیاسیو دەوڵەت خەڵکی لەگەڵ دایە .

ڕای یەکەم ، لە سەرئەم باوەڕەدایە ، چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەستینو دەست کەوتنی مافی چارەنووسی گەلی عەرەبی فەلەستین ، بەبێ هێرش بردنە سەر ئیسرائیل و تیک پێک دانی دامو دەزگاکەی ، ناکرێ ، بێگومان ئەمەش بە دانیان بەم ڕایەوە ناوە هەڕوها گەلی لە پارتیەکانی نیشتمانیو ناسراو یەپێش کەوتو ، ئەوانیش ئەم ڕیگایە پەسند دەکەن .

ئەوا نزیکەی چوار سال بە سەر شەڕی حوزەیران تێپەڕدەبێ ، گفتوگو بەریگای (یارینغ)ەوە هەر بەردەوام بووە ، وە سەرەڕای ڕازی بوونی زۆربەی دەولەتەکانی عەرەب بە چارەسەرکردنی ئاشتی ئەم مەسەلەیە ، ئیسرائیل تا ئیستا بستیک نەکشاوەتەوە دواوە ، وگفتوگۆی (یارینغ)یش هیچ سوودیکی نەبووە .

جا ئەوەش ، وا ڕادەگەیینی کە ئیسرائیل لە تەماعدایە نایەوێ هەمو خاکی عەرەبی داگیرکراو بەجێ بهێڵێو هیچ ئامادەش نیە ماڤی گەلی فەلەستینش بدات وە بەلگەشمان بیست و سێ سالی ڕابوردووە ، لە سەرزولمو زۆردای ئیسرائیلە بەهاندانو پشتگیری کردنی ئەمەریکاو سەهیونیەتی گیتی .

وە هەر لەبەر ئەوەش ، ئەوانەی دوای ، چارەسەرکردنی ئاشتی (الحل السلمی) کەوتووت ، ڕاسنی سارد دەکوتنەوەو خۆهەڵ دەخەلەتینن و خەلکی تریش بەفریو دەبەن .

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم ڕیبازە یە هیچ جۆری وا لە ئیسرائیل ناکات بکێشیتە دواوەو خاکی عەرەب یەجێ بهێڵی ، وە ئەمریکاشی پێ دەستەوە ناکری جگە لەوەی کە گەلی فەلەستینیش هیچی دەست ناکەوێ . جا شتیکی زۆر گرنگە ئەم ڕاستەقینەیە تێبگەین و ڕەچاوی بکەین .

ئەوەی ڕاستە بێ ، ڕای پێشڕەوە فەلەستینیەکان ، بەڕاست دەزانم و هیچ ڕیگایێک نیە بگاتە مافی گەلی عەرەبی فەلەستینیو بەر هەلەستی کردنی ئیسرائیل و تێک پێک دانی پڕۆژەکانی ئەمەریکا غەیری شەڕی چەکداری میللی نەبێ ، کە ئیستاکە ، شۆڕشی فەلەستین کامڵ و پێشڕەویەتی .

جا ئەبێ شۆڕشی فەلەستین ، بە تەنها بمێنێتەوە وەکەم تەرخەمیش ئەبێ بکرێ لە بەر هەلستی ئیسرائیلو ئەمریکا ، چونکە دەبێ ئەمە بزانین ، شەڕی فەلەستین کوردیکی خەباتە دژی ئیمپریالیزمی گیتی ، لەڕێگە وەکو قیتنامو لاووس و کەمبودیا ڕیگایێکە بو بەرەو پێشدانی جوولانەوەی ئازادی خوازانەی ئەم ناوچانەو ڕوخاندنی یاساکانی بوگەنو کۆنەپەرست ، ودامەزراندنی یاسای ڕزگاری خوازو پیشکەوتو وە ڕیبازێکە بو هێنانە دی یاسای سوسیالیستی .

●

دوا دفاعی کۆمەڵی فەلەستین

لە بەردەم دادگای عەسکەری ئێران دا

خەباتی کەل لە ساڵەکانی ١٩٤١ ـ ١٩٥١ ، وە تێکۆشانی سەختی دژی ئیمپریالیزم ، بو بەهۆی هاتنی حکومەتی نیشتمانی دکتۆر مصدق . خەباتی گەلی ئێمە دژی ئیمپریالیزمی بەریتانی لەسەردەمی دکتۆر مصدق دا ، فروفێڵی ئیمپریالیزمی ئەمریکی کە بوو بە جێگرو میرات گری ئیمپریالیزمی بەریتانی ، وەانقلابە ئیمپریالیستیەیەکەی سالی ١٩٥٣ (ئەو انقلابەی شای هێنایە وە سەر حوکم دوای ئەوەی ڕای کردیبو لە ئێران) ئەو انقلابەی کە بە دۆلاری ئەمریکی وە سیاسەتی ئینگلیزەکان هەڵسورێنرا ، وە لەسەر دەستی بەکرێ گیراوە بەڵام ئەمە هەمووی بەس نەبوو بۆ ئیمپریالیستەکان چونکە بەرژەوەندی ئەوان وای پێویست ئەکرد کە ئێران بکەن بە گۆڕستانێک ، یان بەپێی قسەکانی خۆیان بیکەنە « دورگەیەکی بێدەنگ » کە بە کۆتو پێوەندی ئابووری خۆیانەوە ببەستڕێت ، تاکو ڕزگار نەبوونی مسۆگەر بکەن تا ماوەیەکی درێژ .

لەبەر ئەمە .. مەهزەلەی « چاکردنی کشتوکاڵ » یان هێنایە کایەوە . من نامەوێ هیچ بڵێم دەربارەی تەمسیلی هەڵبژاردنی ١٩٦٠ وە دەور بینە سیاسیەیەکانی کە حکومەتی « دکتور أمین » یان هێنا ، وە سەفەرەکانی کاربەدەستانی دەوڵەت بۆ وڵاتانی بێگانە .. تەنها ئەوەندە ئەڵێم کە « چاک کردنی کشتوکاڵ » وە ئەنجامەکانی کە ناو ئەبرێت بە « شورشی شەشەمی بەهمەن » یان شۆڕشی سپی وەکو ئەڵێن ، ئەڵێم کە ئەم هەنگاوانە تەنها ئابووری نەبوون ، بگرە کارێکی سیاسی بوون بە مەبەستی چەسپاندنی ڕژێمی حوکمڕان ، نەک وەکو ئەوترا گوایە بۆ ڕزگارکردنی جەماهیری جوتیارو کرێکار وە ئافرەتانە ، جگە لەوەی کە ئەم هەنگاوە لەسەرەوە کراو سەپێنرا .. واتە لە دەسگای بەکرێ گیراوی حوکمەوە ، وە نەک لە جەماهیرەوە .

بێگومان هەمیشە « چاک کردن » بەتەنیا ، هەمیشە بە مەبەستی لەناوبردنی ئەو زروفە بووە تە شۆڕش تیا گەشە ئەکات و پەیدائەبێ ، ئیمپریالیزم .. بەکۆن و نوێیەوە هەڵ ئەسێت بە هەندێک کاری « پینە کردن » بەناوی چاک کردنەوە ، ئەویش بۆ ئاسان کردنی کاروباری خۆی . بۆ نمونە ئینگلیزەکان کاتێک چوونە خاکی هیندستانەوە ، هەڵسان بە ڕاکێشانی خەتی شەمەنەفەر وە قیرتاو کردنی ڕێگاکانو دروست کردنی کارگەو دروست کردنی خەتی تەلەفۆن وە زۆر شتی تر ، بۆ ئەوەی دزینی سامانی هیند زیاتر بکەن و ئاسان تری بکەن . چاک کردنی کشتوکاڵ لە ئێرانیش بۆ ئەم دوو مەبەستە سەرەکییەیە : یەکەم : نەهێشتنی مەترسی شۆڕشی جوتیاران وە ڕێگەگرتن لە چەکدار بوونی لادێکانی ئێران . وە دووهەم

وە دووهەم پەیدا کردنی بازار بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی دروستکراوی ڕۆژئاوایی ، وە ئاسان کردن دست بەسەرڕا گرتنی کانەکانو بەرهەمەمە تەبیعیەکانی ولات .

کانی ئیمپریالیزم زیاتر دەستی ڕۆیشتن گەلی ئەبەست .. هەر لەسەر ئەم ڕێیەش ڕێکەوتنەکانی نەوت ئەنجام درا لەگەڵ « کۆنسرسیوم » ، وە بەشدار بوونی ئێران لە پەیمانی سەنتۆ ، وە ڕێکەوتنە ئابووری و سیاسیەیە جۆر بەجۆرەکان لەگەڵ ئەمریکاو بەریتانیادا ، وە هاتنە ناوەوەی سەرمایەی بێگانە بۆ ئێران ، وە چەندها ڕیکەوتنی تری لەم بابەتە ، کە نیشتمانەکەمانی ڕائەکێشا بۆئەوەی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ببەستڕێتەوە بە ئەمریکاوە بەڵام ئەمە هەمووی بەس نەبوو بۆ ئیمپریالیستەکان چونکە بەرژەوەندی ئەوان وای پێویست ئەکرد کە ئێران بکەن بە گۆڕستانێک ، یان بەپێی قسەکانی خۆیان بیکەنە « دورگەیەکی بێدەنگ » کە بە کۆتو پێوەندی ئابووری خۆیانەوە ببەستڕێت ، تاکو ڕزگار نەبوونی مسۆگەر بکەن تا ماوەیەکی درێژ .

لەبەر ئەمە .. مەهزەلەی « چاکردنی کشتوکاڵ » یان هێنایە کایەوە . من نامەوێ هیچ بڵێم دەربارەی تەمسیلی هەڵبژاردنی ١٩٦٠ وە دەور بینە سیاسیەیەکانی کە حکومەتی « دکتور أمین » یان هێنا ، وە سەفەرەکانی کاربەدەستانی دەوڵەت بۆ وڵاتانی بێگانە .. تەنها ئەوەندە ئەڵێم کە « چاک کردنی کشتوکاڵ » وە ئەنجامەکانی کە ناو ئەبرێت بە « شورشی شەشەمی بەهمەن » یان شۆڕشی سپی وەکو ئەڵێن ، ئەڵێم کە ئەم هەنگاوانە تەنها ئابووری نەبوون ، بگرە کارێکی سیاسی بوون بە مەبەستی چەسپاندنی ڕژێمی حوکمڕان ، نەک وەکو ئەوترا گوایە بۆ ڕزگارکردنی جەماهیری جوتیارو کرێکار وە ئافرەتانە ، جگە لەوەی کە ئەم هەنگاوە لەسەرەوە کراو سەپێنرا .. واتە لە دەسگای بەکرێ گیراوی حوکمەوە ، وە نەک لە جەماهیرەوە .

بێگومان هەمیشە « چاک کردن » بەتەنیا ، هەمیشە بە مەبەستی لەناوبردنی ئەو زروفە بووە تە شۆڕش تیا گەشە ئەکات و پەیدائەبێ ، ئیمپریالیزم .. بەکۆن و نوێیەوە هەڵ ئەسێت بە هەندێک کاری « پینە کردن » بەناوی چاک کردنەوە ، ئەویش بۆ ئاسان کردنی کاروباری خۆی . بۆ نمونە ئینگلیزەکان کاتێک چوونە خاکی هیندستانەوە ، هەڵسان بە ڕاکێشانی خەتی شەمەنەفەر وە قیرتاو کردنی ڕێگاکانو دروست کردنی کارگەو دروست کردنی خەتی تەلەفۆن وە زۆر شتی تر ، بۆ ئەوەی دزینی سامانی هیند زیاتر بکەن و ئاسان تری بکەن . چاک کردنی کشتوکاڵ لە ئێرانیش بۆ ئەم دوو مەبەستە سەرەکییەیە : یەکەم : نەهێشتنی مەترسی شۆڕشی جوتیاران وە ڕێگەگرتن لە چەکدار بوونی لادێکانی ئێران . وە دووهەم

وە دووهەم پەیدا کردنی بازار بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی دروستکراوی ڕۆژئاوایی ، وە ئاسان کردن دست بەسەرڕا گرتنی کانەکانو بەرهەمەمە تەبیعیەکانی ولات .

خەباتی کەل لە ساڵەکانی ١٩٤١ ـ ١٩٥١ ، وە تێکۆشانی سەختی دژی ئیمپریالیزم ، بو بەهۆی هاتنی حکومەتی نیشتمانی دکتۆر مصدق . خەباتی گەلی ئێمە دژی ئیمپریالیزمی بەریتانی لەسەردەمی دکتۆر مصدق دا ، فروفێڵی ئیمپریالیزمی ئەمریکی کە بوو بە جێگرو میرات گری ئیمپریالیزمی بەریتانی ، وەانقلابە ئیمپریالیستیەیەکەی سالی ١٩٥٣ (ئەو انقلابەی شای هێنایە وە سەر حوکم دوای ئەوەی ڕای کردیبو لە ئێران) ئەو انقلابەی کە بە دۆلاری ئەمریکی وە سیاسەتی ئینگلیزەکان هەڵسورێنرا ، وە لەسەر دەستی بەکرێ گیراوە بەڵام ئەمە هەمووی بەس نەبوو بۆ ئیمپریالیستەکان چونکە بەرژەوەندی ئەوان وای پێویست ئەکرد کە ئێران بکەن بە گۆڕستانێک ، یان بەپێی قسەکانی خۆیان بیکەنە « دورگەیەکی بێدەنگ » کە بە کۆتو پێوەندی ئابووری خۆیانەوە ببەستڕێت ، تاکو ڕزگار نەبوونی مسۆگەر بکەن تا ماوەیەکی درێژ .

لەبەر ئەمە .. مەهزەلەی « چاکردنی کشتوکاڵ » یان هێنایە کایەوە . من نامەوێ

Institut Kurde de paris



کتێبی هاوکاری

سەرەتایەک لە فەلسەفەو ڕێبازەکانی

حمید عزیز

دەست نیشان کردنی دەوری فەیلەسوفو شۆڕشو چالاکیو تەعریف کردنی فەلسەفە بەجۆرێ پڕ بەپێستی بێبەگۆیرەی ڕێبازەکانی فەلسەفە ئەگەرشتێکی دوور لەتوانادا نەبێ ئەوا ئاسانیش نیە !! خۆ لەکاتێکا هەر ڕێبازە لەڕێبازەکانی فەلسەفەو هەر فەیلەسوفەرایەکی تایبەتی هەیەو بەدە گمەن دوو فەیلەسوف ئەبینیڕوەوە لە سەر یەک را بن . لە فەلسەفەی یۆنانی کۆنەدابەپێی واقعو هەلسو کەوتی چینایەتی چەند ڕایەکی جیاوازبەر چاو ئەکەوێت ، ڕای سوقرات زۆر جیاوازترە لەئەفلاتونی قوتابی . سوقرات هەروەکو ئەڵێن (فەلسەفەی لە ئاسمان هێنایە خوارەوە بۆ سەر زەوی) و بەکوچەوکۆڵانەکانی ئەثینا دا ئەگەڕاو لەگەڵ هەموو کەسێو لە هەموکۆڕو شۆینێ ئەکەوتە گفتو گۆو بەلایەوە فەلسەفە ئەبویارێدە دەرێخەڵکی بێ لەهەولو تەقەلادا بەشۆین ڕاستەقینەدا . بەڵام ئەفلاتون بە پێچەوانەوە سەیری ئەکردو خۆی ڕۆڵەیچینی ئوروستکراتی بوو لەو بڕوایە دابوو جیاوازی چینایەتی شتێکی سروشتیەو مرۆڤی کویلە بەندە هەو ئەبێ لەسەر ئەم بارە بمێنێتەوەو هەوڵدانیش بۆ شکاندنی ئەو سنورو واقعەزۆرو جەورەو لادانە لە ڕێگای عەقڵو مەنتقو داد . تەنانەت لە کۆمارە کەشیدا چەند چینێک دەست نیشان ئەکات و واش زانراوە کە فەلسەفەی بەمیراتی تاقمو دەستەیەکی هەڵبژاردەداناوەو لەسەر دەرگای ئەکادیمیەکەی نووسیوە : (هەرچی ئەندازیار نەبێ نابێ بێت بۆ لامان) . ئەرستۆی دەریا عیلم فەیلەسوفی بە ئادەمیزادێکی جیاواز داناوەلەگەڵ مرۆڤی ئاساییو ئەڵێ فەلسەفە بالاترین بەرهەمی بیری ئادەمیزادەو هەموو زانستیەکان هەر لەفیزیاوریامیاری و تیولوژیاو لوژیکو ئەخلاقو ... کۆڕپەیەکی فەلسەفەن . لە سەدەکانی ناوەڕاستداو لە هەر سێ ئاینەئاسمانیەکاندا فەلسەفە بە پاشکۆیەکی ئایین ئەزمێرراوسامانی پیاوە ئاینیەکان بوو کرابوو بە دارەدەستێک بۆچارەسەرکردنی چەند مەسەلەیەک کە ئایین هێنابونیە کایەوەوەکو جیاوازی نیوان (عقل)و (نقل)و نەمری و بەختەوەری و پەیوەندی ئادەمیزاد بەگیان لەبەرێکی سەرو سروشتەوەوسەلماندنی بوونیو مەسەلەی (جبر)و (اختیار)و سەرفرازی لەو دنیادا .. بەڵام ئایا تاچ ڕادەیەک فەلسەفەوفەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمە توانیان بەو ئەر کە هەڵسن کە بە زۆر بەسەریاندا وبەسەر فەلسەفەدا سەپێنرابوو ئەوەشتێکی ترەو لەشوێنێکی کەدا باسی لێوە ئەکەین .. لەگەڵ روخانی کەنیسەو قەڵاچە شرەکەی بیر لەڕێزەدەسەلاتی ریشو دار عەسا زرکارکراو هەڵوێست بەشێوەیەکی کە گۆڕاو تاڕادەیەک فەلسەفە سەربەخۆیی وەدەستهێناو لەسنوری کەنیسە هاتە دەرەوە دیکارتی فەرەنسایی ڕابەری ئەم چالاکیەی کردوو لەم ڕووەوە بەڕابەری فەلسەفەی نوێی کە لەسەدەی ١٥ هەمەوە دەست پێ ئەکات ئەزمێرێ . دیکارت ڕێبازێکی دانا لە چوار قۆناغ پێک هاتووە بۆ ڕزگارکردنی بیر لەگومانو ئەم بەدیهیەی کرد بە سەرەتا : من بیر ئەکەمەوە کەواتا من هەم ! و لەو بڕوایەدایە کە فەلسەفەدارێکە ڕەگەکانی میتافیزیقاو

ئەدەب و ژیان

گۆشکی کرنوش

یەك ئەفسانە
نەء هەزارو یەك ئەفسانە
گریّ ، گریّ لە خوێنمانا
فرچك ئەگریّ
لە بێگارا هەزاران سال
ئەرسکی‌ێنو ئەتوێینەوە
هەنگاو ئەنی‌ێن

ژەنگی ئازار ئەرشێینەوە
لەکورەی ژانو کرنوشا
شەهیدانی ریگەی نوچدار
ئەخۆلێنەوە
چەندەها جار
ریز ئەوەستن
پردی تاوان هەل ئەبەستن

گیان ئەدەنو ئەژیەنەوە
ئەی مرۆڤی دیلی وێلی
تاکەی قوررزی بت ئەشێلی
موچرکەیەکت شۆڕش بێ
ئەم سورانەی زەوی
بەس بێ
وێژدانی دیل ، زریکەی لال

شەرمەزاری ئیتر بەس بێ
با سیپارەی رسوایی مان
بسرینەوە ، دروی وونبی
داوەزی بیمو فریودان
لە (وەی) تولەدا نقوم بێ

مستەفا رابەر



شێرکۆ بێکەس

ژانی هەورێکی ماندوو

لەو گۆرەپانەدا ٠٠ کە (قازی‌ی) تیا لەدایك بوو
جوتیارێکی ئاوارەی بێ زەویم بوو بەهاوڕێ
کە منالەکانی دابوو بەپشتی شەقارو زامداریا
کە سروودی دەنگی بوو بوون بە چلووڕەی ،
هەر چوار گوێسەبانەی وولاتەکەم !
بڕیارمان دا ٠٠ لەیەك کاتا
ئەو دروشمانە ٠٠ بپێچینەوە٠٠ کە ئاوە ژوو
کراونەتە بەر زامەکانی تەمەنمان
ئەو گلێنەی چاوانە ٠٠ بدۆزینەوە ٠٠ کەبۆ چاوەزار ،
کراون بە سەر دەرگای کۆشکە بەرزەکانا !
ئەو گۆڕانە ٠٠ هەلبەینەوە کە هێشتا هەناسەی
منالەکانیان تیا کپ نەبووە !
کە هێشتا کفنەکانیان زەنگی ئالای چوار چرایان ،
زەرد نەکردووە ،
لەیەك کاتا ئەو سەعاتانە بشکێنین
کە ژەنگی زابوردوو ٠ لەپێش‌کەوتنی خستوون
لە پەیمان بەستنا بووین ٠٠ژانی هەورێکی ماندوو ،
کە لە (دەرسیم)ەوە کەرتبوە ڕێ ،
کەوتە گرمەو گەیشتە بەردەمی سێدارەکان
لە پەیمان بەستنا بووین ٠٠ هەورە تریشقەیەکی حوزەیرانی،
(سلیمانی) خۆی‌کرد ٠٠ بەدەروونی خوێنی سابلاخا
ئەوسا ٠٠ هەر سێکمان پێکەوە ٠٠
ئەو رۆژەمان یاد کردەوە ،
کە مەهابادی شەهیدی تیا لەدایك بوو
کە تارانی بێبارانی تیا مرد !

چاوەڕێی ئاسنگەر : ڕەخنەو لێکۆڵینەوە

نابلۆی حەوتەم :
لە سەرەتای ئەم تابلۆیەدا

پاشماوەی ژمارەی پیشو

تاکو ئەو خەونەی دیویەتی بۆی‌لێك بداتەوە ٠٠ خەونەکەی ئەژدەهاك پێش بینی لە تێشکانو بەفەتارەت چوونیەوەدەکاو ئامادە کردنێکی‌دراماتیکیە بۆ ئەو بەسەراهاتو خەونەکە ئەژدەهاك دەگرن ٠٠لێك دانەوەی جادووگەریش بۆ لێك دانەوەی جادووگەریش بۆ خەونەکە هەمووی ، لەسەرەتاوە تا دوایی، دراماتیك ئایرونیە) ٠ (دراماتیك ئایرونی مانای ئەوەیە کە ئەو قسانەی ممثلەکان لەسەر شانۆ دەیکەن ، لای تەماشاکەران مانایەك بدا بەپێچەوانەی ئەو مانایەی ئەوان مەبەستیانە ٠) واتە بەپێچەوانەی ئەو مەبەستانەیە کە جادووگەرەکە لێکیان دەداتەوە ٠٠٠ چونکە تەماشاکەران ئاگایان لەکەینو بەین هەیەو ئەزانن چ شۆڕشێك لەگۆڕێیە کەلە جیاتی ـ کوڕ ـ بۆئەژدەهاك لە دایك دەبی‌ۆ هەڕەشە لەتەختو بەختی دەکات ٠ لێك دانەوەکەی جادووگەر کت ومت بە پێچەوانەی ئەو شتانەیە کە ئەژدەهاك لەخەوا بینیونی :

گوڵ لەخەودا ئەبێ بە دڕك
دڕکیش بەگوڵ !
خوێن ئاشتیە
ئاشتی ناو دڵ !
تەم : ڕوناکی‌و ئاوەدانی ٠٠ هتد

ئەم لێك دانەوەیەش لای تەماشاکەران واتایەك دەبەخشێ کت ومت بە پیچەوانەی قسەکانی جادوگەرە ـ واتە نەقیضە ـکە ـ اثبات ـی لێ دەردەچێتەوە :واتە ئەژدەهاك چ ناخۆشی‌و تەنگو چەڵەمەیەکی بەسەرهاتوە لەخەوا لەواقیعیشدا بەسەری‌دێ ئەگەرچی شێوە یەکی جیاوازیش وەرگری لەوەی کەلەخەوا بینیویەتی ٠٠ وە ئەمەش پێش بینیەکی نەفسی‌و دراماتیکی گرنگە کە شیرکۆ بە کاری هێناوە ٠٠

ئەژدەهاك لە هەموو شتێك زیاتر بەوە دڵشاد دەبێ کە جادووگەر موژدەی دەداتێ کە کوڕی دەبێ :

کوڕم ئەبێ
ئەژدەهاکی بچووك ئەبێ
گڕێی دڵی دەیان سالم ٠٠
ئەکرێتەوە ٠٠

نازانین کە مادام ـ کوربوون ـ گڕێی دڵی دەیان سالی ئەژدەهاکەو هێنده بە پەڕۆشە بۆی، بۆچی لە تابلۆی پێنجەهەما کە دنیا بۆ ئەژدەهاك لە بەهەشت خۆشترە ٠٠ بوچی هیچ شتێك نیە کە بە پەڕۆش بێ بۆی‌و گڕێی دڵی بێ ٠٠ تەنها ـ مردن ـ نەبێ ؟ ئایا مادام (کوڕ بوون) خولیای دەروون‌و هۆشی ئەژدەهاکە نەدەبوو ئەژدەهاك بیر لە خولیا نەهاتوەدیە بکاتەوەو خەمی بۆ بخوا پێش ئەوەی بیر لەمردن بکاتەوەو خەفەتی لێ‌بخوا ؟

ئەمە ئەوە دەرئەخاکە شیرکۆ هەروا ویستویەتی فەلسەفەی خۆی لەبازەی مردنەوە نیشان‌بدا ، بۆئەوەی هەوڵبدا وەك پەرگەزێکی دراماتیکی کەلکی لێ وەرگری ، هەروەك‌و لەتابلۆی پێشووا باسمان کرد ٠

دوای لێکدانەوەی خەونەکە لەلایەن جادووگەرەوە ، پاسەوانێك دێتە ژوورەوە کە دەنگ وباسی (چەتەو یاخی ناوشاخەکان) دێنێ ٠٠لەمەوە تێدەگەین کە شۆڕش لەلایەن میللەتی بێ ئارامەوە بەڕاستی دەستی پێ کردوە ٠٠ وە شۆڕشگێڕەکان هێزو توانایەکی تەواویان هەیە نیشانە بە کوشتنی دە کەس لە هێزەکانی ئەژدەهاك ٠ شیرکۆ دیارە لەم تابلۆیەدا ـ وە لە تابلۆکانی کەشا ـ کەلێکی زۆری لەبەسەرهاتەکانی شۆڕشی نۆسالەی کوردستان وەرگرتوە٠٠ وەئەمە ئاشکرایەو پێویست بە نموونە هێنانەوە ناکا ٠ وە لەم تابلۆیەدا تێدەگەین کە ـ گۆتو ـ یەکێکە لە سەرکردە هەرە گەورەکانی کە ئەژدەهاك پشتی پێ بەستووە بۆ پاك کردنەوەو لە ناوبردنی ـ یاخی ـ بووەکان ٠ وە هەروەها لەم تابلۆیەدا بۆ یەکەمجار ناوی ـ فەرەیدوون ـ دەبیسین کە ئەیەوێ ـ تەختی دزراوی بسێنێتەوە ٠٠ بوونی فەرەیدوون مەترسیەکی گەورەیە بۆ ئەژدەهاك ، گۆتۆش گرنگیەکی زۆر ئەدا بەپێویستی لەناو بردنی چونکە بەلای ئەوەوە :

سەر تیا بچێ :
هەموو شتێ دائەمرکێ :
هیچ نامێنێ

ئەژدەهاك ـ گۆتو ـ بە هێزێکی زۆرەوە دەنیرێ بۆ گرتنی فەرەیدوون دەنیرێ باوەڕەدایە کە :

سەری ماری سەربووی



ـ کاکە عبدالسلام چۆن یاخی بووید ؟

● بەو شۆڕشە پیرۆزە یاخی بووم کە لە ژیانی خۆمدا بەڕپام کرد ٠

ـ کام شۆڕش ؟

● شۆڕشی ڕووخاندنی ئەو بیرو باوەڕە بۆگەنانەی کە زۆری نەمابوو بم خنکێنن ٠

ـ واتە ئێستە ئەژیت ٠٠

● ئەژیم ٠٠ بەڵام هەناسەو بۆ چرۆکی ئاگراوی ئەو کۆمەڵە هەر پێم ئەگات ٠

ـ هەر لەو شیعرەتدا لەباسی تۆڵە سەندنداً خۆت لە (سەنگەری لە ئاگر کراوی ٠ جەنگاوەرێکی بێ وێنە)دا ، ئەبینی‌و وای نیشان ئەدەیت کە بەئاگر لەدژی ئاگرێکی تر ئەجەنگیت ٠ جا نازانین ئاگر بوون ٠

بەر ئەدەیتە ئاگرە کۆنەکە ، یان بە ئاگرە نوێکە کۆنەکە ئەکوژێنیتەوە ؟٠

● بێگومان ئەو ئاگرەی هەڵی ئەگیرسێنم ، وە هەر هەڵیشی ئەگیرسێنم دەریایەکی زۆر سامناکە ئاگرە کۆنەکە ئەکاتە پووشێك‌و بەسەر شەپۆلەکانیا یاری پێ ئەکات ٠

ـ بۆ بیر ئەکەیتەوە ؟

● بۆ ئەوەی خۆم بناسم ٠

ـ ئەی چۆن خەڵکی ئەناسی ؟

● لە ناسینی خۆمدا ٠

ـ چیت لا ژانە ؟

● ترس ٠

ـ کێ نە ترسە ؟

● نوێخوازێکی جەنگاوەر٠

ـ چەکی دەستت ؟

● دروشمێکی بێ ناو نیشان ٠

ـ لە چی هەڵدێیت ؟

● لە هیچ شتێك ٠

ـ روانگە ؟!٠

● ژانی تووپرە ٠

ـ چیت لە سەر زارە ؟

● وتەی نوێ‌و ، بیری نوێ‌و کرداری نوێ ٠

ـ کێ نا ناسی ؟

● هەموو کەسێك ئەناسم٠

ـ دوا قسەت ؟

● تەنیا شۆڕشی یاخی بوون ٠

○ ○ ○

سروودی شێتێکی لە دایك بوو

عبدالسلام محمد

بە دەم شووشەی مەستی سووری شاخی مەبەست
نەخشەی شاری بێ سنوورم
بە هەناسەی ساردو سڕی زستانی هەست
ئەنووسمەوە ٠٠٠
کونی لێوی ئاسمانی ڕەش
بە دەماری خۆێنی ووشکی بێ سەرو لەش
ئەدوورمەوە
ئەو پەیکەرەی
بوونی گیانی منی خولقان
دروشمێکی
بێ ئامانجی سڕی بزوان
ئەپرۆخێنم
سەد جەنگاوەر
سەد مەردی بە بیرو باوەڕ
سەد کوولەکەی چەمی‌جەرگی
شەقامی ترس
ئەلەرزێنم ٠٠٠
گەر ئەو دڵەی
خرپەی هەناوی هاوینی نەبینیوە ٠
دەنگی دەرهێنەری ژینی
نەناسیوە
با لەسەر پەڕەی سووتاوی
کێوی گومان
بە زوبانی ژان بنووسێ :
مردن ڕۆیین نەیان زانی :
چیەیە ڕاستی‌ی
ئەمرن ئەڕۆن‌و ناپرسن
کوانی ڕاستی
کوانی دەنگی ؟
کوانی ڕەنگی ؟
بەڵام ئەی دانەری ڕاستی‌ی‌کوانی ڕاستی‌ی ٠٠

پیرۆز بایی

دەبا شەبۆڵ ٠٠
هەتا ئەوا بەرەو لێژایی سەختی دۆڵ
لە کەڵ قولنگی مەولەوی ٠٠٠
ئاوازی خوڕەمی ڕوبار بداتە کۆڵ !
دەبا خەزان ٠٠
سروەی ئاهەنگ بباتە ناو گەلارێزان
لەسەر گۆڕی نەمر گۆران ٠٠
چەپکێ سۆسن بچنی لە جیاتی نەرگزان !
دەبا هاموون ٠٠
خیوەتی خارای هەڵداتەچەرخی گەردوون
گوڵە ئاجیلەکەی حاجی ٠٠
لە خەرمەنی ، بەبەستێ بە چلی زەیتوون !
با شەقلاوە ٠٠
مەی جەژنانە ئامادەکالەو بەفراوە
هەتا پازی شیعری‌ساوام ٠٠
هەڵپەڕێ لە زەماوەندی‌ئەو خۆشناوە ٠٠

جەلال خۆشناو

بەهەشتەدی ٠٠

تێ فکرن کوڕینە ! مرۆڤ‌لە چاوی برسی‌و هەژارا بوونی خۆی بخوێنێتەوەو لەخۆشەویستی ئەوانا بەهەشت بدۆزێتەوە با چ بیرێکی بەرزو مرۆڤانەیە ! هەڵبەتا مرۆڤی دنیای سەر مایەداری‌و بورژوازی‌ـ کامڕۆ بیکێت ـ نەیان توانیوە ئەم ئامانجە بەرزە بۆژیانیان بدۆزنەوە بۆیە هەموو لە جیهانی (وێڵی)و (وون‌بوون)دا گێژو ووڕبوون ٠٠ هەر چوار دەوریان بە (دیوارەهیچو پووچەکان) ـ الجدران العبشیة ـ تەنراوەو لەجوغزی بێبەڕوپشتی (بۆشایی)و (وەڕس)ی و « چاوەڕوانی بێهوودە » دا ئەتلێنەوە ٠ وە لەڕێگای « یاخی بوون » یەکی‌کوێرانەی دوور لەواقیعی موضوعی‌و کۆمەڵو یاسایەکانیەوە ئەیانەوێ بەدیلێك بۆ « خۆکوشتن » بدۆزنەوە !

لەدوای ئەم سەلەلیکویەکاوەو پشتکۆ هەندێ لەبارەی شۆڕشەوە ئەدوێن ٠٠ وە کاوەبە پشتکۆ ڕائەگەیەنێ کە ئەو ماتی‌و ساردو سڕیەی ئێستا لە گۆڕێیە پێشەکی گەردالو هەڵگردنۀ ٠ وە ـ بازاڕی ئیش‌کردن ـ بۆ دروست کردنی چەکوش گەرم دەکرێ تاوەك‌و فریای ـ دەستی بڕوای خۆرو گڕی پەرست ٠٠سەردەمێکی تریش چاوی یارو ـ بالای شۆخو شەنگی نازدار ـ ئاوات‌و خولیای گیانی بوون ٠٠ بەڵام لە هەموو ئەمانەدا بەو دنیایە نەگەیشت کە ئەیویست لەگەڵ ئەمەش کۆڵی نەدا هەتا وەك‌و (وێڵ بوونی بە قۆناغی ئاوەدانی ڕێگە گەیاند) ئەوەش ئەو کاتەیە کەبیری ئازادی ئەدۆزێتەوە ٠٠ ئەو کاتە خۆی ئەناسێ ، ئەزانی ئەوکێیە سەر لەنۆ لەگەلیا ئەژێتەوە ـ (واتە ژیانی پێشووی بەمردن دائەنێ ٠٠٠ لێرەدا شیرکۆ تاکیدی‌قسەکەی پێشووی کاوە دەکاتەوە کە ئەڵێ : ژیان تەنها سەربەستیە ٠٠) بەڵام دۆزینەوەی بیری ئازادی کەهەر بۆ خۆی بێو پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵا پساندبێ ، بێرێکی بێهوودەو هیچ دەر دەچێو مرۆڤ لەوێڵ بوونو سەرگەردانی دەرباز ناکا ٠٠ بەڵام بیری پشتکۆوانیە ٠ پشتکۆ مەزنترین و پیرۆزترین ئامانج بۆ ژیانی ئەدۆزێتەوە :

لە ئێستانی دەورو پشتما
لە چوار دەورما !
لە چاوی برسی‌و هەژارا !
خۆم بینی ٠٠
لە گەردەلوولی ئازارا
لە گەتیانا شەوم بڕی
لە خۆشەویستی ئەوانا

بێ‌تین
لە گیانەلاوی مەرگ دایە
هەرگیز ناگاتەوە هاوین !

ئەژدەهاك مەبەستی لە ئەرەیدوونە ٠ بەڵام قسەکانی ـ ئایرۆنیە ـ چونکە تەماشاکەران لایان ڕوونە کە سەری ئەو مارە سڕبووەی هەرگیز ناگاتەوە هاوین سەری ئەژدەهاك خۆیەتی نەك فەرەیدون ٠ لەدوای ئەمە ـ لۆلۆی ـ وەزیری دەستە ڕاست دێتە ژوورەوە ٠٠ لە قسەکانی ـ لۆلۆ ـ وە حاڵی دەبین کە مەسەلەکە تەواو خەست بووەو ٠٠ میللەت لەهەموو لایەکەوە خرۆشاوە ٠٠لۆلۆ هەوڵ ئەداتە ئەژدەهاك کە ژمارەیەکی زۆریان لەگێرە شێوێنان ـ گرتووە لەوانە یەکێکیان کوڕی کاوەی ئاسنگەرە ٠٠ کە ئەمە دەبیسێ ئەژدەهاك فەرمان ئەدا ـکاوە خۆشی بگرن‌و کوڕەکەشی بکوژن ٠٠ بەڵام لێرەدا شیرکۆ بەهانەیەکی بەجێ ئەدۆزێتەوە بۆ دواختنی کاوەو کوشتنی کوڕەکەی ، ئەویش ئەوەیە کە کاوە تەنیا ئاسنگەرێکە کە ئەزانێ تیروڕم دروستبکا وەکە ئەو بگیرێ پیاوەکانی ئەژدەهاك پەکیان ئەکەوێ ٠٠ لەبەرئەوە ئەژدەهاك واز لەگرتنی کاوە ئەهێنێ ٠

تابلۆی هەشتەم :

شیرکۆ لەم تابلۆیەدا ئەگوێزێتەوە بۆ دوکانی کاوەی ئاسنگەر ٠ پشتکۆ کە لەدوای گیرانی کوردۆ بووە بە شاگردی کاوە ، خەریکی ڕێکخستنی کەرەستەی ئیشە وە پاش ماوەیەك بیدەنگی لەبەر خۆیەوە قسە دەکا ٠ ئەم ـ سەلیلیکویەی ـ پشتکو پێداچوونەوەی ژیانی خویەتی هەر لەسەرەتای وێڵ بوونیەوە تاگەیشتنی بە حەقیقەت‌و دۆزینەوەی ئامانجێکی ڕاستەقینە بۆ ژیانی پشتکۆ بۆمان دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ دڵی شێتو وێڵیا هەموو هەردەو دۆڵو لووتکەیەك گەڕا بۆ گەیشتن بەو دونیایەی گەرەکی بوو ٠٠ پەنای بردە بەر سروشت‌و ویستی بەهەشت لەوا بدۆزێتەوە٠ گەڕا بۆ خوای دادپەروەری‌و مانگ‌و ئاسنگەر ٠ پشتکۆ کە لەدوای گیرانی کوردۆ بووە بە شاگردی کاوە ، خەریکی ڕێکخستنی کەرەستەی ئیشە وە پاش ماوەیەك بیدەنگی لەبەر خۆیەوە قسە دەکا ٠ ئەم ـ سەلیلیکویەی ـ پشتکو پێداچوونەوەی ژیانی خویەتی هەر لەسەرەتای وێڵ بوونیەوە تاگەیشتنی بە حەقیقەت‌و دۆزینەوەی ئامانجێکی ڕاستەقینە بۆ ژیانی پشتکۆ بۆمان دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ دڵی شێتو وێڵیا هەموو هەردەو دۆڵو لووتکەیەك گەڕا بۆ گەیشتن بەو دونیایەی گەرەکی بوو ٠٠ پەنای بردە بەر سروشت‌و ویستی بەهەشت لەوا بدۆزێتەوە٠ گەڕا بۆ خوای دادپەروەری‌و مانگ‌و ئاسنگەر ٠ پشتکۆ کە لەدوای گیرانی کوردۆ بووە بە شاگردی کاوە ، خەریکی ڕێکخستنی کەرەستەی ئیشە وە پاش ماوەیەك بیدەنگی لەبەر خۆیەوە قسە دەکا ٠ ئەم ـ سەلیلیکویەی ـ پشتکو پێداچوونەوەی ژیانی خویەتی هەر لەسەرەتای وێڵ بوونیەوە تاگەیشتنی بە حەقیقەت‌و دۆزینەوەی ئامانجێکی ڕاستەقینە بۆ ژیانی پشتکۆ بۆمان دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ دڵی شێتو وێڵیا هەموو هەردەو دۆڵو لووتکەیەك گەڕا بۆ گەیشتن بەو دونیایەی گەرەکی بوو ٠٠ پەنای بردە بەر سروشت‌و ویستی بەهەشت لەوا بدۆزێتەوە٠ گەڕا بۆ خوای دادپەروەری‌و مانگ‌و

کەمال میراودەلی

ڕاپەڕین بکەوێ) ئەم چوکوشەش کاوە ئەڵێ :

یان چەکوشێك ئەبێ ناوی ئەچێتە ناو ، ناوی زیندوو پشت لەدوای‌پشت‌بۆ شانازی باسی ئەکەن٠٠ نەوەی هاتوو

ئەم پێش بینیەی کاوە ـ وەك‌و مامۆستا احسان فوئاد لە پێشەکیەکەیا ئەڵێ ـ (تۆزێ) سەرئەکات ! ئەوەی ڕاستی بێ ئەم جۆرە قسانەی‌کاوە لە زۆر شوێنا دووبارە بوونەوە ٠ کەئەمە ـ کاوە لەواقیع دوور دەخاتەوە ، چونکە نابێ ئەوەمان لەبیربچێ کە ـکاوە ـ ئاسنگەرە وە ئاسنگەرێکی کوردەواریشە ٠٠ وە پێویست بوو شیرکۆ بە شێوەیەکی سادەو واقیعی نیشانی بدات ٠٠ وەك‌و مرۆڤێکی رزنجەری کورد کە هەستی بە زۆڵمو زۆری کردەو لەدژیا شۆڕشی بەرپاکردوە ٠٠ وەلە پێناوی خۆی‌و چەکوشەکەی ئەجەنگێ ٠٠ نەك لەپێناوی ئەوەیا خۆی‌و چەکوشەکەی ناویان بچێتە مێژووەوەو ، میللەت پشت بە پشت شاناز یان پێوە بکا ٠٠ وا بزانم ئەو زروفە سەختو خوێناویەی دەوری ئاسنگەرێکی سادەی وەك ٠ کاوە ـ ئەدا ٠٠ ئەرك‌و خەبات‌و کۆششێکی لەوە گەورەتری دێنێتە ئەستۆ ٠٠ کە بپرژێتە سەر ئەوەی خۆی لەبەر چاوی نەوەکانی داهاتوو ـ و لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو ببینێ ٠٠٠ شیرکۆ ـ ذاتیەتی ـ خۆی تا ڕادەیەکی زۆر بەسەر کاوەدا سەپاندەوەو لە واقیعی دوور خستۆتەوە ٠٠٠ وە بۆ دروست کردنی چەکوشەکەش ئەتوانرا کارێکی دراماتیکی گەورەی هەبێ ٠٠ ئەگەر شیرکۆ بیکردبایە بە ڕەگەزێکی ـ تشویق ـ ٠٠ ئەگەر هاتبایەو کاوە چەکوشەکەی دروست بکردایەو ناشکرای نەکردایە کە بۆئەوەیە ـ ناوی بچێتە مێژووەوە وە تەنانەت نهێنی ئەو چەکوشەی بە پشتکۆش نەووتایە ٠٠ ئەمە تەماشاکەرانی ڕادەکێشا کە خۆیان بیر لەم ـ ڕازە ـ بکەنەوەو چاوەڕوانی ئەو دەورە بکەن کە چەکوشەکە ئەبینێ لە ڕووداوەکانی داستانەکەدا ٠

ـ ماویەتی ـ

★★

Archive de Paris
institut kurde

پارێزەران بەشێکی زەوشن بیرانی کۆمەڵن ، ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە کۆمەڵانی میللەت هەیە ، هەروەها تاقمێکی کۆمەڵایەتی فراوانن و شوێنێکی سیاسی تایبەتی یان هەیە لە تێکۆشانی ئازادی خوازی گەلدا .. پارێزەرانی عیراق بە تێکڕایی هەڵوێستی مەردانەیان نواندوە ، بەتایبەتی لەسەر دەمی ڕژێمی پاشایەتی بۆگەن .. زۆرها جار لە ئەنجامی یەکیەتی ڕیزەکانیان لەهەڵبژاردنی گشتی لیستەی تاقمی دیموکراتی خواژەکان سەر دەکەوت .. تەنانەت هەندێکیان زۆر بەمەردانە پارێزگاریان لە ڕۆڵە دڵسوزەکانی گەلی تێکۆشەریان ئەکرد، بێگومان حوکمرانەکانی ئەو سەر دەمەش بەرامبەر هەڵوێستی ئەو پارێزەرانە ، پەنای دەبردە بەرگرتن و سزادانیان .

پارێزەرە نیشتمان پەروەرەکانی کوردیش ، کە بەشێکی پارێزەرانی عیراق بوون ، ئەوانیش خاوەن هەمان هەڵوێستی مەردایەتین .. ڕۆژنامەی هاوکاری بە پێویستی سەر شانی خۆی دەزانی (کە ڕۆژنامەی گشت خوێندەواریکە) لە زنجیرەی گفتوگۆ کردن ، لەگەل هەموو تاقمە نیشتمانیپەروەرەکان ، چەندپرسیارێکی بەجێ و پێویست ئاراستەی ئەم تاقمە ڕەوشن بیرە بکات .. دەربارەی ژیانی دانیشتوانی هەولێر بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی ، بۆ ئەوەی گشت لایەک بەپێی تووانا هاوبەشی بکات لە چارە سەرکردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵی کورد لە هەمان کاتیشدا بۆ ڕێگا خۆش کردن لە پێناوی دروست کردنی کۆمەڵێکی پێشکەوتن . خواز .. وە لەم گفتوگۆیەی ئەم جارەمان چەند پارێزەرێکی نیشتمان پەروەری هەولێر هاو بەشیان کرد .. ئەوا پێش کەش بەخوێندەوارانی کورد ئەکەین .


هاوکاری :


ئایا شێوەی ڕێکخستنی پارێزەرانی هەولێر لە ڕووی پیشەیی هەروەها چەشنی پەیوەندیتان لەگەل بەغدا چۆنە ؟


بەڕێز اسماعیل یعقوبی وەرامی ئەم پرسیارەی دا ، چونکە باوەڕ پێکراوی نەقابەی ناوەندیی لە هەولێر :


پارێزەر اسماعیل یعقوبی ووتی :


ئەگەر هەموو سالێك ، یاخود دوو سال جارێك ، هەڵبژاردنی گشتی دەکرا لە شاری بەغدا . هەروەها شارەکانی وولات ئەکرێتە بە چەند ناوچەیەك هەڵبژاردن ، بۆ نمونە شاری کرکوك ، سولەیمانی ، هەولێر ناوچەیەکی هەڵبژاردنە .. وە نەقابەی ناوەندی یەکێك لە پارێزەران ، کە ئەڵێن (منتدب) بۆ کارو باری نەقابەو بەردەوام بوونی پەیوەندی لە گەل بەغدا ، دەست نیشان دەکا ..


پوشو دزەیی


جەلال مدحت


تحسین عبدالله


نەژدەت قادر


سیروان چیچۆ

هاوکاری :

کەواتە ئێوە لیژنەی تایبەتی تان نیە ، وە چۆنیش بریارێك ئەدەن کە بگونجێ لەگەل ڕای پارێزەران ؟

پارێزەر یعقوبی ووتی :

ڕاستە لیژنەی نەقابەمان نیە بەڵام ئەگەر مەسەلەیەك هەبێ ئەوا ئیمە هەموومان گفتوگۆی لە سەر دەکەین لە ئەنجامدانەگەینە ڕایەکی گونجاو ..

هاوکاری :

ئەی چ چەشنە گیرو گرفت لە بەردەم پارێزەرانی هەولێر هەیە ؟

پارێزەر نەژدەت قادر وەڵامی ئەم پرسیارەی دا وەو ووتی :ـ

پارێزەرانی هەولێر
بڕ هاوکاری ئەدەن

بەرهەڵستی کردنی ڕزگار بوونی ئافرەت دوژمنایەتی کردنی کۆمەڵە

نووسینی : شەمس

پێشەکی

کۆمەڵی ئادەمیزاد ، لە ئەنجامی ئەو ناکۆکی یانەی لە ناویایەتی هەمیشە لە گۆران دایە . ناکۆکی یەکانیش بریتین لە ناکۆکی نیوان هێزی بەرهەم هێنەرو پەیوەندی یەکانی بەرهەم هێنانو ، ناکۆکی نیوان چینەکانو ، ناکۆکی نیوان کۆنو نوێ . کۆمەڵ بەبێ بوونی ئەم ناکۆکی یانە بەرەو پێشەوە ناڕوات، وەتەنها ئەم ناکۆکی یانەیە کە کۆمەڵ پێش ئەخات و ڕۆژبەڕۆژ بەرەو گەشەکردنی ئەبات .

مێژوو بریتی بووە ئەم خەباتە ، لەم لەیەکدانە لە نێوان لایەکانی ئەم ناکۆکی یانە کە سەرکەوتن تیادا هەمیشە بو پەیوەندی یە نوێ یەکانی بەرهەم هێنان بووە کە بگونجێ لەگەل هێزی بەرهەم هێنەری خۆی داو، بۆ چینە پێشکەوتووەکان بووە کە نوێنەرایەتی نوێ یان کردووە . واتە ، هەمیشە کۆمەڵی کون هەرەسی هێناوەو کۆمەڵی نوێ شوێنی گرتوتەوە .

لەکۆمەڵێکی فرە چیندا هەر کەسێك سەر بە چینێك لە چینەکانی ئەو کۆمەڵەیە ، هەموو بیروڕایەکی ، هەموو هەڵسان و دانیشتنێکی مۆری یەکێك لە چینەکانی کۆمەڵی پێوە ئەبێت . نەیەوێت، هەستی پێ بکات یا جا ئەو کەسە بیەوێت یا نەیکات .

لەبەرامبەر چینە نوێ یەکان دا ئەم چینانەی کە بەرژەوەندی یان لە گۆڕانی کۆمەڵ و پێشکەوتنێتی لە هەموو کایەیەکدا ، لە خەباتدان دژی چینە کۆنەپەرستەکان ، لە بەرامبەریان هەمیشە چینە کۆنەپەرستەکان ئەوپەڕی پەلەقاژە ئەکەن بۆ درێژە پێدانی بوونیان و دەسەڵاتیان لە هەموو ڕوویەکەوە بەسەر کۆمەڵدا . وە بۆ بەربەست کردنی کاروانی پێشکەوتن هەزارو یەك فرۆفێل و تەڵەکەبازی و ئوسلوبی پێچاو پێچ و خوارو کێڕ ئەگرن . وە هەرچی پێیان ئەکرێ ئەیکەن بۆ ڕێگە گرتن لە پێشکەوتن و نوغرۆ کردنی چینە پێش کەوتنخوازەکان .

دیارە بۆ گەیشتن بەم مەبەستە بە تەنها هۆیەك واز ناهێنن بەڵکو چەندین هۆی جیا جیا هەڵ ئەبژێرن بۆ گەیشتنە مەرامی خۆیان . وە ئەو داخو کینەیەیان لە پێشکەوتن وایان لێ ئەکات کە زۆر زیرەکانە بیر بکەنەوەو باشترین کارێك بدوزنەوە کە بیرو باوەڕی کۆنە پەرستانەی خۆیان پێ بهێڵنەوەو لە لەقێنو پاشان هەرەس هێنان ڕزگاری بکەنو بنچینەکی کۆمەڵایەتی پتەوو جێگیر بووی بۆ بنیات بنێن . بۆ ئەمەش ئەم چینە کۆنەپەرستانە پەنا ئەبەنە بەر دووا کەوتووترین شێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵدا، پێڕەوی ئەنووسێنو مرخێش مرخێش ئەیانەوێ بەلای خۆیانا باشتر ڕای کێشن . ئەوەی لەمەدا یارمەتی یان ئەدا بوونی باری لەبارە بۆیان ، کە باری کۆمەڵایەتی دواکەوتووی کۆمەڵەکەیە کە بە ئاسانی هەوڵو تەقەللاکانیانی پێ ئەپەڕێ و بگرە کاری کاریگەری خۆشی ئەکات و مەسەلەی پێشکەوتن بڕیك ئەخاتە دووا وە .

لە کۆمەڵی ئێمەشدا ئەوەی لە هەموو شتێك پتر چینە کۆنەپەرستەکان گرتوویانەو ئەیانەوێت بە خراپی بە کاری بهێنن ئایینە . ئایین ڕووت ئەکەنەوە لە هەموو لایەنە باشەکانی و بەشێوەیەکی شێواو بۆ ڕێگە گرتن لە پێشکەوتن و نوغرۆ کردنی چینە پێش کەوتنخوازەکان .

دیارە بۆ گەیشتن بەم مەبەستە بە تەنها هۆیەك واز ناهێنن بەڵکو چەندین هۆی جیا جیا هەڵ ئەبژێرن بۆ گەیشتنە مەرامی خۆیان . وە ئەو داخو کینەیەیان لە پێشکەوتن وایان لێ ئەکات کە زۆر زیرەکانە بیر بکەنەوەو باشترین کارێك بدوزنەوە کە بیرو باوەڕی کۆنە پەرستانەی خۆیان پێ بهێڵنەوەو لە لەقێنو پاشان هەرەس هێنان ڕزگاری بکەنو بنچینەکی کۆمەڵایەتی پتەوو جێگیر بووی بۆ بنیات بنێن . بۆ ئەمەش ئەم چینە کۆنەپەرستانە پەنا ئەبەنە بەر دووا کەوتووترین شێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵدا، پێڕەوی ئەنووسێنو مرخێش مرخێش ئەیانەوێ بەلای خۆیانا باشتر ڕای کێشن . ئەوەی لەمەدا یارمەتی یان ئەدا بوونی باری لەبارە بۆیان ، کە باری کۆمەڵایەتی دواکەوتووی کۆمەڵەکەیە کە بە ئاسانی هەوڵو تەقەللاکانیانی پێ ئەپەڕێ و بگرە کاری کاریگەری خۆشی ئەکات و مەسەلەی پێشکەوتن بڕیك ئەخاتە دووا وە .

لە کۆمەڵی ئێمەشدا ئەوەی لە هەموو شتێك پتر چینە کۆنەپەرستەکان گرتوویانەو ئەیانەوێت بە خراپی بە کاری بهێنن ئایینە . ئایین ڕووت ئەکەنەوە لە هەموو لایەنە باشەکانی و بەشێوەیەکی شێواو بۆ ڕێگە گرتن لە پێشکەوتن و نوغرۆ کردنی چینە پێش کەوتنخوازەکان .

دیارە بۆ گەیشتن بەم مەبەستە بە تەنها هۆیەك واز ناهێنن بەڵکو چەندین هۆی جیا جیا هەڵ ئەبژێرن بۆ گەیشتنە مەرامی خۆیان . وە ئەو داخو کینەیەیان لە پێشکەوتن وایان لێ ئەکات کە زۆر زیرەکانە بیر بکەنەوەو باشترین کارێك بدوزنەوە کە بیرو باوەڕی کۆنە پەرستانەی خۆیان پێ بهێڵنەوەو لە لەقێنو پاشان هەرەس هێنان ڕزگاری بکەنو بنچینەکی کۆمەڵایەتی پتەوو جێگیر بووی بۆ بنیات بنێن . بۆ ئەمەش ئەم چینە کۆنەپەرستانە پەنا ئەبەنە بەر دووا کەوتووترین شێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵدا، پێڕەوی ئەنووسێنو مرخێش مرخێش ئەیانەوێ بەلای خۆیانا باشتر ڕای کێشن . ئەوەی لەمەدا یارمەتی یان ئەدا بوونی باری لەبارە بۆیان ، کە باری کۆمەڵایەتی دواکەوتووی کۆمەڵەکەیە کە بە ئاسانی هەوڵو تەقەللاکانیانی پێ ئەپەڕێ و بگرە کاری کاریگەری خۆشی ئەکات و مەسەلەی پێشکەوتن بڕیك ئەخاتە دووا وە .

لە کۆمەڵێکی فرە چیندا هەر کەسێك سەر بە چینێك لە چینەکانی ئەو کۆمەڵەیە ، هەموو بیروڕایەکی ، هەموو هەڵسان و دانیشتنێکی مۆری یەکێك لە چینەکانی کۆمەڵی پێوە ئەبێت . نەیەوێت، هەستی پێ بکات یا جا ئەو کەسە بیەوێت یا نەیکات .

لەبەرامبەر چینە نوێ یەکان دا ئەم چینانەی کە بەرژەوەندی یان لە گۆڕانی کۆمەڵ و پێشکەوتنێتی لە هەموو کایەیەکدا ، لە خەباتدان دژی چینە کۆنەپەرستەکان ، لە بەرامبەریان هەمیشە چینە کۆنەپەرستەکان ئەوپەڕی پەلەقاژە ئەکەن بۆ درێژە پێدانی بوونیان و دەسەڵاتیان لە هەموو ڕوویەکەوە بەسەر کۆمەڵدا . وە بۆ بەربەست کردنی کاروانی پێشکەوتن هەزارو یەك فرۆفێل و تەڵەکەبازی و ئوسلوبی پێچاو پێچ و خوارو کێڕ ئەگرن . وە هەرچی پێیان ئەکرێ ئەیکەن بۆ ڕێگە گرتن لە پێشکەوتن و نوغرۆ کردنی چینە پێش کەوتنخوازەکان .

ئایا شێوەی ڕێکخستنی پارێزەرانی هەولێر لە ڕووی پیشەیی هەروەها چەشنی پەیوەندیتان لەگەل بەغدا چۆنە ؟

بەڕێز اسماعیل یعقوبی وەرامی ئەم پرسیارەی دا ، چونکە باوەڕ پێکراوی نەقابەی ناوەندیی لە هەولێر :

پارێزەر اسماعیل یعقوبی ووتی :

ئەگەر هەموو سالێك ، یاخود دوو سال جارێك ، هەڵبژاردنی گشتی دەکرا لە شاری بەغدا . هەروەها شارەکانی وولات ئەکرێتە بە چەند ناوچەیەك هەڵبژاردن ، بۆ نمونە شاری کرکوك ، سولەیمانی ، هەولێر ناوچەیەکی هەڵبژاردنە .. وە نەقابەی ناوەندی یەکێك لە پارێزەران ، کە ئەڵێن (منتدب) بۆ کارو باری نەقابەو بەردەوام بوونی پەیوەندی لە گەل بەغدا ، دەست نیشان دەکا ..

هاوکاری :

کەواتە ئێوە لیژنەی تایبەتی تان نیە ، وە چۆنیش بریارێك ئەدەن کە بگونجێ لەگەل ڕای پارێزەران ؟

پارێزەر یعقوبی ووتی :


ڕاستە لیژنەی نەقابەمان نیە بەڵام ئەگەر مەسەلەیەك هەبێ ئەوا ئیمە هەمووماں گفتوگۆی لە سەر دەکەین لە ئەنجامدانەگەینە ڕایەکی گونجاو ..

هاوکاری :

ئەی چ چەشنە گیرو گرفت لە بەردەم پارێزەرانی هەولێر هەیە ؟

پارێزەر نەژدەت قادر وەڵامی ئەم پرسیارەی دا وەو ووتی :ـ

بەڵێ گیرو گرفت هەیە ، گیرو گرفتەکەش بڕیتیە لە نەبوونی (دعاوی) ئەویش وەنەبێ کۆمەڵی ئیمە ، یاخود شاری هەولێر (خوانە خواستە !!) گیرو گرفتی ، نەبێ ، خەڵکی کارو فەرمانیان بە چاکی دەروا سەریان ڕەحەتە بەڵکو لە ئەنجامی بێ ئیشی و تەنگو چەلەمەی ئابوری و چارە


اسماعیل یعقوب

سەر نەکردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵی ئیمە لە بنەڕەتەوە ..! وە ئەو (دعاوی) یانەش هەیە بەشێکی بەخورایی جێ بە جێ دەکری ، بەشی دوو هەمیشی لە ئاستی ماندوو پارێزەراندا نیە .

هاوکاری :

باشە چار چیە ؟

پارێزەر نەژدەت لە وەلامدا ووتی :

چار..! چار چیە؟! وابزانم هەر وەك کورد دەڵێ : مانگ لە چواردە پێویست بە ئەنگوست ناکات !.

هاوکاری :

مەبەست چیە ؟

پارێزەر نەژدەت :

بەکورتی مەبەست ئەوەیە گیرو گرفتی ئێمە بەندە بە چارە سەر کردنی گیرو گرفتەکانی میللەتێکی هەژارو بریندار و .. و ..!

پرسیاریکی تر :

باری ژیانی ڕەوشن بیری میللەتەکەمان ، شارەکەمان چۆنە ؟

پارێزەر صلاح شیخ ڕوەوف ووتی :

ئاشکرایە بەر لە شۆڕشی ١٤ی تموز ، میللەتی کوردمان، لە ئەنجامی چەوساندنەوەی سیاسیو نەتەوەیی زۆر دووا کەوتبو ، پاش ١٤ی تموزیش بەهۆی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵایەتیو ڕەوشن بیری هاتنە کۆڕی تێکۆشانی ئاشکرایی یەوە ، تا ڕادەیەك باری ڕەوشن بیری بووژایەوە ..

هاوکاری :

چەشنی ئەم بووژانەوەیە چۆنە ؟

پارێزەر صلاح ووتی :

تا ئێستا چەندین دەورەی قەلاچو کردنی نەخوێندەواری و کۆڕی ڕەوشن بیری و ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبی کوردی پێشکەش بە گەلی کورد کراوە .. بەڵام بە داخەوە سەبارەت بە هەولێر ئەلێم تا ئێستا لەئاستی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا نیە .

هاوکاری :

باشە چار چیە ؟

پارێزەر نەژدەت لە وەلامدا ووتی :

چار..! چار چیە؟! وابزانم هەر وەك کورد دەڵێ : مانگ لە چواردە پێویست بە ئەنگوست ناکات !.

هاوکاری :

مەبەست چیە ؟

پارێزەر نەژدەت :

بەکورتی مەبەست ئەوەیە گیرو گرفتی ئێمە بەندە بە چارە سەر کردنی گیرو گرفتەکانی میللەتێکی هەژارو بریندار و .. و ..!

پرسیاریکی تر :

باری ژیانی ڕەوشن بیری میللەتەکەمان ، شارەکەمان چۆنە ؟

پارێزەر صلاح شیخ ڕوەوف ووتی :

ئاشکرایە بەر لە شۆڕشی ١٤ی تموز ، میللەتی کوردمان، لە ئەنجامی چەوساندنەوەی سیاسیو نەتەوەیی زۆر دووا کەوتبو ، پاش ١٤ی تموزیش بەهۆی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵایەتیو ڕەوشن بیری هاتنە کۆڕی تێکۆشانی ئاشکرایی یەوە ، تا ڕادەیەك باری ڕەوشن بیری بووژایەوە ..

هاوکاری :

چەشنی ئەم بووژانەوەیە چۆنە ؟

پارێزەر صلاح ووتی :

تا ئێستا چەندین دەورەی قەلاچو کردنی نەخوێندەواری و کۆڕی ڕەوشن بیری و ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبی کوردی پێشکەش بە گەلی کورد کراوە .. بەڵام بە داخەوە سەبارەت بە هەولێر ئەلێم تا ئێستا لەئاستی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا نیە .

پارێزەر سیروان .

وابزانم لەم ڕووەوە یەکێتی نووسەرانی کورد ، لاوان ، ئافرەتان دەتوانن دەورێکی باش بنوێنن .. بەتایبەتی نەوەی نوێ خوێنی گەرمەو زیاتر لایەنی گوڕان و پێش کەوتنە ..

هاوکاری :

فەرموودەتان ڕاستە بە شێوەیەکی گشتی ، بەڵام بەڵای ئێمەوە تێبینی یەکەتان دوو ڕووی هەیە ، یەکەمیان تەنها لە سەر شانی ئەم ڕێکخراوانە نیە بەتەکو ... دووهەمیان دەستەی بەڕێوبەرانی ئەم ڕێکخراوانە هەندیکیان خاوەن تاقی کردنەوەی چالاکی ناشکرایی و تیکەیشتنی سەر کردایەتی ڕێکخراوەکانی یان نەیەو هەروەها هەندیکیشیان لە ئاستی مسۆولیەتی قوناخی تازەی پاش ١١ی ئاذارو گورانی چەرخی ئەیلولو نین ...!

پارێزەر صلاح شیخ ڕوەوف ووتی :

بەڵێ گیرو گرفت هەیە ، گیرو گرفتەکەش بڕیتیە لە نەبوونی (دعاوی) ئەویش وەنەبێ کۆمەڵی ئیمە ، یاخود شاری هەولێر (خوانە خواستە !!) گیرو گرفتی ، نەبێ ، خەڵکی کارو فەرمانیان بە چاکی دەروا سەریان ڕەحەتە بەڵکو لە ئەنجامی بێ ئیشی و تەنگو چەلەمەی ئابوری و چارە

اسماعیل یعقوب

سەر نەکردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵی ئیمە لە بنەڕەتەوە ..! وە ئەو (دعاوی) یانەش هەیە بەشێکی بەخورایی جێ بە جێ دەکری ، بەشی دوو هەمیشی لە ئاستی ماندوو پارێزەراندا نیە .

هاوکاری :

باشە چار چیە ؟

پارێزەر نەژدەت لە وەلامدا ووتی :

چار..! چار چیە؟! وابزانم هەر وەك کورد دەڵێ : مانگ لە چواردە پێویست بە ئەنگوست ناکات !.

هاوکاری :

مەبەست چیە ؟

پارێزەر نەژدەت :

بەکورتی مەبەست ئەوەیە گیرو گرفتی ئێمە بەندە بە چارە سەر کردنی گیرو گرفتەکانی میللەتێکی هەژارو بریندار و .. و ..!

پرسیاریکی تر :

باری ژیانی ڕەوشن بیری میللەتەکەمان ، شارەکەمان چۆنە ؟

پارێزەر صلاح شیخ ڕوەوف ووتی :

ئاشکرایە بەر لە شۆڕشی ١٤ی تموز ، میللەتی کوردمان، لە ئەنجامی چەوساندنەوەی سیاسیو نەتەوەیی زۆر دووا کەوتبو ، پاش ١٤ی تموزیش بەهۆی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵایەتیو ڕەوشن بیری هاتنە کۆڕی تێکۆشانی ئاشکرایی یەوە ، تا ڕادەیەك باری ڕەوشن بیری بووژایەوە ..

هاوکاری :

چەشنی ئەم بووژانەوەیە چۆنە ؟

پارێزەر صلاح ووتی :

تا ئێستا چەندین دەورەی قەلاچو کردنی نەخوێندەواری و کۆڕی ڕەوشن بیری و ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبی کوردی پێشکەش بە گەلی کورد کراوە .. بەڵام بە داخەوە سەبارەت بە هەولێر ئەلێم تا ئێستا لەئاستی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا نیە .

پارێزەر سیروان .

وابزانم لەم ڕووەوە یەکێتی نووسەرانی کورد ، لاوان ، ئافرەتان دەتوانن دەورێکی باش بنوێنن .. بەتایبەتی نەوەی نوێ خوێنی گەرمەو زیاتر لایەنی گوڕان و پێش کەوتنە ..


هاوکاری :

فەرموودەتان ڕاستە بە شێوەیەکی گشتی ، بەڵام بەڵای ئێمەوە تێبینی یەکەتان دوو ڕووی هەیە ، یەکەمیان تەنها لە سەر شانی ئەم ڕێکخراوانە نیە بەتەکو ... دووهەمیان دەستەی بەڕێوبەرانی ئەم ڕێکخراوانە هەندیکیان خاوەن تاقی کردنەوەی چالاکی ناشکرایی و تیکەیشتنی سەر کردایەتی ڕێکخراوەکانی یان نەیەو هەروەها هەندیکیشیان لە ئاستی مسۆولیەتی قوناخی تازەی پاش ١١ی ئاذارو گورانی چەرخی ئەیلولو نین ...!

پارێزەر صلاح شیخ ڕوەوف ووتی :

بەرەبەرەکێ ژ زارۆکیا من

ئەحمەد ئەمینی نالبەند



هۆزانڤانی لهیڤا ئ. بەرکەتی

ئەحمەد ئەمینی نالبەند

صادق بهاء الدین

ئامادەکرنا : عەلی مەشکەبەندی

ـ ٣ ـ

ژدویروکا ژین ئو ژیارا نالبەندی یا نێزیکی هەفتێ سالا دیار ئو خویا دبیت کو چەند ساڵەکێت کێم نەبن هەکە بێت مالی وەکی عەرەبێ مال لسەر سەری بو هەڕو لدرەکو جهەکی ، لگۆلانا رابوراندیی نە ئو دەریازکری نە رۆژێت خو ، هەر هەیامەکی لگونەدکی . هەر چەند پۆژا لمالەکێ ، هەر دانەکی لجهەکی . ژبەر هندێ ژی بویە کەس رازی نەبویە ڤێ دویماهیێ خو بینیتە ڕێزاوی ، شوی پێ بکەت ، ئەکەرچی سێ ژن ژینابنە ، بەلێ هەر سێ مری نە ، گەلەك دگەل نەماینە . ژبەر هندێیە ژی چاف برسی بویە نەتێر بزکێ خو خاریە ، نەژی بەژنا خو ئو نەژی ژمێیا تێر بویە . دگەل هندێ ژێ ، نەچو بنکوڤك ئو ین کاشخان نەژیوچ کابانی هەبوینە کو بەرڤە بحەوێت ئو سەخبێرا وی بکەت ئو چاڤێ خو بەدەتێ پێ تفێت وی بو بسەرێك ڤە بینیت . ژبەر فی ئێکی گەلەك ژیاقژێ ئو بژوینێ دویر بویە . کو رەوشت ئوتیتالیت ئەو لسەر دچو دەستێت پیس ئو دوهنکی ئو تژی پێڤە قرێژ دجل ئو کونجا ددان ، نەژەرەنگ ئو چەپەڵبو ، هەمی کەسا دوسەت ئو دوژمنا ژی ، نەفرەتێت خو ژێ دکرن . نالبەند دا لسەر سفرێ روینیت سەرتێشتێ ، فرافینێ یا شیڤێ خوت ، دەستێت خو بێت پیسی ، بێت دوهن ئو بەزێ گراری ئو گوشت تژی پێڤە ، دچاکیت ئو شەل ئوهوچك ئو بەرسنگێ خو دەت پێ نەرادبونە بەر ئوهزر نەدکر کو رێکا دەسشوێ بگریت بچیت دەست ئو دەڤ ئو ددانێت خو بسابوینی یان ئاڤێ بشموت ، ژبەر هندێ گەلەکێ دوهنکی ئو قویرژوی بو ، بێهنا کزی بیست مێتراژێ دفڕی .

هەکە ئەم بێین بەرێ خوبدەینە ڕەنگ ئو ڕوویار ، دروشم ئو دیدار ئو قەلافەت ئو تویس ئو بەرکویزێ وی ، دێ بینین . ئەحمەدێ نالبەندێ دێژ بو نە کورتەکێ جوڕە بو بەبژنێ ناڤنجی بو ، درێژیا وە (١٧٠سم) بو ، هەر وەسا نەقەلەوەکی بخوڤە بو ، نەژی لاوازەکی سیس بو ، ئەگەرچی نیشانێت بێسەخبێری ئو بێ خودانی ئو چاڤێ خو نەدانێ وەکی ڕۆژا نیڤرو دیدار ئو دروشمێ وی دا دیار ئو خویا بون . ڕەنگێ وی گەنمی بو ، چاڤ سەر زەرێڤە هویر ئو بن کولوخك بون ، پڕ موی ، هەستی ستویر ، دێم دێژ ، دفن مەزن ئو گوهـ بەل بو . هەکە بەرێ خو بدەینە ڕەوشت ئو ڤیان ئو نەڤیان ، ئامانج ئو دارخازێت نالبەندی هەر وەکی ژهۆزانێت وی ئو ژگۆتنا هەڤال ئو هەڤگوریت وی دیار ئو ئەشکەرا دبیت ئەڤێت ژێرینە

١ ـ سەرمایە ئو سامان ، ژو بجهێنانا دارخازا ، ژبەرکو نالبەندی ژرۆژا ژدایێ بۆیی هەتا کو دونیا ڕوهن لێ تاری بوی چویە بەر ڕەحماخودێ هەرێ ژار ئو رویت ئو قویت ، دەست تەنگ ئو دەست کورت بویە ، کو وەکی دەرد ئو کۆڤانێ بو چو دەرمان ژبو نەدیتن ، ئەگەرچی هندە جارا ، ژان ئو برویسی ژێ دشکەست ، بەلێ سەردەم ئو بەروەخت بو . ژبو نمونە ، هۆزانا چارمالکی یا بنافێ (گێژنا چەلیا) ڤەهاندی ، وی دەردێ مایەددل ئو دەرونێ نالبەندیدا ڕوهنی ئو ڕوشەندکەت : هۆزان ئەڤەیە :

گوهـ بدن ڤەسا خەفیفە — شۆلەکا گوهدان زەریفە
بەحسەکێ خۆشی ئو لەتیفە — ئەم لشۆلا ماهرین
داهەمی رابن بعامی — زادەکی چێکن ـ تەمامی
ئەو بڤاغا ئو دەرامی — گوندی ئو مێهڤان جەمین

٣ ـ زەریێت سپەهی ئوجان : ئەڤ دارخاز ئو هومێدە ژی بو بسەرێکڤە نەهات ، ئەگەرچی سێ ژن ژی ئینابون ، بەلێ وەسا دیارە کو زوی دمرن ، بەندەوار ئو سەرکردان دبوڤە ، ژبەر هندێ دهۆزانێت بوێ چەندێ ڤەدهاندین وەکی هار ئو دین ئو دیوانا لێ دهات ، دونیا لێبشی چافا تەنگ ئو تاری دبو ، چو حەوی نەدکەتنەوی ئەبدال ئو ڕەبەنێ خودێ ، سەرێ وی نەدچو سەر چوبالگەهان ، بجو ڕەنگان نەدشیا ـ دکاری ـ خو ڕاگریت ئوکەلا خو بڕێژیت ژبللی مالخولیانا ئو ئافاهی ئافاکرنا ڕێکا ڤەهاندن ئو لێك ئینانا ئێش ئو ژانێت ددلێ کویردا ، هۆزان لدوی هۆزانێ مالك لدوی مالکێ ددانە دوی ئێك ، بزین ئو بستی ئو بزەری ئو بپەری ئو بدین ئو بزەری کوبار بنازدار بنازەنینا گوتی نە ئو هلداینە ، کو هندەك ژێ بێ پەردە ئو بەلەفەحشن ئو کەشەفرێتن ، ئەڤە نمونەك :

ئێقبال من وەکێ بێت ژئەفراز
جانەك مە دڤێت دەلال ئو دل خاز
دا روهن ببیت دلێ تژی کول
خۆش بین غەزەل ئو کەلام ئو ئاواز
دائم ئەلەکێ لمە کرعەداوەت
من لێ نەکر چودالەهـ ئو ناز

یان ڤێ نمونێ :

گەلی دوستین چیە حالێ مە ژن نە
چەوا قازان کەلی ئاگر لبن نە ؟
وە دیتە تیر بجەرگێ عاشقی کەت
کو مالێ ساخ ئودل ئومێلاك کون نە ؟
مەحالە خانیەکی ئاقابکەت ئێك
بەر ئو دار ئو هەقال ئو کار ئو تەڤن نە ؟

یان ژی ڤێ هەلبەستانەڤێنێ :

دوهی دولبەر مە دێت چوناڤ ئاقاری
لبەر قودیکێ دابکەت کار ئو باری
نەزەر من کر دەڤ ئولێڤا موحەقەق
یەقین بو شیر ئو شەکر ژێ دباری
وەکی ئەز چۆم ئو من گەردەن تەواف کر
براستی مە گوت ئاقا حەیاتە من ڤەخاری

⊙ ⊙ ○

٣ ـ دارخازا خودێ ژێ رازیبوینی بو : چکو نالبەند ژخودێ ترسەکێ ناڤدار بو ، مریدێ نەڤشبەندی بو ژیەر هندێ وەکی هەمی گەڤنەهوزانڤانێت کورد نەمازە بێت کەڤن ئانکو کلاسیکی ، بیرئو باوەرێت خو بێت ئۆلی ئو ئایینی دهەلبەستەکا گەلەکا دێژ بناڤێ (بیت النعمە) بناڤکری تێدا دارێتنی نە ئوڤەهاندی نە . بو نمونە ئەڤە چەند مالك ژوێ هەلبەستێ :

حەمد شوکرا خاس ئو عام — بو واحدێ بێ جهات
سەلات ئو سەلام تەمام — لسەر ڤەخرێ کائنات
حەمدا خودێ بکەن دەوام — دای مە دینێ حەق خەلات

یان ڤێ هەلبەستا هەوارێ دکەتە بوسولمانا :

هەوارە ئەی موسلمانین — مەسستی کەفتە ئیمانێ
خو هوشیار کەن لڤی دینی — نەما لدینێ مە لاوینی
تولازم خو بترسینی — بکەی هەر ئاخ ئو ئاخینێ
دویماهی هەیە

institut kurde de paris

دێ تە هیلم

بێ تە هیلم ئەی دەلالێ
ئەی ئومێدا بەرزەبی
بتنێ دێ چم چاف زالێ
هەروەکی هەر چونەبی

⊙ ⊙ ⊙

هەرئێك ژمە بوئالەکێ
یێ دلدار ژێك چنە پاش
دویربین قوناغا ساڵەکێ
داژێك ڤەبین ئیرو باش

⊙ ⊙ ⊙

ژنوی دێ ئینم ئەوێ کوترێ
ئەوا لەڤ من بی کەدی
دێ ژتە ستینم تازە خاترێ
دی ژیم لگەل وی ئەبەدی

⊙ ⊙ ⊙

بلا بێژن چوو ... خائینە
بلا بێژن وێ قەسێ
بلا بێژن وی سوزنینە
بلا بێژن هەر کەسێ

⊙ ⊙ ⊙

من ئەڤین بی ، خودێ دزانت
د هاتمێ ژنیڤادلی

بلا بو خو ئەو چ دانت
لێ نازڤرتن گولی

⊙ ⊙ ○

بلا بچت باش ببینت
ببینیتن ئەڤینێ
بلا دلا باش بخوینیت
دا بناستن ژینێ

⊙ ⊙ ○

دا بناستن دلوڤاینێ
دا بناست تەشقەلا
دا بناستن جوانیێ
دا بناستن ڤەلا

⊙ ⊙ ○

هەرە ئیرو شویکە جانێ
لتە پیروزبیت بویکینی
ئو ئەگەر نەهاتی بەردانێ
پێژ گولی تویدینی

⊙ ⊙ ○

هەردوو دەستا لمن ژێڤەکە
گەر درەو بوو ئەڤ بەندە
تەنی رینێ لمن چێڤەکە
بێژە هەرە درونەدە

صالح گولی

بەختی کورد

ئەمە پارچە شیعرێکی ، شاعیری سەلیقەدارو زمان‌پاراوی هەولێر مامۆستامەلا مسعود (بێبەش) بە کە لە دیوانە تازە چاپکراوەکەی (بەشێك لەدیوانی بێبەش) هەڵمان بژارد وەك نموونەیەك بۆ شیعرەکانی .. نیازخوازی ڕەواجی ئەم دیوانە بەنرخەینە لەبازاری چاپەمەنی کوردیمان دا .

بەختی بەدی ئێمەی کورد ، تاکەی لەبەدی دابێ
هەستن لەخەوی غەفڵەت ، هەستا ئەوی هەستا بێ

هەر میللەتی پیێنی ئێستاهەموو سەربەستن
هەرکورده هەتا ئێستا ، بێبەش کەوەها مابێ

هەر کورده لەژێر دەستماو هەرکورده کە بێهەست ماو
هەکورده کە چاو بەستماو ، هەر کورده بە تەنیابێ

هەرکورده کە ئەبینێ ، یەکی کە دووسەد دێنی
وەختێ کە لە جەنگ دابێ ، وەك ئەونیە ئازابێ

قەومێکی گەلێ زۆرن ، ئەمماهەموو یەك خۆرن
نابێ بەچی تاوابێ ، ئەم بەزمە هەتا وابێ !

داگیرکەری خاکی کورد ، خاکی هەموو داگیرکرد
کوردیش ئەڵێ زۆر شوکرم هەرچی کەلە مەولا بێ !

بەسیە هەموو یەك ڕەنگ بن ، یەك ڕەنگو بەیەك‌دەنگ‌بن
بەس مەستی مەیو بەنگ بن کوردینە لەبۆ خوابێ

گەر یەکیەتی بنوێنن ئەوماڤە زو دەستێنن
زۆر حەیڤە لەجەنگ دابن دوژمن لەتەماشا بێ !

(بێبەش) کە ئەڵێن کورده ، ووردبێ ئەوی مەردە
لەم خاکە کە هەیتی کورد بێ مەلجەئو مەئوا بێ !

جەجال وضدال

⊙ ئەڵێن کاتێ (جەجاڵ) بەیائەبێ ٠٠٠ ! هیچ کەس لەدەستی رزگاری نابێ ، جگە لەوانەی کە پەنا ئەبەنە بەر مزگەوتەکان ، یا ئەچنە سنوری ئەو بەردانەی منالان ڕیزیان کردوەلەیاری ـ مالمالێنەدا ـ !

⊙ من هەرچەندە بروام نەبەو جەجاڵە هەیەو نەبەو ڕۆژەی کە تیاشیا سەرهەڵئەدا ٠٠٠ بەڵام با زۆر دور نەڕۆین و لەباسەکە لانەدەین ٠٠٠ مەسەلەکە منالەو پیرۆزی منال . پێشینان ، منالو یاریو گەمەی منالیان ئەوەندە لا پیرۆزبوە کە داویانەتە پاڵ پیرۆزی مزگەوت .

⊙ تریقەی بێ گوناهی منالو تیشکی زێرینی بەیانی بەهار ٠٠ دڵۆپی ئاورنگی سەرپەڕەی گوڵو گڕوگاڵی هیچ نەزانی منال لەیەك ئەندازەدان ٠٠٠ هەموان نیشانەی کامەرانی و سەرفرازین ، نیشانەی ڕۆژێکی نوێی پڕ لە ڕووناکین .

⊙ منالانی کوردیش پیرۆزن ٠٠٠ گەلێ گەلێ پیرۆزتر لە قسەو بەلێنی درۆ ٠٠٠ لە مافی ڕاکردو لەترسی فرتوفێڵی ماف‌دار ٠٠٠ لە واتەو قسەی زلی بێبایەخ ٠٠٠ لە باوکیان ٠ ئەو باوکانەی دوو دڵی ، زارایی دووفاقی دڵودەروونیان ڕێگای ڕاستی لێون کردون و جیهان بەئاوەژو ئەبینن .

⊙ لە چاوی جوان و کەشی ئەو منالانەدا دواڕۆژێك بەدی ئەکرێ کە مەگەر هەر ئەوان بن بەپەیژەو کوردی پێ بگەیەنن ٠٠٠ ڕۆژێك کە هیچ کەس تیا نەچەوسێتەوە وئازار نەدرێ ، چینەزەحمەتکێشەکان (باوکانی منالان) دەنگیان بەرزو بیستراوبێ .

⊙ هەزار سڵاوی ڕێزو خۆشەویستی بۆ ئەوکەسەی کە هەمیشە تریقەو قاقای بێ گوناهی منالەکان لەگوێیدا ئەزرنگێتەوە وەك سرودێکی نەمر .

ـ احمد سید علی برزنجی ـ

ئاهەنگی وەرزشی ی دانیشگای سلێمانی

دانیشگای سلێمانی بۆ جاری دوەم لە ژیانیدا ئاهەنگێکی وەرزشی سازکرد ، لەسەر یاریگەی بەڕێوەبەرایەتی موحافەزی سلێمانی لە ڕۆژی سێشەمەو ڕێکەوتی ٢٠ نیسانی ١٩٧١ لەژێر سەرپەرشتی سەرۆکی دانیشگا مامۆستا (دکتور محمد محمد صالح) . گەلێ لە لێپرسراوانو فەرمانبەرانی تری میری و لێپرسراوانی پارتی دیموکراتی کوردستانو ڕێکخراوەدانیشتوانی شار بەشداربان کرد .

ئەوەی شایەنی باسە ئەمە یەکەم جارە ئاهەنگی وا گەورەو فراوان سازبکرێت لەلایەن دانیشگاکەمانەوە ، وە یەکەم جارە کە کچان لە یاریەکاندا بەشداری بکەن .

لە کوتایی ئاهەنگەکە سلاوی کۆماری لێدراو سەرۆکی دانیشگا کەوتە دابەشکردنی پاداشتەکان بەسەر سەرکەوتوەکاندا .



پاڵەوانی کورەکان برادەر (هادی ئیبراهیم ـ کولیجی علوم) بوو وە پاڵەوانیی کچەکان خوشکە (ابتسام مراد ـ کولیجی علوم) بوو ، (هاوکاری) پیرۆزبایان لێ ئەکات و هیواداره سەر کەوتنی گەورەتر وەدی بهێنن .

لەگەڵ هونەرمەندعثمان چیوار

⊙ بروای بەتێوری (هونەر بۆگەلە) یە .
● ئەندامی کۆمەڵی هونەروێژەی کوردی
⊙ لە ساڵی ١٩٤٦دا لەگەرەکی گوێژە لەسلێمانی لە دایکبووە .
● هەر لەمنالیەوە خولیای شانۆ نواندن بووە .
⊙ ئامۆژگەی مامۆستایانی تەواو کردوە .
● لەم بەرهەمانەدا دەورتی پاڵەوانیەتی دیوە . (کێچ) (پینج کەس لەئوتێلدا)
⊙ (بریارو ئەنجام)کاوەی ئاسنگەر) خەباتی گێڕکاران) بەشداری لەم بەرهەمانەدا کردوە (سەرپنی بادارى)

میهرەجانا ناوەندیا

"خالدبن الولید" لبەغدا

عبدالرحمن نقشبندی

ئەڤ ریپورتاجە ژبەرکو هاتە بلاڤکرن ، جونکو ڕێ بەراتیا ڤێ خاندنگەهێ گەلە بایەخدا هندێ کو سوخنێن کورد بەشکداربن و دزیرەکی چەلەکیا هاتیە کرن د میهرەجانێدا ، ئەڤ چەند پرسیارە مە ژ سەیدا (سامی الجعفری) ڕێبەرێ سەخبێریا ڕەصافێ و ژ سەیدا (عبدالکریم محمود زدیم) ڕێ بەرێ خاندنگەهی و ژ سەیدا (سیف‌الدین نشأة میرسیڤدین) ی کر ، وان ژ بدلەکێ خوش بەرسڤا مە دادە .

سەیدا (سامی الجعفری) ڕێبەرێ سەخبێریا ڕەصافێ د بەرسڤا ڤان هەردوو پرسیارا :

● لنکتە ئەڤ میهرەجانێن هە چ کار د کەنە سەر سوختا ؟
● گرنکترین ئاموژگاری بۆ سوختا تە چ هەیە ؟

گوت :

ئاشکرایە ئەڤ میهرەجانێن هە ، گیانێ هەڤکاریێ و یارمەتی دانا ئێك لناڤ سوختا دروست د کەت و بهێزتر د کەت هەروەها ژ لایێ تەندروستیێ و زیرەکیێ و چەلکیێ ڤە هاریکاریا وان د کەت کو پتر زیرەکبن و سەرکەفتی تر بن د کاروبارێن خودا ، هەروەسا سوختا د کەتە زلام و مێرێن بیڤە هاتی کو د شێن لپاشەروژی بسەرفەرازی خزمەتا مللەتو نیشتمانێ خۆ بکەن ، نەخاسمە کورێن شورشا هەڤدەی تیرمەهێ ، کورێن ئێکەتیێ و سەربەستی و ئاشتیێ .

من هیڤیا هەی سوختێن مە دێ پتر سەرکەڤن و پێشکەڤن و دێ خزمەتا هندێ کەن کو وەلاتێ مە بەرەو ئیشتراکیەتێ بچیت .

سوختێن ئەڤرو گەلە ئەرکێن لهیڤیێ ، دڤی ژ بو بجهێنانا وان بتورەبن و پتر بخوینن و خو بوەستینن لدیڤ زانستو ئەدەبیدا ، دابینە بەرێ بنگەهیژ بو پێشکەڤتنا وەلاتی .

ئەز هیڤیدارم تەخسیرێ نەکەن د کارین خودا ، نەخاسمە ئازموین پێت نزیك بوین ، ئەز هیڤیدارم ئەم هەمی کاربکەین ژ بو پێشکەڤتنا وەلاتی لبن سەروکاتیا سەروکێ کومارێ ئەحمەد حەسن البکرێ هێژا و بەرکەتی .

پشتی هندی مە رویکرەڕێبەری خاندنگەهی و مە ژی پرسی : چەند میهرەجان هەوەکرینە هەتا نوکە ؟ دبەرسڤیدا ، سەیدای گوت :

ـ هەتا نوکە خاندنگەها مە چار میهرەجانێن کرین وەرزشیو هونەری د ڤان چار سالادا پێت کوئەز لێ ، پشتی کو بڕیڤەبرنا وێ مە وەرگرتی ژ خاندنگەهاکچان .

ـ باشە سەیدا سوختێن کوردچەند جارا بەشداری کرییە و ئەڤ بەشداریە چ کارکریە سەر ئێکەتیا هێزێن پێشکەفتی لناڤ سوختان ؟

ـ میهرەجانا ئێکی و دووی بتایبەتی ژ بومەسەلا فەلەستین و جانبەخشین عەرەب بوو ئوژ زبو خەباتا وان دژی داگیرکەرا ، وەلێ میهرەجاناسێ و چارێ هەر ژ بو ئێکەتیا نیشتمانی بو ، ئێکەتیا عەرەب و کوردا ئو لدیڤ گیانێ بەیانا یازدێ ئادارا پیرۆز دڤان جاراندا سوختێن کورد بەشداریاکری ، بەشداریەکا باش و سەرکەفتی د کێشانا وێنێ ڤێ برایەتی و ئێکەتیێ ، ئەڤە ژ بلی هندێ ڤان میهرەجانا کارەکێ گرنگ هەبرو ژ بو بلندکرنا گیانی وەرزشی و هۆنەری و نەتەوایەتی و ئێکەتیا نیشتمانی یامەزن و دەورێ خەباتکەرا دژی داگیرکەرو ئیمپریالیستان .

ـ باشە سەیدا باوەریا تە چیە دەرباڕێ خویندنا کوردی د خاندنگەهێن مەدا ؟

ـ کولیج و خاندنگەهێن جیهانێ شانازیێ بهندێ د کەن کو گەلە ڕەنگێت خویندنێ چ زانستیو چ زمانی د خویندن ، نەڤە نیشانەکا پێشکەفتنا شارستانیەتی و باش بزوخیێیە .

مەژی دڤێ ئەم شورشەکا بیروباوەری بکەین ژ بەرهندێ بێدڤیە چەند ڕەنگێت دی ئێن خویندنێ بهێنە خاندن ئو ببەرفرەمی نەزمانێن گەڤن و نوی و ڕەنگێت زارافا ئەڤێن کو جهگیرن د دیروکا عیراقێدا بخوینین .

ئاشکرایە خویندنا کوردی د خاندنگەهێن مەدا دێ برایەتیێ و ئێکەتیێ لنافبەرا سوختێن عەرەب و کورد پتەوترو قایم تر دێ کەت و دێ ئێکەتیا ووڵاتی پارێزیت لبن سیبەرا ئالا شورشا هەڤدەی تیرمەهێ یاکو مللەت کریە ئێك قولپ .

هەر وەسا (سەیدا سەیف الدین میرسیڤدین)ی دێژی بڤان گوتنا داو باوەریا خۆ دەرێ خستە کو ئەڤ میهرەجانە گەلە دباشن هەکە بێتو سوختە بێنە ئارامستەکرن و فێرکرن . هەروەسا گوت ، کو ئەڤ خویندنا کوردی پێنگاڤەکا باشە سەروان کێماسییا ئەڤێن هەین ئو مللەت دێ هەر بسەرکەفیت و دێ پێشکەفیت بهیڤیا ڤان سوختا ئەڤێن کو چ کین و ڕق د دڵێ وانەدا نینە برامبەر ئێکودوو چ ژ کوردا و چ ژ عەرەبا .

بڤی چەندێ خوینەڤانێ هێژا ریپورتاجا مە بدیوماهی هات ، نەم هیڤیدارین خانگەهین دی ژی بڤان میهرجانا رابن و خزمەتا ئێکەتیا مللەتی بکەن .

institut kurde de paris

فەرهەنگۆکەی هەولێر

بەشی نۆهەمی فەرهەنگۆکەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاری هەولێر .

ـ ت ـ

تقدیم : پێشکەش کردن
تقصیر : دڕێغی
تکوین : پێک هێنان
تمرین : ڕاهێنان
تنسیب : دانانی جازەکی
تنقلات : گواستنەوە
توسیع : فراوان کردن
تهدید : هەڕەشە
توقیف : ڕاگرتن
تأشیر : نیشان دان
تألیف : دانان

چەند سەرنجێکی زمانەوانی

بەشی دووەم

نووسەران دەربارەی دروستکردنی (ڕەگی فرمان) گەلێک هەلەیان کردووە ، وەهەگەیشتۆتە ئەنجام . بەگشتی ڕەگی فرمانو ڕەگی چاوگیان لە یەکتری جیا نەکردۆتەوە ، وەهەر دووگیان بە یەک بنکەدروست کردووە ، ئەویش لادانی ئامرازی چاوگە (ان ـ دن ـ تن ـ ین ـ وون) . وە ئەوڕەگانەی بەم بنکەیە دروستنەبوو بێت ، ئەلێین ئەمە لە دەستوور لایداوە . بۆ نموونە:

أ ـ چاوگ	ڕەگەکەی
گێلان	گێل
داپۆشین	داپۆش
پژمین	پژم
چەقین	چەق
کەوتن	کەو
خەوتن	خەو
گرتن	گر

ڕاستە ئەمانەی سەرەوە ڕەگەکانیان وەکو ڕەگی چاووگە ، واتە بە یەک بنکە دروست دەبن . بەڵام ئەوەندە بەسە کە یەکێ لەو ڕەگانە بۆ ئالۆزو دوورو دژوار ٠٠ وە بەڵادان لە دەستوور ، واتە وەکو ڕەگی چاوگ پێک نایەن . وە ئەلێین ئەمانەش وەکو ڕەگی چاوگ پێک دێن بەڵام خەلکەکە بە جۆرێکی تری ئەلێین ـ بۆ نموونە هەندێک لە مانە :ـ

بـچاووگ	ڕەگ بە	ووتە
گوێرەی قاعیدەی نووسەران		خەلک
چەشتن	چەش	چەژ
ڕۆیشتن	ڕۆیش	ڕۆ
نوستن	نوس	نوو
خواستن	خواس	خواز
ڕستن	ڕس	ڕێس
شوشتن	شوش	شۆ
کردن	کرد	کە
خواردن	خوار	خۆ
بیستن	بیس	بیسن
ڕشتن	ڕش	ڕێژ

هەموویان دروستبوونیە بە لاوانی ئامرازی چاووگ ، وە لە دووایيدا چەند گۆڕانێک ڕوویداوە . وەکو :ـ

١ ـ لادانی ئامرازی چاووگ وە فرێدانی پیتێکو زیادکردنی پیتێک ـ وەکو (نوستن) فرێدانی پیتی (س) وە زیادکردنی پیتی (و) وە ڕەگەکەی (خەو)یە ، لە هەردووگیان‌دا یان گۆڕینی پیتی (س) بۆ پیتی (و ، ە)ـ (چەشتن) فرێدانی پیتی (ش) وە زیادکردنی پیتی (ژ) وە یا گۆڕینی پیتی (ش) بۆ پیتی (ژ) ـ (کردن) فرێدانی پیتی (ر) وە زیادکردنی (ە) وە یان گۆڕینی (ر) ڕ (ە) ـ(خواستن) فرێدانی پیتی (س) وە زیادکردنی (ز) وە یا گۆڕینی (س) بۆ (ز) ..

٢ ـ لادانی ئامرازی چاووگ وە لە دووایيدا فرێدانی دوو پیت وە زیادکردنی پیتێک ـ وەکو (شوشتن) فرێدانی پیتی (ش ، و) وە زیادکردنی پیتی (ڤ) ، وە ڕەگەکەی (شۆ) یە ...

٣ ـ فرێدانی سێ پیت وە زیادکردنی پیتێک . وەکو (خواردن) فرێدانی (و،ر،أ) وە زیاد کردنی (ڤ) وە ڕەگەکەی (خۆ)یە ...

٤ ـ فرێدانی پیتێک وە زیادکردنی دوو پیت ـ وەکو (ڕشتن) فرێدانی پیتی (ش) وە زیادکردنی پیتی (ێ ، ژ) وە ڕەگەکەی (ڕێژ)ە .. وە (ڕستن) فرێدانی پیتی (س) وە زیادکردنی (ێ ، س) وە ڕەگەکەی (ڕێس)ە ..

٥ ـ فرێدانی دووپیتەوەکو (ڕۆیشتن) فرێدانی پیتی (ی، ش) وە ڕەگەکەی (ڕۆ)یە ..

ج ـ ڕەگی فرمانی چاوگەکە ئەلفبە تێنەپەڕەکان ، بەلادانی ئامرازی چاووگ (ان) دروستیان کردوونە ، وەکو چاووگە ئەلفبە (تێپەڕەکان) . بۆ نموونە (گێڕان) تێپەڕە ، ڕەگەکەی (گێڕ)ە ، بە لادانی ئامرازی چاووگ پێکهاتووە ـ (گەڕان) تێنەپەڕە (گەڕ)یان دانراوە بۆ ڕەگەکەی ئەمە ڕاست نییە ـ ڕەگی فرمانی چاوگە ئەلفبە تێنەپەڕەکان لە زمانی کوردیدا پێکدێت بە لاوانی ئامرازی چاووگ (ان) وە زیادکردنی پیتی (ێ) وە یان بە لادانی (نوونی چاووک) وە گۆڕینی پیتی (١) بۆ پیتی (ێ) .. بۆ نموونە :ـ

ڕووشان	(ڕووشێ)	ڕەگەکەیەتی ئەک (ڕووش)
خووسان	(خووسێ)	ڕەگەکەیەتی ئەک (خووس)
ئالۆزان	(ئالۆزێ)	ڕەگەکەیەتی ئەک (ئالۆز)

د ـ زۆر چاووگ هەیە ڕەگەکانیان بە زەحمەت دەدۆزێتەوە باسیان نەکردوونە: بۆ نموونە :ـ

١ ـ مان ـ(مێن) ڕەگەکەیەتی ـ پێکهاتووە بە گۆڕینی پیتی پێک (ن)ی چاووگ واتە (أ) بۆ (ێ) .

٢ ـ ووتن ـ (ڵێ) ڕەگەکەیەتی ـ ڕەگی ئەم فرمانە سماعیی‌یە واتە بە گۆڕەی گوێ لێبوون ئەووترێ هەروەها (گوتن) یش ..

٣ ـ بەستن ـ (بەست) ڕەگی فرمانە ـ بە فرێدانی نونی چاووگ پێکهاتووە .. وەکو بناغەی چاووگ . .

سەرچاوەکان: صرف و نحوی کوردی سعید صدقی کابان ڕێزمانی کوردی نوری علی امین موحازەرەکانی د . نسرین فخری کە لە بەشی یەکەمیش‌دا سوودم لێوەرگرتبوو .

⊙●⊙

چیرۆک

ئێمەی گلول یەکگرین ...

ـ باشە برا بەسەرهاتەکەت بۆ تەواو نەکردم ؟

ـ خاڵە برایەکم هەبوو بەڕەحمەت بێ لەگەڵ مردوی حازری ، مامۆستای قوتابخانەی ئاوایی بوو ، هەمیشە هەوڵی‌ئەدا بو یەکێتی جوتیارانو دژی ئاغاکان ئەدووا ، ئاغای خۆیێن مژ ئەمەی لا زۆر ناخۆش بوو ، پیاوەکانی ناردو ڕۆژێک لەخوار ئاوایيەوە براکەمیان کوشت ، منیش پاش دوو ڕۆژ تۆڵەی براکەم سەندو کوری ئاغام بەم تفەنگەکوشت .. ئێمەنابی سەرشوڕکەین بو ئاغایەکان ، ئێمە ئەبێ تۆڵەی هەزارەها ساڵی کویرەوەری بسێنینەوە .

خاڵەشەریف ، دەستێکی بەریشەسپیەکەی هێنایەوەخوار تەمەنی کویرەوەری خۆی‌ئەژمارد

ـ براڵە .... وام لەگەلتا ... لەگەلتا تا دووهەناسە .

تاوان بارنیم ... تۆلە سێنم

کەمال ڕەشید

کورە زۆر لەلای ستەم بوو کە ناوی ترسی هاتە بەرگوێو بەگرژیەکەوە وونی :

ـ خاڵەگیان ، من ناترسم‌و ئەگەر کارێکم‌لەدەست قەومابێت ئەوەم خستوتە بەرچاوی خۆم کە توشی کوسپ‌و ناڕەحەتی‌و ئازارو ئەشکەنجە ئەبم‌و ئەوەی‌من کردوومە خاڵەگیان ، ئێ ناتوانی یارمەتیم بدەی ، یادەربازم بکەی ، بویە بەدڵ سوپاستئەکەم، من تاوانبارنیم‌حەز ئەکەم ئەوە بزانی ، من تۆلە سێنەرم .

ـ بەسەرهاتەکەت بو بەخولیام ، دەبو خاڵەکەت بگێڕەوە .

ـ خاڵەگیان ... من ئێستاکەوا ئەم بینیت تەنها ئەسورێمەوە بەم کەژوکێوەوە ، دەربەدەری دەستی ئاغام ناتوانم بگەڕێمەوە ناو کەسوکارم ...

خاڵەشەریف سەرێکی بۆلەقاند ...

هێشتا دنیا تاریک بوو ، جریوەی ئەستێرەکان ئەهات‌بەئاسمانەوە ، خاڵە شەریفەوەک کێچ ڕاپەڕیو فاتەی خێزانی بەخەبەرکرد ، تا زووچایەکەی بۆ دەمبکات‌و بەرەوشار بکەوێتە ڕێ ... ئەم چووبۆ نوێژو فاتەش خەریکی ئامادەکردنی بەرچایی بوو ... جەماعەت‌تەواو بوو خاڵەشەریفەگەڕایەوە ، شتێکی لە خواردنەـ کەی هەلکراندو ووتی :

ـ فاتە هەندێ نانەڕەقوشەکرو چاییم بۆ بێنچەڕەوە ، نیوەڕۆ بەهیچ لایەکا ناگەم .

فاتەش گورچ شتەکانی بۆبێنچایەوەو دایەدەستی ، خاڵەشەریف ناوی خوای‌لێهێناو ڕووی کردە شار !!

ڕێگەی شار، کە لەئاوایی‌یەوە ئەهاتیت ، باریکە ڕێ بوو ، بەهەردوو دیویا چڕەدارستانگەمارۆی دابوو ، هەورازو نشیوبشی زۆر بوو . هەرچەندە خاڵەشەریف جوو بۆبەسەلا بەڵام هێشتا بەکاربوو لە هەورازەکانا ، تەوژمی ئەدایە خۆیو سەرئەکەوت ، لەدڵی‌خۆیدا خۆی بەسەد هەرزەکارنەئەدا ، جاروبار هۆرەیەکی جافیشی بۆ ئەکرد .

دەمەدەمی نیوەڕۆ بوو ، هەورازێکی مابوو بگاتەکانی ئاوەکە ، کە بەقۆناغ ناو ئەبرا، ڕوانی وا کورێک لەپەنا بەردێکەوە سەری دەرهێناو بانگی لێکرد :

ـ خاڵەگیان تا ئێرەوە نایەیت !؟

خاڵەشەریف لە جێگەی خۆی هەلویستێکی بۆکرد ، سەری سورما ، بەم نیوەڕۆیە ئەم‌کورە چی ئەکات لێرە ، ئەبێت چ کارێکی بەم هەبێت وا بانگی ئەکات ....

وردەوردە لێی نزیک‌کەوتەوە کە ڕوانی لاوێکی هەژدە نوزدە ساڵانە ئەبێت ، تفەنگێکی بەدەستەوەیەو خۆی زەردکردووە لە فیشەکدا ، ڕەنگی زەرد هەلگەڕاوە ، چاوەکانی چووە بەقۆلا ... کورە بەهیواشی‌ـ یەکەوە وەک شەرم بکات :

ـ خاڵەگیان ئەگەر پێتە پارچەیەک نانم بدەرێ ، دوو ڕۆژە نانم نەخواردووە ، گەلێ پەریشانم !

خاڵەشەریف ئەوەندەی تر سەری سورما .... ئەبێ چی بکات !!

ـ باشە بەسەرچاو ، ئەگەر ئەتوانی بێیت لەگەلم لەو دیو ئەم هەورازەکانی ئاوێکی خۆشی لێیە ، نیازم هەیە نانوچای نیوەڕۆ بەرمە ئەوێ ، ئەلێی چی بەیەکەوە بچین ؟

ووردە ـ ووردە پیرە هەورا‌ـ زیان بڕیو گەیشتنە سەرکانی ئاوەکە ، خاڵەشەریف بێ‌وچان دەستی‌کرد بە چیلکە کۆکردنەـ وەو قوریەیە بچوکەکەی دەرهێنا ، ئاگری کردەوەو چاییەکەی دەمکردو نانی خستە بەردەم کورەکەو خۆشی کیسەکەی دەرهێناو جگەرەیێکی پێچایەوە ، دووسێ نەفەسی لەجگەرەکەی داو دەستێکی هێنا بەسمێلەکانیا ...

ـ ئەڕێ برا ... من سەرم سورماوە ، لاوێکی وەکو تۆ بەتەنها لەم چۆلەوانیەدا ئاوا چەکدارو ئەلێت دوو ڕۆژە نانم نەخواردووە ... خۆ خوانەخواستە کارێکت لەدەس نەقەوماوە ؟

ـ خاڵەگیان ، نانەکەمان خوارد ، سوپاست ئەکەم ... هەر یەکەمان ملی ڕێگەی خۆی ئەگرێت ...

خاڵەشەریف بەینێکی باش وەستاو سەری ئەهێناو ئەبرد، هەر لێکی ئەدایەوە ... لەپر ووتی :

ـ برا هیچ مەترسە ئەگەر شتێکت هەبێ بە خاڵی خۆت بڵێ ، بەڵکو بتوانم یارمەتیکەت بدەم .

کورتە دووانێک دەربارەی پەخشانی ئەدەبی

گۆڕینی : ـ ئەحمەد ڕیبوار ـ

پێ بدەین تا ببێتە پەراوێک .

٣ ـ نوسینێکی کورت وسەر بەخۆیە .

٤ ـ لە سەر شتێکی دیاری‌کراو ئەدوێ .

٥ ـ ئەبینین زور تر لەکورتە چیرۆک ئەچێت کە چۆن ناتوانین بیکەینە چیرۆکیدرێژ .. هەروەها دانانرێ بە چیرۆکێکی درێژی کورت‌کراوە .

٦ ـ ئەو باسەی نووسەرچارە سەری ئەکات و لێی ئەدوێ پەیوەندی بە نووسەرەوە هەیە و تاقی کردۆتەوە و شارەزایی هەیە لەو بارەیەوە .. وە هۆیەکی بەهێز هەبوە کە کاری کردۆتە نوسەر بۆ نوسینی ئەو پەخشانە ..

٧ ـ ئەندیشە (خیال) دەرێکی بالای هەیە لە هونەری پەخشان دا ، لە بەرئەوەی ئەندێشە وا لە نووسەر ئەکات کە مانای جوان دروست‌بکات وە بەدەوری بیری (الفکرە) پەخشانەکەی دابهێنێ و تاوای لێ بکات بە باشترین شیوەی جوانی دەرچێت .

٨ ـ نووسەر ووشە وعبارتەکان و بیری بەکار ئەهێنێ بۆ دەرخستنی بیرەسەرەکیەکەی کە مەبەستیەتی وە هەروەها ڕوون کردنەوەی . وە پیویستە نووسەر دوور کەوێتەوە لە شتی بێ کەڵک و دور خستنەوەی ووتە (عبارە) و ئەو شتانەی کە ناهێڵن کارەسەرەکیە کە بێتە جێ بۆ دەرخستنی مەبەستی نووسەر .

٩ ـ پەخشانی سەرکەوتوولە کاتی خوێندنەوەی دا وا هەست ئەکەی کە نووسەرەکە خۆی لە گەڵتا دانیشتوە و قسەت بۆ ئەکات .. وە لەهەموو ووشە ووتەیەکدا لە گەڵتا یە ..

١٠ ـ ناو نیشانی پەخشان زۆر گرنگە ... وە پیویستە وا بێت کە خوێنەر و گوێگر بەرە و قولایی باسەکە ڕابکێشی .

١١ ـ لە کاتی خویندنەوەی پەخشانێکی ڕێک و پیەک و هونەری دا کارت تێ ئەکات و ئەتخاتە ناو دەریای خەیاڵ و بیرکردنەوە .

١٢ ـ پەخشان بە زوری گرنگی ئەدات بە توخمێکی خۆیی .. یا بڵێین سفەتێکی‌خۆیی تیایە وە لێردا بە زوری لە قەصیدەیەک ئەچێ لەهونراوەی گورانی دا (الشعر الغنائی) .

١٣ ـ ئەو هۆیانەی پاڵ بەنووسەری پەخشانەوە ئەنێین بۆ نوسینی پەخشان زۆرن لەژیانا ، جاری وا هەیە دیمەنێکی جوان ، یا کارێکی‌مرۆڤایەتی ، یا ئیشێکی سەر سور هێنەر و نا بەجێ ، یاکردەوەی ناشیرین یا خۆشەویستی ئەمانە ئەبنە هۆی ئەوەی

پەخشان جۆرێکە لەجۆرەکانی‌ئەدەبی ، دەربڕینێکە لە بارێک لە بارەکانی هەست و سۆزی‌ئەدیب بە پەخشان وە بە چەند لاپەڕەیەکی کەم .. وە لەوچەند لاپەڕەیە دا نووسەرەکەی زۆر نزیکە لە شاعیرێکی‌وویژدانیەوە وە هەروەها پەخشانەکەی زۆر نزیکە لەقصیدەوە لەکاتی خوێندنەوەی‌دا کارت تێ ئەکات و هەست بەوەئەکەی کە نوسینێکی ئەدەبیەو هەموو مەرجەکانی تیایە لەسۆزو ئەندێشە ...

یەکەم ئەدیبی ڕۆژئاوایی کەدەستی دایە نووسینی پەخشانو داهێنەری پەخشان بوو .. نووسەرێکی فەرەنسی بوو کە ناوی (مونتین) بوو لەنووسەرەکانی‌سەدەی شانزەهەم دوایی ئەو ئەدیبەکانی تردەستیان دایە ئەم هونەرە وە بەناو بانگترینیان ئەدیبێکی ئینگلیزی بوو کە ناوی (فرنسیس باکون) بوو .. دوایی پەخشان‌بەرەو پێشکەوتن و سەرکەوتن ڕۆیی لە سەدەی‌شانزەهەمەوە بەهۆی دەرکەوتنی گۆڤارو نووسەری باش‌و خاوەن‌بەهرە . ئەدەبی ئینگلیزی لە سەدەی هەژدەهەمەوە بوو خاوەنێ کۆمەڵێکی گەورە لە نووسەرانی پەخشان ، بەناو‌بانگ ترینیان (جوزیف أدیسون) بوو کە بە هۆی‌نوسینی پەخشانەکانیەوە ڕەخنەی لە ژیان و کۆمەڵی‌مرۆڤایەتی نۆی ئەگرت ..

لە سەدەی نۆزدەهەمداکۆمەڵێکی تر دەرکەوتن بەناوبانگ ترینیان (لام) بوو کە دانەنرێ بە گەورە ترین نووسەری پەخشانی ئەدەبی ئینگلیزی .. دوایی پەخشان لەئەدەبی ئینگلیزی دا بەرە و پێشکەوتن ڕویشت و گرنگیەکی تایبەتی هەبوو ..

بێجگە لە پەخشانی ئەدەبی .. پەخشانی سیاسی و کومەڵایەتیش هەیە بەڵام ئەمانەجێگەیان نیە جگە لە ڕۆژی خۆی پاشان نرخی کەم‌ئەبێتەوە ..

هونەری پەخشان لە ئەدەبی ئینگلیزی دا ئیستا هونەرێکی پێگەیشتووی سەربەخۆیە ، زۆرخوێندەوار و ئەدیب ئەی خوێنەوە و ئەی نوسن .. چۆن ئەبینین شاعیر و چیرۆک نووس هەیە هەروەها نووسەری پەخشانیش هەیە کە هیچ شتێکی تر نانوسێ پەخشان نەبێت . وە وا دەر ئەکەوێ کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک نەیان‌توانیوە لە هونەرەکانی تر دا یا لە لقەکانی ترەی ئەدەب داسەرکەون وەک چیرۆک .. شعر .. هەتا دەستیان داوەتە نووسینی پەخشان .. وە سەرکەوتنێکی بێ پایانیان بەدەست هێناوە وە بەجۆرێکی بەرز و جوان تیا سەرکەوتوون .

پەخشان لە گەڵ هاتنە پێشەوەی ڕۆژگارا پێشکەوت و گرنگترین سفەتەکانی ئەمانەن:

١ ـ پارچەیەکی کورتە کەزیاتر لە دە لاپەڕە نیە ..

٢ ـ دوایی نووسینی پارچەپەخشانە کە ناتوانین درێژەی

بڕوانە : ل ٧

ڕیسانەوەیەکەڕەکەی پیرەمێرد



فەهمی قەرەداغی
پەیامنێری هاوکاری ـ سلێمانی

خەڵکی سلێمانی بە جارێ دەستیان لەپەیکەرەکەی شاعیری بە ناوبانگی کورد (پیرەمێرد) شتبوو ... وە پڕ بەدڵ داخێ هەناسەی ساردیان بۆ هەلئەکیشا .... بەڵکو لەوە زیاتریش بە پەیکەری ئینسان نەئەدرایە قەڵەم ... بۆ نموونە زۆر جار یەکێ ئیشێکی تایبەتی لەو ناوەوە هەبوبێ‌کە پەیکەرەکەی لێیە کە گفتی بە برادەرەکەی ئەدا ئەیووت : ئەزانی لە کوێ ؟ لەلای ڕەگەکەیەتی ئەک (ڕووش) خووسان (خووسێ) ڕەگەکەیەتی ئەک (خووس) ئالۆزان (ئالۆزێ) ڕەگەکەیەتی ئەک (ئالۆز) ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەگەڵتنە سەروو پۆتەڵاکی ئەو هونەرمەندەی‌کە ئەوەی دروست کردووە ! بە بێ ئەوەی کە بارو زرووفی هونەرمەند هەڵسەنگێنێو ، ئەو ڕاستیەیان لا ڕوون نەبێت‌کە ئاو لەسەرچاوەوە لێڵە ! نەک لەلای کاکی هونەرمەند .

لەو بڕوایەدام کە ئەگەر دەستێکی یارمەتی دڵسۆزانەو تەواو دریژ بکرایە بۆ کاک عطا قزاز باشتری دروست ئەکرد چونکە ئەم هونەرمەندەمان زیاترە کە تا ئیستا لەبەرچاوە . ئەگەر خەڵکی ڕەخنە لە هونەرمەند ئەگرنو گاڵتە بە پەیکەرەکە ئەکەن دەبا یارمەتی هونەرمەندیان بدایە .... با ئێستا نەچووە بچێ یارمەتی بدەن ، خۆ خوا نەیبڕێ خاوەن دەستو پارەمان بەشی ئەوە هەیە کە بەتەنگ ئەوەوە نەیەین لێی‌پرسراوانی میری گوێی نەدەنێ یا گزی تیا بکەن !

ئەم ووشانە ئەنووسم لە کاتێکدا پەیکەرە کەدیسان بۆیە کراوەتەوە .... وەکو چارەسەرێک بۆ ئەو بارە ناهەمواریەی کە تیایەتی ... هەر وەک ناتەواوی پەیکەرەکە هەر لە کاڵ بوونەوەی بۆیە کەی‌دا بێت!

بێگومان ئەم بۆیە کردنەوەیەو وەکوو چارەسەرێکی کاتی شتێکی باش بوو وە نەک هەر ئەوە ، بەڵکو پێویستیش بوو ، بەڵام وەکوو چارەسەرێکی بنەڕەتی پیرەمێردی نەمر بەهیچ جۆرێک لەقسەو توانجی دەم درێژی کەران ڕزگار ناکات .

ئەی کەوابوو چارەسەری بنەڕەتی بۆ ئەمە چی‌یە ؟

چارەسەری بنەڕەتی ئەوەیە کە دۆستانی ئەدەبو هونەر ، خاوەن پارەو پوولەکان ، میری جارێکی‌تر دەستی یارمەتی درێژکەن بۆ هونەرمەندەکەمان بۆ دروست کردنی پەیکەرێکی نوێو بخرێتە شوێن ئەوەی پێشوو . وە یا هەر وازی لێبهێنین ... با ڕۆژبووە بە « پەند ! » ، با ببێتە پەندێکی سوود بەخش بۆ پەیکەرێکی‌تر .... تاوەکوو دوو جار دەسمان نەچێ بەزاخا .

با (پیرەمێردی) نەمریش بزانێت کە لە دڵمان‌دا هەمیشە زیندووەو مردنی بۆ نیە پێش ئەوەی کە بە پەیکەر زیندووی بکەینەوە .

Institut Kurde de Paris

بیرکێی ڕاگوزاری

* * *

ـ ئێوە .. بەڕێزەکان ، میهرەجانی شانوی کوردیتان بیست !!

ـ ئاگامان لەهەر شتێ بوبێ! ئاگامان لەوە نەبوە ...!

ـ ئەی بێگومان ، ئاهەنگی ... ، ... ، ... خیراو گورج‌و گوڵ ئەیان بیستنو ئامادەش ئەبن ؟! پیویست ناکات ئێوە وەلام بەنەوە من ئەڵیم .. وە ڕاستیشە ... بێگومان !!

بەڕێزەکان ، دەستەیەک لاوی‌خوێن گەرمی .. هونەر خواز ، لەشاری بەغدا بەمێشک‌گوشین‌و شەونوخونی کردنو بە گیانی دڵسۆزی بەڕاستی بۆ مەسەلەی‌هونەرو ڕوشنبیری کوردی میهرەجانێکی شانۆی کوردیان‌ڕێکخست ، دوو ڕۆژی خایان ... بە هەردوو ڕۆژەکە لەهەموو بەغدا .. « ٥٠ » سەیرکەر لە هۆڵەکەدا نەبوون .

ـ لەکوی بون ئەی بەڕێزەجەرگ سوتاوەکان بۆ هونەرو هونەرمەندان‌و کەلەپۆڕی کوردی ! ـ خۆ لای خۆتان « دەعوەتی شەرەف » کرابون‌و تکلیفی ـ١٠٠ـ فلسی بیتاقەتان لێ نەکرابو ..؟!

لەگەڵ ئەوەشا ... وەزعی‌پیشان دانی میهرەجانەکە بەو جۆرەبو .. لاوەکان وەریان‌بەر نەدابو ، نە .. چونکە ئەوانەی هاتبون بۆ سەیر .. هاندانیان لە « زۆرو بۆرەکە » بەهیزتر بو ..

لە کۆتایا .. چەپڵەیەکی گەرمو چەپکێ گوڵی شانازی بۆ ـ ئەحمەد سالاری هونەرمەندو تەمسیل‌و دەرهێنانە سەرـ کەوتوکانی ...

چەپڵەیەکی گەرمو چەپکی گوڵی شانازی بۆ ـ سەدون یونس ـ و شانویە ـ نەترسەـ کەی ـ « مەهزەلە » .

وە بۆ هەموو خوشک‌و براهونەرمەندەکانی تر هەزار هەزار سلاو شانازی ...

« بەتایبەتی چەپکی گوڵی‌شانازی بۆ ئەو خوشکانەی شانۆکە لەژیر پیانا ئەلەرزی » .

بەهرە

ژمارە ـ ۱۸
۱۵ی ئایار ۱۹۷۱

وەرزش

یاری تۆپی پێ

وەرگێڕانی : یوسف وەرگەڕێ

گەلی کوردمان لە هەموو بارێکەوە پێویستی بە خزمەت هەیەو گەلێ لا هەیە هەتا نیستانەك هەر کوێ نەدراوەتی بەڵکو هەر باسیشی نەکراوە بەتایبەتی لەبارەی وەرزش .

جا منیش بۆ بەشداری کردن لەم خزمەتەو بۆ خوشەویستانی توپ‌و ماموستاکانی وەرزش لە کوردستانا بەچاکم زانی کە ئەم کتێبە (تۆپانەی‌پێ) لەدانانی (حسن عبدالجواد) وەرگێرمە سەر زمانە شیرینەکەی خۆمان بەڵکو لە کونجێکەوە سودێك ببەخشێ .

لە راستی‌دا ئەم کتێبەم لە ساڵی ۱۹۶۸ وەرگێراوە کە ماموستای وەرزش بووم لە هەولێر بەڵام لەبەر هەلومەرجی ناڵەباری کوردستان لە لایەکی‌ودرامەتی لەلایەکی تر نەم توانی چاپێ بکەم ، جا بۆ ئەوەی بتوانین پوختەی باسەکە نیشان بدەین وازمان لەهەموو پێشەکی‌هێناو یەکسەر لە مەودووا ، پەنابەخوا، لەپۆژنامەی هاوکاری‌هەر جارە بەشێکی تیا بڵاو ئەکەینەوە ... ئێدی هەرخوێندنەوەو رەفتاری کردنی ئەوێ .

: یوسف وەرگەڕێ

بنەرەتە سەرەکیەکان

تۆپانەی پێ وەکو هەموو یاریەك گەلێ بنەرتی سەرەکی هەیە کە پشتیان پێوە ئەبەستێ لەچۆنیەتی‌و ڕێگاکانی مەشق‌دا.

سەرکەوتنی هەر تیپێك تاراددەیێکی زۆر وەستاوەتە سەر ئەوە کە ئەندامانی تیپەکە گوێ بدەنە بنەرتەسەرەکیەکانی ئەم یاریەیە .

تیپی سەرکەوتوی تۆپی‌پێ ئەوەیە کە هەر یەکێك لە ئەندامانی بتوانن بە هەموو جۆرێك و بەڕێکی لە توپەکە بدەن ، وە بە ووردی‌و بە هەندێ شتی نوێ دەرئەکەوێ و ئەیبینین ، چونکە پێشکەوتنە نوێکانی یاری ئەیانەوێ و پێویستی ئەکەن ، لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەبێ ئەوە بزانین کە هەر یاریەکەرێك دەوری تایبەتی خۆی هەیە ، بۆ بەڵکە بەرگر هەتا لەوکاتەی کە تیپەکەی هێرش ئەبەن ئەبێ لە شوێنێك بێ کە زووبگاتە توپەکە لەو کاتەی تیپەکەی هێرش دەست تیپەکەی دژیان ، وە یاریکەری هێرش بەر لە هەموو جولانەوەیەکی هەتا لەو کاتەی کە تیپەکەی بەرگری نەکەن ئەبێ لە شوێنێك بێ هەرکە بۆی هەلکەوت بەپەلە بۆی دەرچێ‌و بەرەو گۆڵ بروا ، بۆیە هەموو یاریکەرێك پێویستە تەواوی بنەرەتە سەرەکیەکان بزانێ تابتوانێ بە فرمانەکانی هەلسێ لە کاتی پێویستدا بەتایبەتی کە هەلویستی یاری ئەیەوێ شوێنی یاری کەرەکان بگۆڕی .

راستە ئەم ئامانجە بەڵگەیی گرانە بیگەینێ بەڵام زۆرئاسانە ئەگەر بنەرەتە سەرەکیەکان بە یاریکەرە سەرەتایی‌یەکان (ناشیء) بووترێ بەڕێگایەکی پوخت‌و شێوەیەکی چاك .

تۆپانەی پێ وەکو هەموو یاریەکانی‌تر یاری‌یەکی پەروەردەیی کومەلایەتی‌یە ، شەخسیەتی یاری‌کەر لە نێوان تیمی پێ‌کەیشتوو یارمەتی دەر ئەتاوێنەوە ، وە ئەو شتەی کە بۆ خۆی ئەیەوێ بزری ئەکاو نامێنێ لە پێناوی بەرژەوەندی ئەو تیپەدا ، ئەم یاری‌یەبە کۆمەڵ ئەنجامی ئەدرێ‌و هەموو کارێکی بەکۆمەڵیش لە ئەنجامی ماندووبونانە ئەوەستێ ، زۆری ئەو جولانەوانە بڕێتیە لە ووردی‌و گوێ‌رایەڵی بو چەند (مهارەیێك) شارەزایێك کە پێیان ئەووترێ بنەرەتە سەرەتاییەکانی یاری .

بنەرەتی سەرەکی یاریەك لە یاری‌یەکان ئەستونەیەکی بەتینە کە یاری‌یەکەی لەسەر دروست ئەکرێ، وەسەرکەوتن‌و باشی یاری‌کەرو تیپەکە هەتا پلەیەکی زۆر لەسەر گوێی دیریان بۆ ئەم بنەرەتانەوەستاوە بویە پێویستە بەتەواوی گوێ بدرێتە قوناخی فێر کردنی‌و کورت‌کردنەوەی ئەو شتە گرانانە کە ئەو قۆناخەیان گران‌و ناخوش کردووە لەلای یاری‌کەر ، هەتا بتوانێ ، مەشق ئەبێ لە چوارچیوەیەکی دووبەرەکی‌و رابواردن‌دا بێ بەمەرجێ مەشقەکە هەموو لایەك بگرێتەوەو ناوە ـ ناوەش مەشقی وایان بدرێتێ کە ماندووبونی تیا نەبێ . سەرەرای ئەمەش ئەبێ دوای فێرکردنی پەروەردەییش بکەوین ، لە ئاسانەوە بۆ گران دەست پێ بکەین ، وە هەموو مەشقێك لەپاش مەشقێکی ئاسانتربێ‌و لە ئەنجامیش پەلە نەکرێ .

بنەرەتی توپانەی پێ زۆرەو هەموو جورە بۆیە نابێ بویە لە ماوەیەکی کەمدا نابێ پەلەیان لێ‌بکرێ بۆ فێربوونیان لەمەشق پێ‌کردنی یاری‌کەرەکان پێویستە لە دووبارەوە وەیا پترگوێیان بدرێتێ بو فێرکردنی هەر مەشقێك لەپێش یاری‌کردنا ، وە ئەم بنەرەتانە ئەتوانرێ لەناویاری بچوکی ئامادەکردندا دابنرێ چونکە ئەم یاریانە بەرەگەزێکی گرنگ دائەنرێن‌و بەشداری تەواو لەفێربوونی بنەرەتە سەرەکیەکان نەکەن ، بەتایبەتی ئەو یاری‌کەرانەی نازەدەستیان پێ‌کردووە ، زایان ئەکێشێ‌و گیانی شل‌و خاویان لێ دوور ئەکاتەوەو خوشی‌و جولانەوەی دووبەرەکیان دڵنێ‌لەکەل تیپەکەی دژدا، ئەمانەی خوارەوە بنەرەتە سەرەکیەکانی توپانەی پێن :ـ

۱ ـ پێشوازی توپ‌و گرتنەوەی .
۲ ـ لێدانی توپ .
۳ ـ یاری پێ‌کردنی توپەکە .
٤ ـ بەکارهێنانی سەر لەیاری پێ‌کردنی توپەکەدا .
٥ ـ هێرش بردن وەیا توپ لێ‌سانەن .
٦ ـ تەفرەدان .
۷ ـ هاویشتنی تەنیشتەکان ـ التماس ـ .
۸ ـ لێدانی توپەکە بۆ گۆڵ .

ماویەتی

سەعداوی باڵەوان

باڵەوانی جیهانی محمد أمین السعداوی لە سەردانێکدا بۆ پیشاندانی فلیمەکانی‌و پێگەهێنانی چەن کۆرێکی ئیستگەو تەلەفیزیونی گەیشتە کوێت . لەوێ هەموو رۆژنامەو



گۆڤارەکان بەخێرهاتنیان لێ‌ی کردو ملحقی رۆژنامەگەری‌ی عیراقیش لە بالۆێزخانەی کوێت‌دا لەگەڵ ملحقی جیهانی‌دا پێشوازی‌یان لێ‌ی کرد .

ماموستا عبدالرحمن المزروعی بەرێوەبەری کەشافەو لاوان بەخێرهاتنیان لێ‌ی‌کرد ، هەروەها جێ‌نشینی دەوڵەتی کوێت بەخشی‌یەکی « ۵۰ » دیناری داپێ‌ی وە « ۱۵۰ » دیناری تریشی پێشکەش کرا لەلایەن بەرنامەی « گۆشەی وەرزش »ەوە وەکو هاندانێك .

لەکەڵ ئەمانەشدا سەعداوی کرایە نوێنەری گۆڤاری «البلاغ»ی کوێتی لە عیراقدا .

سەعداوی تەمای وایە لە هاویندا بە ئیمارەتەکانی کەناری عەرەبی‌دا بگەڕێت بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە .

ئەوەی شایانی باسیش بێت سەعداوی « ۱۵۳ » سەعات بە سەر پاسکیلەوە ماوەتەوە کە تا ئیستا کەسی‌تر ئەمەی پێ‌نەکراوە .

ـ بەیانێك لە وەزارەتی‌راگەیاندن ـ موە
بۆ : خاوەن مکتبە بارزگانیەئەهلیەکان کە مجازنین ..
مەبەست : پیویستی ئیلتزام‌بە راسپاردەکانی ژمارە (۲)ی سالی ۱۹۷۰ و گۆڕانە تایبەتیەکانی ئیجازە دان بە مکتبە بارزگانیە ئەهلیەکان .

۱ ـ لەسەر خاوەن مکتبەبارزگانیە ئەهلیەکان لە (بەغدا) پێویستە سەر بەدەن لە مدیریەتی‌مکتبات لە دیوانی وەزارەتی راگەیاندن‌و ئەو شتانەیان پێ بڵێ‌کە لەخوارەوە دیاری کراون ئەویش لە رۆژی بڵاو کردنەوەی‌ئەم بەیانەوە هەتا مانگێکی تر ، بۆ ئەوەی ئیجازەی پیویست‌بەپێ‌ی راسپاردەکانی ژمارە (۲)ی ساڵی ۱۹۷۰ و گۆڕانەتایبەتیەکانی ئیجازە بەمکتبە بارزگانیە ئەهلیەکان وەربگرن، بە پیچەوانەوە ناچار ئەبین مادەی نۆی ئەو راسپاردانەجێ‌بەجێ بکەین ئەویش « سزادانی سەر پێچی کەری »ئەم راسپاردانەیە بەپێ‌ی ئەحکامی یاسای سزادانی ژمارە۲۰۶ی ساڵی ۱۹۶۸و یاساکانی تر کە کاریان پێ ئەکرێت .

۲ ـ لەسەر خاوەن مەکتبەبازرگانیە ئەهلیەکانی دەرەوەی بەغدا پێویستە سەربەدەن لەمەرکەزەکانی محافەزەکانیان یان مەرکزەکانی ئیرشاد بە هەموو‌ئەو پیویستیانەوە لە خوارەوە دیاری کراون بێ‌جگە لە تەعهدی‌پیویست کە لە مادەی پێنجی راسپاردەکانا دیاری کراوە‌ئەویش لە رۆژی بڵاو کردنەوەی ئەم بەیانەوە هەتا مانگیکی تربەپێچەوانەوە ناچار ئەبین مادەی نۆی ئەو راسپاردانەجێ‌بەجێ بکەین کە لە سەرەوە دیاری کراوە .

وەزیری راگەیاندن

پیویستیەکان :
۱ ـ داواکاریەکی رەسمی(عەریزە) .
۲ ـ شەهادەی جنسیەی‌عیراقی یان عەرەبی بەنیسبەت ئەو عەرەبانەی لە عیراق ئەژین.
۳ ـ دەفتری نفوسی یانهویەی ـ ئەحوالی مدنی ـ .
٤ ـ شەهادەی محکوم‌نەبون .
٥ ـ چوار وێنەی کارەبای .
٦ ـ پولیکی (۲۵۰) فلسی‌وپولیکی مالی (۲۰) فلسی ـ دفاع وطنی ـ
۷ ـ شەهادەی قوتابخانەی ـ ئەگەر هەبوو ـ .

بۆ ئاگاداری

لە بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرژەوەندی سینماو شانۆ وە .

لەبەر ئەوەی (تیپی بەغدای‌هونەری میللی) پیویستی بەئیش کەری ئافرەت هەیە کەلەم بەشە تایبەتیانەدا ئیش‌بکەن :

۱ ـ حەرەکاتی ئیقائی ..
۲ ـ سروود .
۳ ـ مۆسیقی .

ئەوانەی ئارەزو ئەکەن لەبەشەکانی ئەم تیپە دائیش بکەن ئەتوانن هەتا ۱۵ـ۵ـ۱۹۷۱دا واکاریان پێش‌کەش بکەن .

بەرێوەبەری گشتی

محمد سعید الصحاف

وەزارەتی کاروبـاری ژوروبەرێوەبەرایەتی ئینحصاری توتن
ـ مەلبەندی گشتی ـ

ئاگاداری ژمارە (۲۱)ی سالی ۱۹۷۱ لە بەرێوەبەرایەتی ئینحصاری توتنەوە مناقەصەی گواستنەوەی توتن

ئیدارەی ئینحصاری توتن بانگی هەموو ئەوانەی ئەیانەوی بەشداری بکەن لە موناقەصەی نەهێنی گواستنەوەی توتنەکەی لە وە بۆ ئەو شوێنانەی کە لە مادەی یەکی مەرجەکانی موناقەصە دیاری کراون .

عەطائات پێشکەش ئەکرێ لەناوزەرفێکی مۆر کراودا بۆ سکرتێری ئەنجومەنی بەرێوەبەرایەتی لە بەغدا پێش وەیا لەسەعات دوانزەی رۆژی شەموریکەوتی ۱۵ـ۵ـ۱۹۷۱ بە مەرجێك لەگەڵ عەطائاتەکان تأمینات (۱۵۰۰) هەزارو پینج سەد دینارو گەفالەی مەصرەفی‌و باوەرنامەی بەشداربوون لە غورفەی تجارە وەیا باوەرنامەی تەسجیل لەلایەن بەرێوەبەرایەتی زەریبەی دەخلی گشتی ، پێش کەش کرێ .

ئەتوانری ئاگاداری‌و مەرجەکانی موناقەصە بەدەستخرێ لەلایەن سکرتێری مەجلسی بەرێوەبەرایەتی لە مەرکەزی ئەم بەرێوەبەرایەتی‌یەوە لە مەرکەزی بەرێوەبەرایەتیەکانی ئینحصاری توتن لە سلێمانی‌و هەولێرو نەینەواو کەرکوك .

بەرێوەبەری گشتی‌و سەرۆکی مجلسی بەرێوەبەرایەتی ئینحصاری توتن
عبدالکریم توفیق

پاشماوەی : کەمبۆدیا ..

شەرەی فراوان تر کردو کەمبۆدیاشی گرتەوەو تاقمەکەی ـ لون نول ـ و ـ سیریك ماتاك ـ ی هان‌دا بۆ بەرپاکردنی هەلگەڕانەوەیەکی کۆنەپەرستانە و بەدوای ئەوەشا هیزەکانی خۆی لەگەڵ هیزەکانی حکومەتی بەکری گیراوی سایگونا نارده کەمبودیا بۆ بەربەستی کردنی ئەو توڕەیی‌و ڕاپەڕینەی دژی ئیمپریالزمی ئەمریکا لەلایەن گەلی کەمبودیا وە بەرپاکرا .

وە لەپارەوە ، دەنگی جەنگی رزگاری لەڕوخەکانی کەناری (سیامەوە) بۆ چیای «دانگریك» و بەرەو رۆخی دەریای «تونلی» هەتا « میکونگ » هیزەکانی « سلمی » ین ، پێویستە شەپۆلی گورانی کۆمەلایەتی ئێمەش بگرێتەوەو گۆڕ‌و زنجیری‌کۆنەپەرستی وردو خاش بکات ..

هاوکاری :

پەیرەو کردنی ڕێبازێکی زانستی‌یانەو نەخشەی ئاراستە کراو لە ژیاندا ، لە سەر ڕووشنایی بیری پێشکەوتن خوازی نوێ‌و یاخی بوون لە بیرو باوەری کۆنەپەرستی‌و نەمانی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن برای مرۆڤەوە ، مەرجن بۆ ڕزگاری‌و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی .. سوپاسیشتان دەکەین ، هیوادارین گشت لایەك سەرکەوتووبن بۆ خزمەت گوزاری میللەتی کوردی قارەمانان ...

ممتاز حیدری

پاشماوەی : پەخشانی ئەدەبی

نووسەری پەخشان دەست بداتە نووسین وە یا هەستی دەروونی خۆی دەربڕێ ..

ئەوانەی باسمان کرد وە زور شتی تر پاڵ بە نووسەری پەخشانە وە ئەنێت بۆ دارشتنی هەستی دەروون و سۆزی دڵ و ئەندێشەی فراوانی لە داڕێژگەیەکی (قالب) ئەدەبی نایاب و جوانا ..

پیویستە لە سەرمان هانی نوسینی پەخشانی ئەدەبی بدەین .. بە جۆرێ نووسراوی جوان و بە نرخ و نەمرمان بۆ بێتە بەرهەم ..

واتەی (دارشتن الانشاء) کە قوتابی ئەی خوێنی لە و وانە گرتنانە یە کە کۆمەکێکی زۆری پەخشان ئەکات .. وە ئەم وانە یە زور قوتابی خاوەن بەهرە و توانا دەست نیشان ئەکات ، بەڵام ئەوەی جێ‌ی داخە ئەو قوتابیانە هیچ کوێ نادەنە ئەو توانا و بەهرەیەی هەیانە لەو بارەیەوە .. یا هاندەرێکیان نیە کە پاڵیان پیوە بنێ بۆ نووسین .. ئەو جۆرە قوتابیانە کە قوتابخانەیان بەجێ هێشت و وانەی دارشتنیان بەجێ هێشت لە نووسین ئەبڕێن وە ئەو بەهرەیەی هەیانە ئەمرێ .

باشماوەی : مەتەڵی هەفتە

بە ناو بانگترین جێگای کوردستانە لە لای وڵاتانی بێگانە ، ناوەکەی لە دە (۱۰) پیت پێك هاتووە .

پیتی :

٥ + ٦ + ۱۰ + ۸ =
پێچە وانەی بچکۆلەیە .
۳ + ۲ + ۱ = بەزمانی عەرەبی‌واتەی درگا دەبەخشێت .
۸ + ٤ + ٦ + ۷ + ٤ =

ئاژەلێکی درندەیە .
ئیمپریالزم‌و حکومەتی بەکری گیراوی ـ لون نول ـ هێناوەتە لەرزین‌و هەنگاوێکی کە دوژمنانی ئادەمیزادی لە رۆخی گوڕ نزیك کردۆتەوە .
سەرکەوتنی دوایی بۆ رەشو ڕووت گەلانی چەوساوەیە .
شینخوا

پاشماوەی کتێبی هاوکاری

ئادەمیزاد نەبێت‌و .. فەلسەفە ئەبێ وا لە ژیان بکات کە لەگەڵیا بە ئاسانی بگونجێ‌ن‌و گۆڕەران بکەین ... کارل مارکس رابەری دیالیکتیکی مەتریالیزم بەپێچەوانەی هەموو فەیلەسوفەکانی پێشو دەست ئەخاتە سەر ئەرکی راستەقینەی فەلسەفە‌و بەتەواوی دەوری دیاری ئەکات . مارکس لەو بڕوایەدایە کەئەبێ فەلسەفە هەڵگری گورینی واقیعیەت بەرەو هێنانەدی ئایندەیەکی نوێ بۆ ئادەمیزاد ئەو ئادەمیزادەی بەنرختری سەرمایەیەو ئەبێ تیورو زانینی بەپراکتیکەوە ببەستڕێن : (فەیلەسوفەکان لە کۆنەوە هەر تەفسیری گەردونیان کردوە بەڵام گرنگی لەوەدایە چۆن جیهان بگۆڕین)(٤) ...

۱ ـ برتراند رسل : تأریخ الفلسفة الغربیة ج ۱ص ٤ .
۲ ـ موریس کورنفورث : البراغماتیه والفلسفة العلمیة ص ۱۱ .
۳ ـ لودفیك فتجنشتاین : رسالة منطقیة فلسفیة ص
٤ ـ اوغست کورنو : اصول الفکر الماركسي ص ۱۱۷ .

ماویەتی

حمید عزیز

پاشماوەی : بەخشانی ئەدەبی

ئەوانەی باسمان کرد وە زور شتی تر پاڵ بە نووسەری پەخشانە وە ئەنێت بۆ دارشتنی هەستی دەروون و سۆزی دڵ و ئەندێشەی فراوانی لە داڕێژگەیەکی (قالب) ئەدەبی نایاب و جوانا ..

پیویستە لە سەرمان هانی نوسینی پەخشانی ئەدەبی بدەین .. بە جۆرێ نووسراوی جوان و بە نرخ و نەمرمان بۆ بێتە بەرهەم ..

واتەی (دارشتن الانشاء) کە قوتابی ئەی خوێنی لە و وانە گرتنانە یە کە کۆمەکێکی زۆری پەخشان ئەکات .. وە ئەم وانە یە زور قوتابی خاوەن بەهرە و توانا دەست نیشان ئەکات ، بەڵام ئەوەی جێ‌ی داخە ئەو قوتابیانە هیچ کوێ نادەنە ئەو توانا و بەهرەیەی هەیانە لەو بارەیەوە .. یا هاندەرێکیان نیە کە پاڵیان پیوە بنێ بۆ نووسین .. ئەو جۆرە قوتابیانە کە قوتابخانەیان بەجێ هێشت و وانەی دارشتنیان بەجێ هێشت لە نووسین ئەبڕێن وە ئەو بەهرەیەی هەیانە ئەمرێ .

پاشماوەی : مەتەڵی هەفتە

بە ناو بانگترین جێگای کوردستانە لە لای وڵاتانی بێگانە ، ناوەکەی لە دە (۱۰) پیت پێك هاتووە .

پیتی :

٥ + ٦ + ۱۰ + ۸ =
پێچە وانەی بچکۆلەیە .
۳ + ۲ + ۱ = بەزمانی عەرەبی‌واتەی درگا دەبەخشێت .
۸ + ٤ + ٦ + ۷ + ٤ =

ئاژەلێکی درندەیە .
ئیمپریالزم‌و حکومەتی بەکری گیراوی ـ لون نول ـ هێناوەتە لەرزین‌و هەنگاوێکی کە دوژمنانی ئادەمیزادی لە رۆخی گوڕ نزیك کردۆتەوە .
سەرکەوتنی دوایی بۆ رەشو ڕووت گەلانی چەوساوەیە .
شینخوا

institut kurde de paris



دەستەیەك لە زاناکانی دانیشگای مێشیگان نهینی ئەوەیان ئاشکرا کرد ، کەواژمارەیەکی زۆری پەیکەری بچوکی زۆر بە نرخ و مجەوهەراتێکی زۆری ئیجگار گران بەهایان لە ناو ورگی مۆمیای بنەماڵەیەکی فیرعەونەکاندا دۆزیوەتەوە ، کە لە مۆزەخانەی قاهیرەدا دانرابوون .

دوکتۆر جێمس هاریس سەرۆکی ئەو تیپە زانیارییەی دەربارەی ئەم باسە وتوویەتی: لە مانگی کانوونی یەکەمی رابوردوودا لە مۆزەخانەی قاهیرە رەسمی ئەشیعە بۆ «۲۹» مۆمیای بنەماڵەی فیرعەونەکان وەرگیران ، ئەویش بۆزانینی قەوارەی ئەندامی لەش ئەو فیرعەونو شاژنانە ! بەڵام لە ئەنجامدا لە وێنەکاندا ئەو مجەوهەراتو پەیکەرانە بەدیار نەکەوتوون ... وە ئەو بیست و نۆ مۆمیایە لە تەوقی سەریانەوە هەتا کەڵەموستی پێیان وینەی بە ئەشیعە گیراوە .. ئەو گەنجە کەوتبوە ژێر چینێك مادەی لینجەوە بۆیە باحیسەکانی پێشوو بەو مجەوهەراتانەیان نەزانیبوو .

لاپەڕەیەکی سەربەست

بەرپرسیارێتی : نوری حەیران

لە وەڵامی نامەی کچێکی جوانا ووتراوە .

شیعری (هیمن)



ئەی کچی جوان ، کچی لەبار
ئەی کچی زانا و خوێندەوار
گوڵاڵەی نواڵەی(١) کوێستان
جێگای شانازی کوردستان
مایەی هیوای دوا رۆژی ڕوون
سارێژکەری زامی دەروون
شیعرت دەوێ لە منی پیر
لە منی پیری گۆشەگیر
شیعرێکی تەڕ ، شیعرێکی خۆش
شیعرێك دڵان بێنێتە جۆش
شیعرێك ئارام بکادەروون
بە بڕیین بێنێ گۆشتەزوون
ناسکتر لە هەودای(٢) خەیاڵ
شیرین تر لە بزەی منداڵ
وەکو کەشم و نەشمی بوکێ
گەشتر لە پەلکی گوڵوکێ(٣)
شیعرێك وەك خوناوەی(٤) باران
شیعرێك وەك سرتەی دڵداران
وەك ئارەقەی هەنیەی(٥) جوانان
وەك دڵەخورپەی ژوانان
شیعرێك پڕ هەستوسۆزو کوڵ
خاوێنتر لە ئاوونگی گوڵ
شیعرێك وەکو دەریای بێبن
گەرمتر لە باوەشی ژن
لە کۆڵکە زێڕینە جوانتر
لە ئاوی ڕێوان(٦) ڕەوانتر
شیعرێك وەك سێبەری بژانگ
وەکو خەرمانەی دەوری مانگ
ڕێکتر لە گەپی ڕەشبە لەك
خۆشتر لە خرمژنی(٧) کرمەك

⊙ ⊙ ⊙

شیعرێك لە سرودی شادی بێ
شیعرێك دەنگی ئازادی بێ
شیعرێك مزگێنیی نەجات بێ
شەوچەلەی کۆڕی خەبات بێ
شیعرێك وەك ئاگر بەتین بێ
شیعرێك ڕەق بێ ، ڕق بێ ، قین بێ
شیعرێك ببزوێنێ هەستان
میللەت هاندا بەرەو هەستان
شیعرێك نوستورا بەڕێنێ
لە دوژمنان بسرەوێنێ
شیعرێك زنجیران بپسێنێ
دەرکی زیندانان بشکێنێ
هەڵکەنێ سێدارەی بێداد
بڵەرزێنێ دەستی جەلاد
ڕێك گوشێ ئەوکی(٨) زۆرداران
بستێنێ مافی هەژاران
شیعرێك وەك ئاگری نەورۆز
ڕەمزی ئازادی بێ بۆهۆز
ئاڵای تۆڵە ئەستاندن بێ
هەرای دوژمن ترساندن بێ

⊙ ⊙ ⊙

بەڵام ئەی فریشتەی جوانی
ڕەنگە ئەو نوکتە نەزانی
پەڕی هەبەست ، وەك کچی جوان
بۆ پیاوی پیر نابێتە ژوان

(١) نەرمەڵانی قەدپاڵی گرد
(٢) تاڵ ، داو
(٣) چورە گوڵێکە
(٤) دەردە باران
(٥) ناوچەوان
(٦) ڕناو ، ئاوی بەفر
(٧) گرمە
(٨) گەرو



ئیستاکە جیرالدین شابڵن خەریکی وێنە گرتنی فلیمێکی تازەیە لە ئیسپانیا، ئەم فلیمەی لەتەك مومەسیلی سویدی ئۆسکار سونڈایە .. پێش ئەوەی جیرالدین دەست بکات بە ئیش کردن لەم فیلمە نوێیەیدا بۆ ماوەی دوو سال چووە مەعهەدێکی تایبەتی یەوە بۆ ئەوەی فێرێ سەمای بالێیە بێت .. بەڵام لەپاش ئەو دووساڵە بە دەمی خۆی ئەوەی ووت کە نەیتوانیوە لەو هونەرەدا سەرکەوێ چونکە ئەو هونەرە لەپسپوری ئەم نییە !!

لە گەڵ ئەوەدا کە جیرالدین ناوبانگی بە هۆی باوکییەوە (بلیمەتی کومیدی شارلی شابلن) هەو دەست کەوتووە بەڵام ئەڵێت : من خوا بوو تەمسیل کردن دروستی کردووم

وە لەگەڵ ئەوەشدا جیرالدین زۆر بەختیارە بەم ڕێبازەی بۆ خۆی هەڵیژاردووە ، کە بە ئارەق ڕشتنو هەوڵدانێکی زۆر تۆنیوێتی جێگاپێی خۆی لەو مەیدانەدا بکاتەوە یەکەم فلیمی ئەم شۆخەکچە «لەبەیانی یەکی خۆشی هاوین » لە فەرەنسا وینەکانی گیراوە ، وە بە هۆی فیلمی « دکتۆر ژیفاکۆ » و « راسپوتینم کوشت » وە ناوبانگی بەتەواوی دەرچوو ..

ڕەنەڵەی هەفتە

سەرنج : تکایە لەسەر زەرفەکان بنوسن مەتەڵی هەفتە .

مەتەڵی هەفتەی ژمارە «١٦»ی هاوکاری ناوی شۆڕشگێری قارەمان « گیڤارە » بوو .

ئەو خوێنەرە بەڕێزانەی وەرامەکانیان بەراستی نارد بوو لە سلیمانییەوە : ئازاد جعفر، محمد سید عبدالله ، توانا جلال توفیق ، سعید هەورامی ، احمد رضا أمین ، منیرة محمد سلطه، اکرم علی محیی الدین ، بەختیار کریم ، سیوەیل محمود ، نەزاکەت شێخ حسن ، شیروان مصطفی حەیران ، زەردەشت محمد حەیران ، صلاح عبدالقادر رشید ، جمال محمد امین‌سراج . وە لە کرکوك : عادل محمد زەنگنە ، ابراهیم جلال طه ، عبدالمجید یاسین ، جلیل صالح خلیفه ، صباح قطب ، شیرین نصرالدین ، تارا سعید . وە لە هەولێرەوە : صبحی احمد ، کوردۆ عبدالله گەردی ، شێرزاد محمد أمین ، کریم احمد ، عبدالمجید جەباری ، مصطفی سید حسین ، هەڵوی جەنگ ، حسن عبدالکریم ، شورش سید مجید ، محمد عبدالله گەردی ، هاوار کاوانی ..

وە لە ئەنجامی خۆبەختدا پاداشی یەکەم بۆ خوشکە شیرین نصرالدین دەرچوو وە پاداشی دووەم بۆ صباح قطب .

پر بە دڵ پیرۆزبایان لێ ئەکەین .

مەتەڵی ئەم هەفتەیەمان هەرە بڕوانە : ل ٧

ئەم گوڵە سپیدەیە

ئیستعماری چەپەڵ ، کاتێ خەنجەری دابەشی لە ناو جەرگی کوردستان دا لە هەمان کاتدا وە بگرە زۆر لە وەو پێشی نەخشەی ئەوەی کێشابوو میللەتەکەشمان وا لێ بکات کە باوەر بەوەبکات کە گەلەکانی دراوسێ دوژمنین !!

کوردیش هەر بزوتنەوەو شۆڕشێکی بەرپا کردبێت ئستیعماری ڕەزا قورس لەپێش هەموو کەسێکەوە خۆی کوتاوە بۆ دا مرکاندنەوەی ئەو ڕاپەڕینانەو ، کە وتوێژ هەراو هاوار کردنو بانگدان بە گوێی ئەو میللەتانەدا ، کە میللەتی کورد میللەتێکی شەڕانیە، میللەتێکی دوژمن بە شاستانییە لەگەڵ هەزارەها بالوڕەی لەم وێنەیە .

بەڵام ئیستیعمار تەنیا تاقە ئەو شتەی لە بیر چووە کە نەك میللەتی کورد دوژمن بەگەلان نییە ! بەڵکو گەلان دۆستی یەکن ، ئەوەی هەموو گەلێك دوژمنێتی ، ئەو ڕژیمە دارزاوە خۆ سەپێنانەیە کە ئیستعماری پیریی نەخۆش دایان دەنێت بۆ پارێزگاری بەرژەوەندێکانی لەو ناوچانەدا .. میللەتان هەستێکی (موشتەرەك) بەیەکیانەوە دەبەستێت کە ئەویش هەستی مرۆڤایەتییە .. ئەو هەستەی کە کوردێك بەزەیی دێتەوە بە عەرەبێکدا ، وەك عەرەبێك بەزەیی دێتەوە بە تورکێکدا، جوتیارێکی کورد ، هەرگیز ناکۆك نییە لەگەڵ جوتیارێکی پارسدا ، بەڵام هەر دووژمن بە چەوساندنەوەو کوێلەیەتین میللەتی کورد شنەڕانی .. بەڵکو میللەتێکی ماف خوراوە ، میللەتێکی بریندارو دابەشە ، بۆیە دژی دابەشکەرانی هەتاکو دوا کورد لە شورشدایە گەلی کورد هەمیشە بەدڵو یارمەتی بەقەدر توانای خۆی بەشداری شۆڕشی گەلانی کردوو ، نزیك ترین وێنەئەوەیە کە لە خاکی فەلەستینیدا خوێنی کورد ژەڕژا بەسەر خۆینی عەرەبدا لەپێناوی سەندنەوەی مافی خوراوی گەلی فەلەستینیدا . جا بۆ ئەوانە بالوڕەی ئەوە لێ دەدەن کە کورد شەڕانییە !! ئەو بالوڕانە کار ناکات لە گەلانی سەدەی بیستەم ..

نوری حەیران

ئافرەتو هونەر

لە ڕۆژی دوو هەمی مانگی تشرینی یەکەمی رابوردۆوە هەتا ڕۆژی هەژدەی ئەو مانگە ، لە فەرەنسا لە شاری نیس لە کۆشکی پێشەنگادا ، پێشانگایەك بۆنیشان دانی نیگارو ئیشی دەستو ئەوە پەیکەرانەی کە ئافرەتان دروستیان کردوون ، لە چوار چێوەی ئەو پێشەنگا دەولەیەدا کە دەگێڕێت بەنیازی گەیشتنە ئەوەی کە بزانرێت ڕادەی توانای هونەری ئافرەتان گەیشتۆتە چەندە ؟

ئەو پێشانگایە بەرهەمی هونەری ئافرەتانی گشت جیهان کۆ دەکاتەوە بەبێ جیاوازی وە لە پاشماندا چاکترین بەرهەم هەڵدەبژێردرێتو خەڵاتێکی گەورەی ئەو هونەر مەندە دەکرێت .

لێرەنەی هەڵبژاردنی چاکترین کاری هونەری بڕێتی بووە لە دەستەیەك لە ڕۆژنامەنووسە دەولێکان بە سەرۆکایەتی صۆنیا دۆلۆنی ..

ئەمیرو چەتەکانی هیند

پۆلیسی شاری لەندەن ، هەر چاوێکیان کردووە بە سەد چاو بەدەوری ئەو قوتابخانە ئۆرستۆقراتیەدا کە (ئەلیفیکۆنت لیفلی)ی کوری ئەمیرە مارگرێت تیایدا دەخوێنێت .. ئەویش بە هۆی ئەو هەرەشەیەوە کە لە خێزانی شاهی بەریتانیا کراوە بەفراندنی « لیفلی » ئەگەر بێتو ئەم خێزانە فەرمانی بەرەڵا کردنی دوان لە تاوان کارە بەناوبانگە کانی بەریتانیا دەرنەکات .. ئەوەی شایانی باسە ئەو دوانە لە شەڕێکدا کە دەستەکانی هییز لە ناو خۆیاندا کردوویانە ، کوشتنی دوو کەسیان بە سەردا هێناون ، جا ئیستا ئەو دوانە لە ژێر چاودێری یەکی ئیجگار تونددان بە هۆی ئەو هەرەشە

ئابوونەی بەشداربوون لەهاوکاری دا

لە بەغدا : دوو دینار
لە دەرەوەی بەغدا : دوو دینارو نیو
لە دەرەوەی دوڵەت : سێ دینار

هەموو چەك و پارەیەك بە ناوی :
« سەربەست بامەرفی » یەوە ئەنێرێت

چیرۆکێکی سەدان

وەرگێڕ : برایم حاجۆن

کچێکی ژیر لە چیرۆکە میللیەکانی مۆنداقیا :

پاشای شاری ڕەش لە وڵاتی زویریدا ، پاش هەزاران تکاو سکاڵا ، خوای مەزن تاقە کوڕێکی پێ بەخشی .. کورە شایانە پەروەردە کرا تا هاتە هەژدەی ژن هێنان ، هەر چەندە لاوێکی ڕێکو پێك بوو بەڵام هیچ نەاژنو بیر دووا کەوتوو بوو ، باوکی ویستی ژنێ بۆ بێنێ وەبەناو خەڵکا بڵاوی کردەوە کە ئەبێ کچەکە لە جوانی و ژیری و زیرکیا تاك بێ ..

پاش چەند ڕۆژێ خەبەردرایە شا کە لەو دیوی شارەکەیان خێزانێکی هەژارهەیەو کچەکەیان هەموو مەرجێکی تێدایە . شای مەزن ناردی بەشوێن کچەکەدا .. پەیامنێری شا ڕۆی کردە ماڵی کچەکەو ئەم ئارزوی شای پێ ڕاگەیاندو داوای لێ کرد کە ئەبێ بەم شێوەیەی خوارەوە بچێتە خزمەتی شا :

ـ (نە ڕووت بێو نە بێ جل، نە بەسواری و نە بە پا ، نە لەسەر زەوی بێو نە لە ئاسمان نە بەدیاری و نە دەست بەتاڵ) .. کابرای پەیامنێر واقی وڕما کە کچە ووتی :

ـ فەرموودەی شا بەسەرهەزاران چاوو ، بەم زووانە بەخزمەتی ئەگەم !!

شای گەورە کە ئەمەی زانی سەری سوورماو دەستی کرد بە ڕازاندنەوەی شار بۆ پێشوازی کردنی کچە ژیرەکە. کچەکەش کراسێکی کون کونی لەبەر کرد ، بۆ ئەوەی نە ڕووت بێو نە بەجل و بەر گەورماو دەستی کرد بە ڕۆیشتن ، کەنزیکی پاشا بوو کۆترەکەی دایێ ، بەڵام کۆترەکە فڕیی پێنەش ئەوەی شا بتوانێ بیگرێت ، شای گەورە زانی کچە ژیرەکە توانی مەرجەکانی بەجێ بێنێ ، ئیتر داوای لێ کردببێتە ژنی کورەکەی ، بەڵام کچەکە چونکە ئەیزانی کوڕی پاشا نەژیرەو نەزیرەکە ، زۆری پێ ناخۆش بوو مێردی پێ بکا ، جگە لەوەی دەستگیرانێکی جوتیاری هەبوو کە لەدێیەکەیان ، بە ژیرترینو زیرەکترین کەس ئەژمێررا ، هەرچی چۆنێك بێ .. شای گەورە ووتی دووا مەرجم هەیە کە تۆبببی بەژنی کورەکەم ئەویش ئەوەیە کە لەم سێ بەکرەیە جلو بەرگی هەموو خەڵکی ووڵاتەکەم دروست بکەی ، کچە ژیرەکە ئەمەی بە دەرفەتێ زانی خۆی ڕزگارکات بگەڕێتەوە دێیە خوشەویستەکەی خۆی ووتی :

ـ پاشام گەورەم زۆر ئاسانە ، بەڵام جورە دەرزیو پێ ویستیەکانی تری درووێنم پێ ویستە ، ئەگەر کورەکەت بۆی هێنام ، منیش ئەو جلو بەرگە دروست ئەکەمو مێردی پێ ئەکەم .

بەڵام کوری شا ئەم کارەمەحاڵەی پێ نەکرا ، کچە ژیرەکەش ڕزگار بوو ، گەڕایەوە دێیە جوانەکەیو مێردی بە خوشەویستەکەی کرد کە جوتیارێکی ژیرو زیرەك بوو .

١٢ ملیۆن کتێب

یەکی لە کتێبخانە دەوڵەمەندەکانی جیهان ، کتێبخانەی ئەکادیمی زانستیی سۆڤیاتی یە کە ژمارەی ئەوکتێبانەی لەو کتێبخانەیەدایە لەگەڵ هەموو لقەکانیدا لە ١٢ ملیون کتێب تێپەڕیوە ، زاناکانی وڵاتی سۆڤیاتی بایەخێکی زۆریان داوە بەو کتێبخانەیە لەگەڵ ئەمانیشدا زانایانی زۆر لە وڵاتانی تریش ڕووی پێستو یستیان دەکەنە ئەو کتێبخانەیە .. تەواوترین کۆمەڵ چاپەمەنی کە مێژووی چاپیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدە هەم لەو کتێبخانەیەدایە ، لەگەڵ زۆر دەستنووس و خەریتەی هەمە چەشنەدا ، لەگەڵ هەزاران کتێبی وادا کە بە دەگمەن دەست دەیەوێت ..

ئەو کتێبخانەیە ساڵی ١٠ هەزار چاپکراوی تەنیا لە وڵاتە بێگانەکانەوە بۆ دەچێت .

کەم بوونەوەی ڕاوە ماسی لە جیهاندا

لە ساڵی ١٩٦٩دا ڕاوە ماسی بە نیسبەتی لە سەدا دوو لە چاو جارانیدا هاتبوە خوارەوە ، ئەمەش یەکەم هاتنە خوارەوەی نیسبەتی ڕاوە ماسییە کە ڕوویداوە لە دوای شەڕی جیهانی دووەمەوە ، پێشەسازی ڕاوەماسی لە ماوەی دوای شەڕدا بەرادەیەکی وا بەرزبۆوە کە ئەگەیشتە سێ ئەوەندەی ساڵانی ١٩٤٥ .

لەو سەر ژمێرەدا کە مونەزەمەی خواردەمەنیو کشت وکاڵی وڵاتان بڵاوی کردبۆوە ، ئەو ماسیانەی لە دەریاکانو زیارەکاندا لە ساڵی ١٩٦٩ دا ڕاوکرابوون دایناوە بە قورساییەکی ٦٤ر٣٠٠ر٠٠٠ تەنی مەتری ، بەرامبەر ئەو ژمارە ئەندازەییەی کە لە ساڵی ١٩٦٨دا ڕاوکرابوو کە ئەویش دەگاتە ٦٣ر١٠٠٠ر٠٠٠ تەن .



وێنەیەك لە کوردستان ـ قەڵای هەولێر

Institut Kurde de Paris